گۆڤارێکی سەربەخۆی تایبەتە بە بواری ئایتی

سەرچاوەی فێرکاری کوردی

ژمارە «1» - زستانی 2013

l4kurd

خێراترین ئینتەرنێت لە جیهاندا لای کێیە؟

دینگڵ چییەو چۆن کاردەکات؟

چۆنێتی دروستکردنی تۆڕێکی وای فای

سۆفتوێرەکان چەند جۆرن‌و

چۆن بۆ هەمیشەیی چالاك دەکرێن؟

چۆن هاردوێری کۆمپیوتەرەکەت دەپارێزیت؟

سەرچاوەی فێرکاری کوردی



گۆڤارێکی سەربەخۆی تایبەتە بە بواری ئایتی

Www.l4kurd.com

سەرنووسەر
هۆشمەند صالح
07701598355

دیزاین
قەیدار ڕەحیم

بابەت	لاپەڕە
زمان و ڕێنووسی کوردی ئەلیکترۆنی	(٤)
سۆفتویرەکان چەند جۆرن و چۆن	(٦)
مەبەست لە پاشگرەکانی فایل چییە؟	(٨)
چۆنیەتی دروستکردنی فۆڵدەر لە	(١٠)
چۆنیەتی زیادکردن و سرینەوەی یەکە لە	(١٣)
داتا کۆمپرێسین لەسەر چ بنەمایەك کار دەکات؟	(١٥)
چۆنێتی گەڕان بەدوای چالاککاری بەرنامەکان لە	(١٦)
چۆنێتی دروستکردنی تۆڕێکی وای فای	(١٨)
جۆرەکانی پەیوەست بوون کامانەن کە	(٢١)
دینگڵ چییەو چۆن کاردەکات؟	(٢٢)
پێکەوەبەستنی بێوایەر چییەو	(٢٥)
چۆنێتی بەکارهێنانی بەرنامەی iTools	(٢٧)
سیستەمەکانی مۆبایل چینو چۆن کاردەکەن؟	(٢٩)
سەرەتایەك دەربارەی کۆمپیوتەرو پێکهاتەکانی	(٣١)
چۆن هاردوێری کۆمپیوتەرەکەت دەپارێزیت؟	(٣٣)
چۆنیەتیی شەحن کردنەوەی پاتری لاپتۆپەکەتو	(٣٦)
فێرکاری دروستکردنی ماڵپەڕ بەزمانی ASP.NET	(٣٧)
فێرکاری دۆس	(٤٠)
چۆنیەتی لەکارخستنی تایبەتمەندی Run as	(٤٣)
جۆری ڤایرۆسەکان چینو کاریگەریان چییە؟	(٤٤)
دیواری ئاگرین چیە؟ بۆچی بەکاردێت؟	(٤٧)
یاری Project IGI 2 Covert Strike	(٤٨)

بەتواناترین دیزاینەر لە بەرنامەی فۆتۆشۆپ

Bert Monroy دیزاینەرێکی ئەمریکیە لەشاری نیۆرك لە دایك بوە و گەورە بووە بەڵام ئێستا لە کالیفۆڕنیا نیشتەجێ یە ، ئەم دیزاینەرە کارەکانی ئەوەندە جێگای سەرنج و تێرامانن کە کەسێك نیە دان بە بەهرەی ئەم پیاوەدا نەنێت ، مۆنرۆی لەکارکردن لەسەر هەردوو بەرنامەی ئەدۆپ فۆتۆشۆپ و ئینستراتۆر کەسێکی پشوو درێژەوە کارەکانی بەم دوو بەرنامەیە لە وێنەی ڕاستی نزیك دەبێتەوە ، ئەم دیزاینەرە تا ئێستا خاوەنی چەندین پەرتوکە لەسەر بواری دیزاین و بە تایبەتی فۆتۆشۆپ و وانەبێژێکی بڕواپێکراوە لە لایەن کۆمپانیای ئەدۆبەوە لە ئێستادا وانە دەڵێتەوە لە زانکۆی سانفرانسیسکۆ ، ئەگەر یەکێك لە کارە هەرە سەرنج ڕاکێشەکانی بەنمونە وەربگرین و باسی بکەین ئەم وێنەیی خوارەوەیە کە لە پێش چاوتاندایە ناوبانگێکی جیهانی پێ پەیداکرادوە کە وێنەی وێزگەیەکی شەمەندەفەرە و کارەکەی بە فۆتۆشۆپ و ئینستراتۆر کردوەو بە پانی۱۲۰ و بەرزی ٤٠ ئینچ بەهیچ جۆرێك وێنەی دەرەکی تێدا بەکارنەهێناوە ، وەك خۆی باسی کردوە ماوەی کارەکەی ۱۱ مانگ بووە ، پێك هاتەکەی بەم جۆرەیە:

ئەم وێنەیە ۱٥،٠٠٠ لایەری تێدا بەکارهێناوە
قەبارەی هەموو لایەرەکان ١،٧ گێگابایتە
زیاتر لە ٢٥٠٠٠٠ شێوەی بەکارهێناوە
زیاتر لە ٥٠٠ جۆر ڕەنگ یان (ئیفێکت) ی بەکارهێناوە



دەتوانیت لێرەوە سەرجەم کارەکانی ئەم دیزاینەرە ببینیت: http://www.bertmonroy.com



ئەو وێنەیەی کە زیاد لە ملیارێك مرۆڤ بینیویەتی

کاتیك ویندۆزی (XP) بۆ یەکەم جار پاش فۆرماتکردن بەکار دەهێنین وێنەی دیسکتۆپ پێك هاتووە لە ناوچەیەکی سەوزو ئاسمانێکی شین کە کەمێك هەوری سپی تێدایە ، دەبێت ڕۆژێك بیرت لەوە کردبێتەوە کە ئەم وێنەیە کوێیە؟ ئایا ڕاستیە یان دروستکراو ،لە ڕاستیدا ئەم وێنەیە لە لایەن فۆتۆگرافەرێکی ئەمریکی وە بەناوی (Charles O›Rear) لەسالی (١٩٩٦) داو پێنج ساڵ پێش دەرچونی ویندۆزی (XP) گیراوە ، ئەم فۆتۆگرافەرە کاتێك بە ڕێگاوە بووە بۆلای هاوڕێ یەکی لە ڕێگای نێوان (Sonoma) و (California) ڕاوەستاوەو چەند وێنەیەکی ئەو ناوچەیەی گرتوە ، کە ئێستا یەکێك لەو وێنانە بوە بە دووەم وێنەی ویندۆزی (XP) .

وە ئەم وینەیەی ناو ناوە (bliss) کە بەکوردی بەمانای ئاسودەیی دێت . لەوسالانەی کە مایکرۆسۆفت سەرقاڵی ئامادەکاری بووە بۆ بلاوکردنەوەی ویندۆزی (XP) ئەم وێنەیەی لەم فۆتۆگرافەرە کڕیوەو مافی بلاو کردنەوەی کەوتوەتە دەست مایکرۆسۆفت .



خێراترین ئینتەرنێت لە جیهاندا لای کێیە؟

ئێستا لای خۆمان ئەگەر باسی خێرایی ئینتەرنێت بکەین دەکەوینە بیری کیلۆبایت زۆرترین ڕیژە لەم بارەدا کەمترین جار گویمان لێبێت مێگابایتە بەلام ئایا بیرت کردوەتەوە ئەگەر گیگا بێت چی دەبێت ؟ بەلێ ئەو ئینتەرنێتەی کە ئێستا باسی دەکەم کە خاوەنەکەی ژنێکی پیری سەرو ٧٥ ساڵەیە کە لە شاری (کارلستاد) لە سوێد نیشتەجێیە کە خێرایی هێڵەکەی دەگاتە چل گێگابایت لەیەك چرکەدا ئەوەش هێڵێکی دەگمەنەو تاکە کەسە لەجیهاندا ئەو خێراییە زۆرەی هەبێت ، ئەم هێڵە ئینتەرنێتە کوڕەکەی کە شارەزایەکی بواری هێڵەکانەو لەڕێگای کۆمپانیایەکی ئەمریکیەوە ئەم خزمەتگوزاریەیی بۆ دایکی دابین کردوە، ئەگەر چی ئەم هێڵە ئەوەندە خێرایە دەتوانرێت لەڕێگەیەوە بە دوو چرکە هەرفلیمێکی کوالیتی بەرزت بوێت داونلۆدی بکەیت بەلام بەکارهێنەری ئەم هێڵە کە پیرەژنێکە جگە لە کردنەوەی چەند پەڕەیەکی هەواڵی هیچ کارێکی تری پێناکات .

نووسینی: هۆشمەندصالح

زمان و ڕێنووسی کوردی ئەلیکترۆنی

پوختەیەکی مێژویی لەسەر فۆنتی کوردی : ئەگەر ئێمە بەسەرنج دان لە مێژووی نوسین لە کوردستاندا بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی تایپ و بابەتەکانی نوسین دەبێت ئەو پرسیارەمان لا دروست بێت ئایا زمانی ئێمە لە ڕوی نوسینەوە لە چ نەتەوەیەکەوە نزیکە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوونەو لە پۆلی ئەو زمانانەیە کە لە ڕاست بۆچەپ دەنوسرێت واتە لە ڕینوسی عەرەبی و فارسی هەوەها ئوردی کە زمانی هاوبەشی نێوان (ئەفغانستان و هیندستان و پاکستانە) نزیکە ، هاوکات بنیاتنەری زۆرترین ڕێژەی فۆنت لە ئێستادا وڵاتی ئێرانە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە سیستەمی خوێندنی ئەو وڵاتەدا وانەیەکی تایبەت بەو بوارە هەیە بەڵام ئەوانیش سەرەتای وشەکانیان لە ڕێنوسی عەرەبیەوە وەرگرتوە کە ئەمەش ئێمەی وەك کورد لەنێوان ئەم دوو شێوازە نوسینەدا بۆ ماوەیەکی زۆر هێشتبوەوە کە دەبوو یان پشت بەفۆنتی عەرەبی ببەستین یان فارسی کە ئەمەش سەرەتای نوسینەکانی کورد مەبەستم لە کتێب و دەستنووسە کۆنەکانە ئەم گۆڕانکاری و جیاوازیە دەبینین هەتا کار گەیشتوەتە ئێستاش دیوان و کتێبە چاپکراوەکان لە ئێران شێوەیەکەو لە کوردستانی عێراقیش شێوەیەك .

ئەم جیاوازیە بۆ هەیە؟

چونکە لە ئێران پشت بە فۆنتێك دەبەسرێت کە ناوی (نستعلیق) ە کە پێشتریش لەژێر چەندین ناودا ئەم فۆنتە پەرش و بڵاوبوو بوو بەڵام لە ئێستادا بە شێوازی یونی کۆد داڕێژراوە ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەموو شێوازە فۆنتەکانی تێدا کۆکراوەتەوە کە هەندێك ووشە کوردیەکان و تەواویی ووشە عەرەبیەکانی تێدایە بەڵام بەداخەوە دیسان وشە کوردیەکانی بەشێوازێکی هەڵەو بێ ڕەچاوکردنی چۆنیەتی وەستاندنی هێماکان لەسەر پیتە کوردیەکان شیوازێکی نازانستی دەبەخشێت بەم جۆرە فۆنتە ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی هەر کتێبێك لە ئێراندا بنووسرێتەوە نمونەی وەك دیوانی شاعیرانی گەورەی کورد (نالی و مەحوی‌و وەفایی ... تاد) ئەم کارەساتە بەدی دەکەین .

بەڵام لە عێراقدا لەسەر دەمی دروستبونی کۆڕی زانیاری کوردا لە بەغداد هەوڵێك درا بۆ ئەوەی وشەی کوردی لەو تەنگەژەیە دەربهێنن دیسان زۆر بە داخەوە بریا ئەو کارەیان نەکردایە چونکە وشە کوردیەکان بە (فەتحەو کەسرە) داڕێژابونەوە ئەمەش کارەساتێکی گەورەتری لەوەی ئێران هێنایە کایەوە بەڵام هەر زوو ئەم جۆرە نوسینەش نەبوە نوسینێکی باو .

تێبینی/ بۆ بینینی ئەم نمونانە دەتوانن بڕوانە هەردوو دیوانی شاعیرانی گەورەی کورد (نالی و مەحوی) لەگەڵ ئەو کتێبانەی سەردەم کۆڕی زانیاری کورد کە چاپیان کردوە لەساڵانی حەفتاکاندا.

بەڵام ئێستاو پاش ئاشنا بوونی گەلی کورد بە کۆمپیوتەرو دروست بوونی چاپەمەنی کەمێك فۆنت گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چاپکردنی بەلێشاوی کتێب . ناوەڕۆکی باسەکەم ئەوەیە کە تەواوی ئەو کتێبانەی ئێستا دەنوسرێن واتە تەواوی چاپەمەنی کوردی لە ئێستادا پشت بە تەنها ژمارەیەکی کەم لە فۆنت دەبەستێت کە ناودارترینیان فۆنتەکانی عەلیە ئەم فۆنتانە بە سیستەمی سمبول (هێمایی) دروست کراوەو یونی کۆد نیە لەسەر هەمان کیبوردی عەرەبی بێ کێشە کار دەکات بەڵام لە جێگای هەر پیتێکی عەرەبی کە لە کوردیدا نیە پیتێکی کوردی دانراوە کە بەپێ ی کات دەتوانیت زاڵ ببیت بەسەر نوسین بە فۆنتی کوردی لەم جۆرەدا ، ئەمەش زۆربەی چاپخانەو دەزگاکانی بواری ڕاگەیاندنی هەراسان کردوەو لە ئێستادا ئەم جۆرە فۆنتە لەگەڵ زۆربەی بەرنامەکانی کۆمپیوتەردا ناگونجێن و پشتگیری ئەم فۆنتانە ناکەن چونکە لەسەر بنەمایی یونی کۆد بەرنامەکان مامەڵە لەگەڵ فۆنتدا دەکات بۆیە ناچار بۆ گۆڕینی فۆنتەکان بۆ یونی کۆد کەسیستەمێکی جیهانی تازەیە پێویستیان بە وەرگێڕێکە کە چەند سایت و بەرنامەیەکی سادە ئەم کارەیان لەدەست دێت ناچار پشت بەو هۆکارانە دەبەستن .

دیارە فۆنتەکانی عەلی ئەوەندی من بزانم ساڵی ١٩٩٧ دروست کراوەو لە عەرەبیەوە وەرگێڕاوە لە هەمان کاتتدا فۆنتە عەرەبیەکەشی لەگەڵدایە واتە تۆ ئەگەر دارشتنێك بنوسیت بە فۆنتێك لەم فۆنتانە بەڵام چەند دێڕێکی عەرەبی تێدا بێت ئەوە دەبێت جۆری فۆنتەکە بگۆڕیت لە عەلی کەیەوە بۆ عەلی ئەی ئەگەرنا ناکرێت تۆ بەیەك فۆنت بە عەرەبی و بە کوردیش بنوسیت یان دەبێت هەردوو فۆنتەکەت لابێت ، ئا لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە فۆنتی یونی کۆد چەندە بە بایەخە چونکە لە یەك کاتتدا دەتوانیت بە هەردوو شێوازەکە بنوسیت . ئەگەر سەرنج لە کەناڵی العربیە بدەین دەبینین فۆنتی تایبەت بە خۆی هەیە چ وەك لۆگۆی کەناڵەکە چ وەك ئەو شریتە هەواڵیەیی کە لەبەشی خوارەوەی شاشەکەدا دەر دەکەوێت بێگومان لای خۆشمان ئەم تولە هەواڵیە چەند ساڵێکە هەیە ، یاخود کەناڵی الجزیرە بەهەمان شێوە یان ڕاگەیاندنی کەناڵی سی ئێن ئێن ئەوەش دەبینین فۆنتی تایبەت بە خۆی هەیە یان جەریدەی الشرق الاوسط و کۆمپانیای گەیاندنی مۆبایلی زین . واتە هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن نیە فۆنتی تایبەت بەخۆی نەبێت بەڵام بەڕاستی من پێم سەیرە تائێستا ڕاگەیاندنی ئێمە دەرکی بەو حاڵەتە نەکردوە ئیدی نازانم بێ توانایی دیزاین کاران بووە یان نەزانین ، کە لایەنی کەم یەك فۆنتی تایبەت بۆ خۆیان دروست نەکردوە .

بەڕاستی یەکێك لە ناسنامەکانی نەتەوەی زمانە هاوکات ڕێنوسەکەیەتی زۆر جار ئێمە ئەم لایەنانە کەم تا زۆر دەخەینە بەرباس تالایەنی پەیوەست کە هەر تاکێکی کۆمەلگایە ئەم ئەرکە بخاتە سەرشانی و ئێمەش لایەنی کەم بتوانین ڕێژەیەکی گونجاو لە فۆنتی خۆماڵی بەرهەم بهێنین ناکریت ئێمە بەردەوام چاوەڕێ ی فۆنتێکی فارسی یان عەرەبی بین تابیکەینە کوردی و ئومێد دەکەم فۆنتێکی ستاندارد و کیبۆردێکی ستاندارد بەرهەم بهێنین چونکە بەڕاستی ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتەوە پشت بە خۆمان ببەستین لەم بوارەدا.

بەم نزیکانە چاوەڕوانی زۆرترین ڕێژەی فۆنتی کوردی بن بە سیستەمی یۆنیکۆد لە ماڵپەڕی (L4KurD) وە



نووسینی: هۆشمەندصالح

سۆفتویرەکان چەند جۆرن و

چۆن بۆ هەمیشەیی چالاك دەكرێن؟

جیهانی سۆفتوێر ئێستا ئەو قۆناغەی بڕیوە کە تاکە کەسێك بتوانێت ناوی هەموو ئەو بەرنامانە بزانێت کە ڕۆژانە بەرهەم دەهێنرێت بە هەر سێ جۆری (Freeware & shareware & Open Source) بێگومان تواناو تایبەتمەندی هەربەرنامەیەك لەبەرنامەیەکی تر جیاوازەو هەندێکیشیان دەتوانن چەند فرمانێکی جیاواز بە جێ بگەیەنن ، ئەمەش پێداویستی ئێمەی جۆراو جۆر کردوە بۆ کارو بارەکانی ڕوژانەمان زۆربەمان پێویستمان بە بەرنامەیەك زیاترە . بەرنامەکانی کۆمپیوتەر وەك پێشتر ئاماژەم پێداوە سێ جۆرن کە هەر یەکەیان خاوەندارێتیان جیایەو مەرج و ڕاسپاردەی خۆیان هەیە بۆ بەکارهێنان .

جۆری یەکەم: ناودەبرێت بە (Freeware) کە پێویست ناکات هیچ بڕە پارەیەك لە بەرانبەر بەکارهێنانیدا بدەیت و دەتوانیت ئازادانە کاری لەسەر بکەیت ، ناتوانیت بە پێ ی ویستی خۆت فرمانەکانی بگۆڕیت واتە ئازادی تەواوت نیە لە گۆڕانکاری کردن تیایدا ، وە ئەم جۆرە لە بەرنامە لەوانەیە ماوەکەی دیاریکرابێت بۆ کارپێکرن و دوای ئەو ماوەیە لەکاربکەوێت بەڵام بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەتوانرێت بێ بەرانبەر بڵاوبکرێتەوە .

جۆری دووەم: ناودەبرێت بە (shareware) کە لایەنی بەرهەم هێنەر ئازادیت دەداتێ لە بەکارهێنانیدا بەمەبەستێکی دیاریکراوە بەڵام بە هیچ جۆرێك ڕێگات پینادرێت گۆڕانکاری لە فرمان و سەرچاوەکەیدا بکەیت واتە تۆ دەبێت تەنها بۆ ئەو مەبەستە بەکاری بهێنیت کە بۆی دروستکراوە لە بنەڕەتدا ، بەڵام دەکرێت بۆ ماوەیەك وەك تاقیکردنەوە بەکاریبهێنیت تا ئەو کاتەی بەرهەم هێنەری ئەو بەرنامەیە کاتێك دیاریدەکات بۆ لەکارکەوتنی دواتر دەبێت بیکڕیت واتە بە پارەیە.

جۆری سێیەم: کە ناودەبرێت بە (Open Source) بێ بەرانبەرەو هەموو بەکارهێنەرێك دەتوانێت بە ویستی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکات چ وەك بەکارهێنان چ وەك گۆڕانکاری لەسەرچاوەکەیدا هیچ مافێکی لەسەر نیەو خۆت دەتوانیت و برەوی پێبدەیت و دەبێت بە موڵکی تۆ.

سۆفتوێرەکان بەگشتی بە سێ ڕێگا دەتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت:

یەکەم: یان دەبێت ڕاستەوخۆ ئەو بەرهەمە لەکۆمپانیای بەرهەم هێنەر بکڕیت و دواتر تەنها خۆت دایبەزێنیت و سودی لێوەربگریت ناکرێت پاش خۆت بیبەخشیت بە هیچ کەسێك چونکە ئەوە تەنها مافی یەك کەسە ئەو بەرهەمە بەکاربهێنێت بەڵام بە پێ ی داواکاری دەتوانرێت یەك بەرهەم بۆ چەند کەسێك بکڕرێت بەڵام بە پێ ئەوە ژمارەیەی کە داوای دەکەن نرخەکەی دەگۆڕێت .

دووەم: یان دەبێت لە ڕیگای ئینتەرنێتەوە ئۆن لاین ئەو بەرنامە بەکاربهێنیت ، ئەم ڕێگایە هێشتا زۆر بڵاو نیەو لەو وڵاتانەی کە هێڵی ئینتەرنێت خاوە بەهیچ جۆرێك ناتوانرێت سود لەم ڕێگایە وەربگیرێت بۆ بەکارهێنانی بەرنامەکە .

سێیەم: یان دەبێت ئەو بەرنامەیە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ماڵپەڕی سەرەکی یان هەر ماڵپەڕێکی ڕێگە پێدرەوادا دابەزێنیت و بۆ ماوەیەکی کاتی دەتوانیت سوود لە کردارەکانی وەربگریت ، هەندێك جاریش لەم ماوە کاتیەدا ناتوانیت سود لە هەموو تایبەتمەندیەکانی وەربگریت بەڵام بەگشتی لەو ماوەدا بێ گرفت کاردەکات.

پرسیار لەوەدایە بۆچی ئەو بەرنامەیە ئەو ماوەیە کاردەکات و دواتر ناتوانرێت بەکار بهێنرێت؟

وەڵامەکەی ئەوەیە چونکە ئەوبەرنامەیە کات پێویێکی تێدایەو لەگەڵ دارشتنیدا تێکەڵ بەفرمانەکانی ئەو بەرنامە کراوەو ڕۆژانە کاتی بەسەرچوونی بەرنامەکەت پێڕادەگەیەنێت و لەوادەی دیاریکراودا بەرنامەکە لەکار دەخات ، بەرنامەکان ماوەی کارکردنیان لەنێوان پێنج ڕۆژ تا مانگێکدایە ئەوەش بارێکی پرۆفیشناڵەو زۆربەی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی بەرنامەکان ئەو ماوەیە دادەنێن تا بەکارهێنەرلەوماوە کاتیەدا بتوانێت کار لەسەر بەرنامەکە بکات دوای تەواو بونی ئەوماوەیە دەبیت ئەوبەرنامە بکڕیت ئەگەرنا دەبێت بیسڕیتەوە

چونکە ناتوانرێت سودی لێوەربگریت ، لێرەدا پرسیاریکی تر دێتە پێشەوە لەم وڵاتەدا و بەتایبەت لەرۆژهەڵاتدا کۆمپانیاکانی بواری پرۆگرامین نە نوێنەرایەتیان هەیەو نەبەرهەمەکانیشیان بەنرخی خۆی دەگاتە دەستمان ئایا چۆن بتوانین سوود لەم بەرنامانە وەربگرین و بتوانین بەهەمیشەیی چالاکی بکەین؟

چالاککردنی سوفتوێرەکان بە چوار ڕێگای زۆر ناسراو دەکرێت کە هیچیان یاسایی نین و لەو وڵاتانەی ئەم بەرنامانە دەفرۆشرێن و مافی کۆپی کردنی پارێزراوە سزایەکی زۆر توندی ئەوکەسانە دەدەن کە ئەم ڕێگایانە بەکاردەهێنن بۆ چالاککردنی بەرنامەکان ، وە ئەو ماڵپەڕانەش بلوککراون کە ئەم جۆرە ڕێگایانە بۆ بەکارهێنەر ڕوندەکەنەوەو وە ئەوفایلانە بڵاو دەکەنەوە کە ئەو کارانەیان لە دەست دێت . بەڵام لە وڵاتانی تازە گەشەکردو بە تەکنەلۆژیا ئەم کارە زۆر ئاساییەو تەنانەت چەندین ماڵپەڕی تایبەت بەم بوارە کراونەتەوەو ڕۆژانە نوێترین هۆکار بڵاودەکەنەوە بۆچالاککردنی بەرنامەکان پێشەنگی ئەم کارانەش هەردوو وڵاتی چاین و ڕوسیان کە زۆرترین ڕێژەی هاکەر لەم بوارەدا لەو دوو وڵاتەدان. بەگشتی کراك پێك دێت لە فایلێك یان چەند فایلێك هەمووجۆرەکانی کراك هەر یەك کار دەکەن هەر بۆ ئەو مەبەستەش دروستکراون کە چالاککردنی بەرنامەکانە بۆ هەمیشەیی بەڵام شێوازی بەکارهێنانیان جیاوازە ، جۆرەکانی کراکیش بریتین لە (پاچ ، کیجن ، ژمارەوهێمای تۆماربوون ... هتد) .

هۆکارەکانی چالاککردنی بەرنامەکان:

یەکەم (پاچ) ئەم ڕێگایە زۆر ترسناکەو زۆرترین جار هاکەرەکان بۆکارە سیخوریەکانیان ئەم جۆر فایلانە دروست دەکەن و بەمەبەست بڵاوی دەکەنەوە ئەگەر چی ئەم جۆرە فایلانە توانای چالاککردنی بەرنامەکانیان هەیە بەیەکجاری بەڵام زۆرترین جار کەلێنێکی ترسناك لە ویندۆزەکەتدا بەجێ دەهێڵن کە ڕێگا بۆ هاکەرەکان خۆش دەکات دەست بەسەر سیستەمەکەتتدا بگرن ، هەندێك جار کاتێك دەتەوێت ئەم جۆرە فایلانە بەکاربهێنیت بۆچالاککردنی بەرنامەیەك بەهەمیشەیی ئەو دژە ڤایرۆسەی لە کۆمپیوتەرەکەماندا دامەزرێنراوە هەڵدەستێت بەسرینەوەی ئەو فایلەو بە ڤایرۆس یاخود فایلی سیخوری دەناسێنێت ، لەڕاستیدا مەرج نیە ئەوە ڤایرۆسێکی ترسناك بێت بەڵام گومان لەوەدا نیە کە فایلێکە جێگای گومانەو هەرگیز نابێت ئەوەندە دڵنیابین لەوەی ئەو فایلانە لە کۆمپیوتەرەکەماندا بهێڵینەوە ،

چۆنیەتی بەکارهێنانی:

دەبێت سەرەتا بەرنامەکە دابخەیت و پاشان زۆربەی جار دەگوازرێتەوە بۆ فۆڵدەری بەرنامەکەو دەبڵ کلیکی لەسەر دەکرێت ، لەم بارەدا سێ پێشهات چاوەڕێمانە:

یەکەم: ڕاستەوخۆ بەرنامەکە کراك دەبێت بە بۆکسێکی ئاگادارکردنەوە سەرکەوتنی کارەکەت پێ ڕادەگەیەنێت .

دووەم: داوای فایلی سەرەکی بەرنامەکە دەکات و تۆش پێویستە شوێنی دابەزاندنی بەرنامەکە بدۆزیتەوەو کلیك لەسەر فایلی سەرەکی بەگەڕخەری بەرنامەکە دەکەین .

سێیەم: لەوانەیە پاش پاچ کردن قۆناغێکی تریشی پێویست بێت تا بەرنامەکە چالاك بێت ئەوەش بە پڕکردنەوەی خشتەیەکی زانیاری یان دەبێت سریاڵیش بەکار بهێنرێت ، واتە چالاککردنی بەرنامەکە بە دوو قۆناغ کۆتایی دێت .

کیجن: ئەم جۆرە پێك هاتووە لە فایلێکی شێوە بەرنامە بەڵام تەنها لە خانەیەك یان دووخانە یان زیاتر پێکدێت و ناوێك و ژمارەیەکی نهێنی تێدایە یان لەوانەیە تەنها لە یەك خانە پێك هاتبێت و کۆمەڵێك ژمارەو هێمای تێکەڵ بێت بەم هۆکارەش بەرنامەکە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە کراك دەکات و دەتوانرێت سوود لەتەواوی تایبەتمەندی بەرنامەکە وەربگیرێت ، ئەم کیجنەش کاتێك دروست دەکرێت کە زنجیرەی ژمارەی تۆماری بەرنامەیەك لەلایەن کراکەرەکانەوە کەشف دەبێت ئیتر ئەم زنجیرەیە بەشێوەی بەرنامەیەکی بچوك دروست دەکرێت و بە هۆی دوگمەیەکی ناو ڕوکاری ئەو بەرنامەوە بەسەدان ژمارەو هێمای تۆماربونت دەست دەکەوێت و هەر دانەیەکان تاقیبکەیتەوە بێ گرفت کاردەکات ، ئەم ڕیگایەش لەوەی پێشوو دڵنیاکەرەوە ترو سەرکەوتوو ترە .

سریاڵ نەمبەر: ئەم ڕێگایە بۆ تۆمارکردن ڕێگایەکی زۆر سەرکەوتووەو هیچ مەترسیەکی تێدا نیە وەك وایە بەرنامەکەت کڕیبێت ، واتە لە بنەڕەتدا ئەو کەسەی ئەم ژمارەی تۆماربوونە بڵاو دەکاتەوە خۆی کڕیویەتی بەڵام ئیتر یان بەهۆی دزەکرنەوە بێت یان خۆی ئەوکارەی کردبێت زانیاری تۆماربونەکەی بڵاوبوەتەوەو کەسانێك کە ئەو زانیاریانە بنوسنەوە دەتوانن بەرنامەی پێ تۆماربکەن بێ گرفت .

وە ڕێگای کۆتایی بۆ تۆمارکردنی بەرنامە ڕێگایەکی زۆر سەرنج ڕاکێش و جیاوازە ئەوەش بەهۆی ئەوەی تۆ بەرنامەکە دادەبەزێنیت بێ هیچ گرفتێك بەڵام دواتر فایلی سەرەکی بەرنامەکە کە وەك کراك لە ئینتەرنێتەوە داتگرتوە لەفۆڵدەری سەرەکی بەرنامەکەدا دادەنێیتەوەو دەبێت ڕازی ببیت لەسەر ئەوەی کە جێگای فایلەکەی پێشوو بگرێتەوە بەم شێوەیە بەرنامەکە کراك دەبێت ، فیکرەی ئەم کارەش ئەوەیە کە کەسێك ئەم بەرنامەی کڕیوە بەڵام پاش تۆمارکردنی لەکۆمپیوتەرەکەی خۆیدا فایلی سەرەکی بەرنامەکەی بڵاوکردوەتەوە لەم بارەشدا هەرکەسێك هەمان ڤێرژنی دابەزاندبێت لەو بەرنامەیەو هەمان فایل پەیست بکات لە فۆڵدەری سەرەکی بەرنامەکەدا ئەوا بەرنامەکەی بێ گرفت بۆ تۆماردەکرێت و پێویست بە هیچ هۆکارێکی تر ناکات بۆ تۆمارکردن.



نووسینی: هۆشمەندصالح

مەبەست لە پاشگرەکانی فایل چییە؟

یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتوویی بەکارهێنەری کۆمپیوتەر شارەزا بوونە لە جۆری فایلەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا ، دەکرێت یەکێك نەزانێت هەموو فایلەکان چۆنن وچۆن بەگەڕ دەخرێت ، ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ شتێکی ئەوتۆ لە کۆمپیوتەر نازانێت ، بەڵکو ئەو بەکارهێنەرە سروشتی کارەکەی ڕێ ی پێنەداوە تا لە هەموو جۆرەکانی تر شارەزاببێت،

ئێمە دەزانین بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر سێ جۆرن دابەش دەبن بەم شێوەیە : سەرەتایی مام ناوەند پێشکەوتوو ، بەڵام لەسەرو ئەم سێ پلەشەوە دەکرێت کەسێك زۆر بەتوانابێت لە بەرنامەیەکی دیاریکراودا بۆ نمونە فۆتۆشۆپ بەڵام ئەم کەسە لەم بوارەدا بەتوانایەو ناکرێت بڵێین بەکارهێنەرێکی بەتوانای کۆمپیوتەرە بەڵکو دەکرێت ناوی لێبنرێت بە دیزاینەرێکی بەتوانا لە بەرنامەی فۆتۆشۆپدا ، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە پێ بچمە ناو مەبەستەکەوە ڕونکردنەوەی ئەو جیاوازیەیە کە لە نێوان کەسی بەتواناو کەسی شارەزادا کە لەبەرنامەیەکدا هەیەتی هاوکات شارەزابوونە لە بەرهەمی بەرنامەکان و جۆرەکانی فایل .

فایلەکانی کۆمپیوتەر جۆریان زۆرەو هەر یەکەیان

بۆ مەبەستێك لەوی تریان جیاکراونەتەوە هاوکات بەگەڕخەری هەر فایلێکیش بۆخۆی پێویستی بە بەرنامەیەکی جیاوازە یان لەوانەیە بەرنامەیەك بتوانێت چەند جۆرێك لە فایل بەگەڕبخات .

بۆ نمونە کەم کەسمان هەیە جۆری فایلی دەنگی (MP3) نەبیستبێت بەڵام کەم کەسیشمان هەیە بەتەواوی بزانێت جیاوازی چیە لە نێوان (MP3) و (WAV) یان جۆرێکی تردا ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیەو بە سەرنج دان بە کوالیتی و شێوازی بەگەڕخستنی فایلەکە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە فایلەکان جۆراو جۆرن و هەر یەکەشیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی .

هەندێك جار فایل دێتە پێش چاومان بەڵام ناتوانیین بیکەینەوە لەو کاتەدا بیر دەکەینەوە دەبێت ئەم فایلە چی تێدا بێت؟ لەم بارەدا ئەگەر بەکارهێنەر کەسێکی شارەزابێت زۆر بەسانایی دەتوانیت جۆری فایلەکەی دەست نیشان بکات و بەرنامەی پێویست بەکاربهێنێت بۆکردنەوەی وگۆڕانکاری کردن تێیدا.

جۆری فایلەکان بریتیە لە دوو یان سێ یان چوار پیتی کۆتایی هەر فایلێك پاش نوکتەی ناوەکەی ، وە دابەش دەبێت بەسەر چەند بەش و کۆمەڵەیەکدا کە بەم جۆرە دابەشی دەکەین فایلەکانی سیستەم کە هەندێکیان پاشگری (sys) هەیەو لەگەڵ تایپی جۆری (drv) هاوبەشن پێکەوە بۆ بەگەڕخستنی ویندۆزو تەواوی ئەو فرمانانەی لەم دووجۆرەدا شاراونەتەوە تایبەتن بە ویندۆزو کارە جۆر بەجۆرەکانی ویندۆز ڕادەپەڕێنن،وەهەندێکی تر کە زۆر جار بەئاسانی دەتوانین بیکەینەوەو گۆڕانکاریان تێدابکەین ئەوە بریتین لە جۆرەکانی (log و ini و inf) کە بە بەرنامەیەکی وەك (Notepad) دەتوانین گۆڕانکاری تێدا بکەین و پاشان بە هەمان پاشگرەوە بیپارێزین ، تایپی جۆری (dll) جۆرێکی زۆر بڵاوە زیاتر پرۆگرام داڕێژەکان پشت بەم جۆرە دەبەستن و ئەم جۆرە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کارەکان ڕادەپەڕێنێت و دەکرێت دوو بەرنامەی ویندۆز لە یەك کاتدا فرمان ئاراستەی ئەم فایلە بکەن بێ هیچ گرفتێك وەڵامی داواکاری ئەو دوو بەرنامەش دەداتەوە .

هەندیکی تر لە تایپەکانی ویندۆز هەمیشە ئامادەی کارپێکردن و وەك بەرنامەیەك دەکرێنەوە تەنها بە دەبڵ کلیکێك وەك جۆرەکانی (Exe , com , bat , scr).

جۆری دووەم لە تایپی فایلەکان بریتین لە بەرهەمی بەرنامەکان واتە پاشگری ئەو فایلانەی بەرنامەکان بەرهەمی دەهێنن بۆ نمونە بەرنامەکانی ئۆفیس بۆنمونە وێرد جۆرەی تایپەکانی بریتین لە (, docx , doc wri , mcw , wpd) ، واتە ئەم فایلانە بە بەرنامەی وێرد دەکرێنەوە هەر کاتێك دەبڵ کلیکت لەسەر کرد، دەکرێت لە بەرنامەیەکی تریشدا هەر بە هەمان شێوە بتوانرێت گۆڕانکاری تێدابکەیت و بیکەیتەوە بەڵام وەك بەرنامەی وێرد ناتوانیت بەهەموو تایبەتمەندیەکانی ئەو دیکۆمێنتە ئاشنا ببیت ، لە ئەکسڵ و ئەکسس و ئەوانی تریشدا تایپی فایل جیاوازەو بە دەگمەن ئەگەرنا ناکرێت بەرهەمی بەرنامەیەك بە یەکێکی تر بکەینەوە یاخود ئەگەر بشکرێتەوە زۆر ناتوانرێت سودی لێوەر بگیرێت .

ئەگەر سەرنج لەجۆری ئەو فایلانە بدەین کە رۆژانە کارمان تێ ی دەکەوێت ئەوا دەبینین هەموویان جیاوازن و هەر یەکەیان بۆ مەبەستێکی تایبەتی بەکار دەهێنرێت هەر ئەم جۆراو جۆریەی فایلەکانە کە جیهانی تەکنۆلۆژیای بەم قۆناغە گەیاندوە .

ناوی ئەم تایپانە چۆن هەڵبژێردراوە؟

وەك پێشتر وتم جۆری فایلەکان پەیوەستە بە بەرهەمی بەرنامەکانەوە هەر بەم شێوەش ناونانەکەی پەیوەندی بە بەرنامەکەوە هەیە لە زۆربەی جاردا تایپی فایلەکە کورتکراوەی ناوی بەرنامەکە دەبێت بۆ نمونە **JS** کە بەرهەمی جافا سکریپتە **Java script**، یان **Vbs** کە کورتکراوەی ناوی بەرنامەی ڤیژوەڵ بەیسکە **Visual Basic** ، بەڵام ئەمەش نابێتە یاسا بۆ هەموو فایلەکان بەڵکو دەکرێت بەرهەمی بەرنامەیەك چەند جۆرێکی جیاواز بێت و هیچیان کورتکراوەی ناوی بەرنامەکەش نەبن .

ماڵپەری (www.fileinfo.com) بە باشترین ماڵپەر دادەنرێت بۆ ئەوەی بتوانیت زانیاری تەواو لەسەر هەر پاشگرێك وەربگریت و وە بەرنامەی پێویستت بۆ پێشنیار دەکات تا بتوانیت بیکەیتەوەو گۆڕانکاری تێدا بکەیت .



چۆنیەتی دروستکردنی فۆڵدەر لە (مایکۆمپیوتەرو کۆنترۆڵ پانێڵ)



دروستکردنی فۆڵدەر کارێکی ئاسانەو زۆربەمان دەیزانین بەڵام ئەمجارە من باسی شێوازێکی جیاواز دەکەم بۆ دروستکردنی فۆڵدەر ئەویش گۆڕانکاریە لە شوێنی دروستکردنەکەی بۆ نمونە ئەگەر پێشتر فۆڵدەرت دروستکردبێت ئەوا یان لە ناو پارتێشنەکاندا دروستتت کردوە یان لەسەر دیسکتۆپ یان لە ناو فۆڵدەرێکی تردا بەڵام ئێستا فێری ڕێگایەك دەبین کە بتوانین لە ناو **(Control Panel)** یان **(My Computer)** فۆڵدەر دروست بکەین، ئەم کارەمان بە بەرنامەیەك دەکەین کە ناوی **(Shell Object Editor)**.

سەرەتا بەرنامەکە لە زیپەکەی دربهێنەو بەم شێوازە دەبێت دەبڵ کلیکی لەسەر بکەو دەست بکە بە دابەزاندن قۆناغەکانی دابەزاندن هەر بەهەمان شێوەی هەر بەرنامەیەکی ترە بۆیە لێرەدا پێویست ناکات ئاماژەی پێبدەم سەرنج لەم وێنە بدە



ئەم بەرنامەیە ڕاستەو خۆ شورکەت لەسەر دیسکتۆپ دروست ناکات بۆیە دەبێ لە **(All Programs)** بەرنامەکە بدۆزینەوە کە بەم جۆرەیە کلکیکی لەسەر بکە



ڕوکاری بەرنامەکە سادەیەو تەنها بۆ ئەم مەبەستە دروستکراوە واتە فۆڵدەر دروستکردن کلیك لەسەر **(Create New)** دەکەین بۆ دروستکردنی فۆڵدەرێکی نوێ



لێرەدا ناوێکی دەنێین بۆ ناسینەوەی فۆڵدەری دروستکراو پاشان (**Next**) دەکەین




ئێستا قۆناغێکی گرنگەو دەبێت بە وریایی ئەم کارە بکەین، سەرەتا دەبێت کلیك لەسەر ئەو بەشە بکەین کە

ئاماژەم پێداوە ئەوەش بەو مەبەستەی کە شوێنێك بۆ پاراستنی زانیاریەکانی ناو ئەو فۆڵدەرەی دروستی دەکەین دەست نیشان بکەین بۆ نمونە **(My Documents)** هەموو زانیاریەکانی ناوی لەسەر درایڤی **(C:)** واتە ئەگەر فۆڕماتی کۆمپیوتەرەکەمان بکەین ئەوا داتاکانی ناو **(My Documents)** لە دەست دەچێت بەڵام لێرەدا دەبێت ئەو فۆڵدەرەی دروستی دەکەین بە ئارەزوی خۆمان لە ناو یەکێك لە درایڤەکاندا دایدەنێین ئەوەش بەو مەبەستەی هیچ پەیوەندیەکی بە درایڤی **(C:)** وە نەبێت




لێرەدا داوامان لێدەکات ئایکۆنێك بۆ ئەو فۆڵدەرە دەست نیشان بکەین ئەگەر کلیك لەو شوێنە بکەیت کە ئاماژەم پێداوە ئەوا چەندین جۆر ئایکۆنی تێدایە دەتوانیت دانەیەکیان هەڵبژێریت وە ئەگەر نەشیگۆڕیت ئەوا هیچ کێشە نیە تەنها نێکست بکە




، زۆر باشە ئێستا کاتێك کلیکمان لەسەر کرد ئەم ڕوکارەمان بۆ دەکرێتەوە وەك نیشاندەرەکە ئاماژەم پێداوە دەتوانیت هەر درایڤێك بتەوێت دیاری بکەیت سەرنج بدە

ئێستا من فۆڵدەرێلکم لە درایڤی **(E:/PC)** دیاریکردوە بەم جۆرە ، پاشان نێکست دەکەم




لەم ڕوکارەدا چەند کارێکی گرنگ هەیە دەبێت ئەنجامی بدەین لە بەشی یەکەمدا دەتوانین وا لەو فۆڵدەرە بکەین کە تەنها یوزەرێکی دیاریکراو یاخود هەموو بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەرەکەمان بتوانن ئەم فۆڵدەرە ببینن بۆ نمونە من وام دەست نیشانکردوە هەموو یوزەرەکان بتوانن ئەم فۆڵدەرە ببینن .

وە لە بەشی دووەمدا ئەو بەشانەی دەتەوێت فۆڵدەرەکەی تێدا دەربکەوێت دەست نیشانی بکە بۆ نمونە من دەمەوێت لە کۆنترۆڵ پانێڵ و مای کۆمپیوتەردا دەربکەوێت بۆیە ئەو دووانەم دەست نیشان کردوە تۆش دەتوانیت دیسکتۆپیش هەڵبژێریت سەرنج لە وێنەکە بدە




پاش ئەوە نێکستمان کرد هەموو ئەم دەست نیشانکراوانە بەم شێوە دەست نیشان بکەیت من پێم باشە چونکە دەسەڵاتی تەواوت دەبێت بەسەر فۆڵدەرەکەدا وەك سڕینەوەو گۆڕانکاری و تادوایی ، پاشان نێکست بکە

ئێستا کارەکەمان تەواو بوو ماوەتەوە سەر ئەوەی (Close) بکەین و تەواو . وە بەڵام هەرکاتێك ویست ئەم فۆڵدەرە بسڕیتەوە دەتوانیت تەنها بە کردنەوەی بەرنامەکە ئەو فۆڵدەرانە ببینیت کە دروست کردوە کلیك بکە لە سەر (Delete selected) فۆڵدەری دیاریکراو دەسڕێتەوە بۆ نمونە من ئەگەر بمەوێت یەکێك لەو دوو فۆڵدەرە بسڕمەوە ئەوا تەنها کلیك لەسەر فۆڵدەرەکە دەکەم و پاشان (Delete selected) دەکەم



ئەوەش ئەنجامی کارەکەمان لە (My Computer)



وە ئەوەش ئەنجامی کارەکەمان لە (Control Panel)



لەناو سیدی گۆڤارەکەدا بەرنامەکە بە دیاری وەربگرە

فێرخوازانی بەڕێز :

ڕۆژانە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەن

بۆ ئەوەی نوێترین فێرکاری کوردی بەدی بکەیت



Www.L4kurd.com



چۆنیەتی زیادکردن و سڕینەوەی یەکە لە لیستی Send to


یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ویندۆز لیستی **Send To** کە تایبەتمەندی خۆی هەیەو دەتوانیت بە شێوەیەکی زانستی سودی لێوەر بگیرێت ، لیستی **(Send To)** ڕاستەوخۆ دوای کلیکی چەپ لەسەر دیسکتۆپ یان هەر پارتێشن و فۆڵدەرێك دەردەکەوێت بەکلیك کردن لەسەر **(Send To)** یاخود ڕاگرتنی ماوسەکە لەسەر ئەو بەشە کۆمەڵێك بەشی لێ جیادەبێتەوە کە خۆکارانە دەتوانیت فایلی مەبەستی بۆ بنێریت بۆ نمونە ئەگەر تۆ فلاشێك لە کۆمپیوتەرەکەت ببەستیت ئەوا ڕاستەوخۆ بۆ ئەم لیستە زیاد دەبێت ئەمەش کارئاسانیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی بتوانیت زانیاری و داتاکانی ڕاستەوخۆ بۆ بنێریت ، ئەم لیستەش دەتوانرێت زۆرو کەم بکرێت واتە تۆ دەتوانیت فۆڵدەرێك لە یەکێك لە پارتێشنەکان دیاری بکەیت و پاشان لە لیستی **(Send To)** زیادی بکەیت ئیدی ڕاستەوخۆ دەتوانیت هەر داتایەکت بوێت بە دوو کلیك بینێریت بۆ ئەو فۆڵدەرە .

بۆ زیادکردن و سڕینەوەی بەشەکانی لیستی **(SendTo)** ئەم هەنگاوانە بگرە بەر

سەرەتا لە **(My Computer)** یان هەر فۆڵدەرێکی کراوەش بێت کلیك لەسەر **(tools)** پاشان **(Folder Options)** هەڵبژێرە سەرنج لە وێنەکە بدە




ئێستا ئەو ڕوکارەی بۆت دەکرێتەوە وریابە هیچ گۆرانکاریەکی تێدا مەکە تەنها ئەوە نەبێت کە ئاماژەم پێداوە لە تابی **(View)** ئەو بەشە چالاك بکە بۆ ئەوەی فۆڵدەرە شاراوەکان دەربکەون پاشان **(ok)** بکە. سەرنج لە وێنەکە بدە



تێبینی / دوای تەواو بونی کردارەکە دەتوانیت وەك خۆی لێ بکەیتەوە بۆ ئەوەی توشی هیچ گرفتێك نەبیت ئێستا ئەو پارتێشنەی سیستەمی لەسەرە بیکەرەوە (زۆربەی جار سیستەم لەسەر **(:C)** بۆیە بەم شێوە دەردەچێت ئەمەش دەتوانیت فۆڵدەر فۆڵدەر لە ناو یەکدان **(sup folder)** دەتوانیت بیانکەیتەوە **C:\Documents and Settings\)** **Administrator** سەرنج لەو وێنە بدە دەبینین فۆڵدەری


(Send To) دەرکەوتوە تۆش بە دەبڵ کلیك بیکەرەوە




کاتێك دەکرێتەوە دەبینن تەنها ئەو بەشانەی تێدایە کە ویندۆز خۆکاری بۆی زیاد کردوە بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیسرینەوە یاخود هی تریشی بۆ زیاد بکەین ئەوا توشی هیچ گرفتێك نابین بۆنمونە من فۆڵدەرێکم هەیە لە پارتێشنی (E:\Adobe Photoshop) بەم ناوەوە بەکلیکی ڕاست پاشان (Create Shortcut) شۆرکەتێکم بۆ دروست کردوە پاشان وەك لە وێنەکەدا دیارە لەم فۆڵدەرەی (Send To) دا شۆرکەتەکەم داناوە سەرنج بدەن



ئێستا لەسەر دیسکتۆپ یان هەر شوێنێك کە داتایی تێدا بێت کلیکی چەپ بکەم و پاشان (Send To) دەبینین بەم شێوە زیاد بوە ئێستا من چەند فۆڵدەرێکی بۆ دەنێرم سەرنج بدەن



کاتێك کە فۆڵدەر E:\Adobe Photoshop دەکەینەوە دەبینین بەم شێوە زیاد بوە



لەناو سیدی گۆڤارەکەدا بەرنامەکە بە دیاری وەربگرە



داتا کەمپرێسین چییە؟

نووسینی: هۆشمەندصالح

پەستاندنی فایل یان بچوککردنەوەی قەبارەی فایل بەهۆی پەستاندنەوە یاخود گۆڕینی جۆری فایلەکەوە یەکێکە لە تایبەتمەندیە هەرە نایابەکان کە لە ئەندازەی پێکەوەبەستن و گواستنەوەی داتادا گرنگیەکی ئێجگار گەورەی هەیە سەرەڕای ئەرشیفکردنو کۆکردنەوەی بەسەدان جۆری جیاوازی فایل لە تەنها فایلێکی پەستێنراودا.

ئەگەر تۆی بەکارهێنەر بتەوێت فایلێك یان جۆرێکی تایبەت لە داتا بپەستێنیت دەبینیت لە کاتی بەکارهێنانی بەرنامە جیاوازەکانی ئەم بوارەدا جیاوازی ڕون و ئاشکرا دەبینیت لە قەبارەدا، هاوکات لە جۆرێك بۆجۆرێکی تری داتا قەبارەی پەستێنراوەکەش دەگۆڕێت، هەندێك جاریش گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ لە قەبارەی پەستێنراوەکەدا ڕونادات!

داتا کۆمپرێسین لەسەر چ بنەمایەك کار دەکات؟

داتا کۆمپرێسین لەسەر دوو بنەمای گرنگ کار دەکات کاتێك هەوڵی بچوککردنەوەی فایلێك دەدەیت ئەوەش یەکەم سڕینەوەی زانیاری زیادەو زانیاری ناپێویستە دووەم وەرگرتنی هاوبەشە لە نێوان داتاکاندا.

000111111110000000001111111100111100
3 8 9 8 3 3 2

ئەم بیرۆکەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کاتێك تۆ داتایەك دەپەستێنیت ئەوا تۆ مەبەستە قەبارەکەی بچوك ببێتەوە ئەوەش بەهۆی چەند بەرنامەیەکی ناوداری ئەم بوارەوە وەك (وینرار و زیپ) و چەند جۆرێکی تریش هەرهەمان بیرۆکە بەکاردەهێننو هەڵدەستن بە سڕینەوەی زانیاریە ناپێویستەکانو وەرگرتنی هاوبەش لە نێوان داتا لێك چووەکاندا.

دوو جۆری سەرەکی لە پەستاندن هەیە:

جۆری یەکەم ناودەبرێت بە (Loss Data Compression) مەبەست لەم جۆرە پەستاندنە ئەوەیە کاتێك داتایەك بە بەرنامەیەك دەپەستێنین یان جۆرەکەی دەگۆڕین لەوانەیە بەشێك لە پێکهاتەکانی لە دەست بچێتو لەکاتی کردنەوەی ئەو فایلەدا بۆ باری ئاسایی (هەندێك جاریش ناکرێت بگەڕێنرێتەوە) 85٪ بۆ 90٪ ئەو داتامان دێتەوە بەردەست بەڵام لە زۆربەی جارەکاندا ئەو لەدەست چوونە گرفتێکی گەورە بۆ داتاکە دروست ناکات هەندێك جار ئەو لەدەست چوونە بریتی دەبێت لە دابەزینی کەمێك لەکوالیتی ئەو داتایە ئەمەش بەتەواوی لە بەرهەمەکانی مولتیمیدیادا دەرکی پێدەکرێت وەك فایلی وێنەیی و فایلی دەنگی و فایلی ڤیدیۆیی، بۆ نمونە ئەگەر سەرنج لە بەرهەمێکی وێنەیی جۆری (BMP) بدەین و پاشان بە بەرنامەیەك یان بە نیشاندەری سەرەکی وێنە لەبەرهەمەکانی مایکرۆسۆفتدا ئەو جۆرە بگۆڕین بۆ (GIF) کە ئەمەش جۆریك پەستاندنە دەبینین هەمان وێنەیە پاش گۆڕینی جۆرەکەی بەڵام کوالیتیەکەی گۆڕاوەو لەگەڵ باری یەکەمیدا جیاوازی زۆرە هاوکات سەرنج لە جیاوازی قەبارەشیان بدەن دەبینین جیاوازە واتە لەجۆری دووەمدا ئەم وێنەیە نیوئەوەندە یان کەمتری قەبارەی پێش گۆڕینی جۆرەکەیەتی وە بەهەمان شێوەش ئەم بیرۆکەیە ڕاستە بۆ فایلە دەنگی و ڕەنگیەکان.


جۆری دووەم ناودەبرێت بە Lossless Data Compression لەم جۆرەدا پەستاندن تەنها کار لە سەر وەرگرتنی هاوبەش دەکات لە نێوان داتاکانداو بە هیچ جۆرێك زانیاری سەر داتاکان ناسڕێتەوە هەر بۆیە زۆر جار لەم جۆرە پەستاندنەدا جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە نێوان داتا بنەڕەتیەکەو داتا پەستێنراوەکەدا ئەم جۆرە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە کۆکردنەوەی داتاکان لە فایلێکی جۆری (exe) سودی لێوەردەگیرێت ، بەگشتی ئەم جۆرە پەستاندنە هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نیە لەسەر فایلە نوسراوەکانی وەك بەرهەمەکانی ئۆفیس.

لە ئێستادا کۆمەڵێك بەرنامە لەم بوارەدا پێشەنگن بەجۆرێك بوون بە پیویستیەکی بنەڕەتی هەموو کۆمپیوتەرێك بۆ نمونە (وینڕار) ئەم بەرنامەیە ناسراوترین بەرنامەی بواری پەستاندنو کردنەوەو کۆکردنەوەی داتا جیاوازەکانە ، ئەم بەرنامەیە بە دوو شێوازی سەرەکی کارەکانی ڕادەپەڕێنێت جۆری یەکەم خێرایە چ لە پەستاندنداو چ لە کردنەوەی پەستێنراوەکەدا بەڵام بەگشتی کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر بچوککردنەوەی داتاکان نییە ئەوەش بارێکی ئاسایی بەرنامەکەیە، بەڵام ئەگەر کەمێك دەستکاری تایبەتمەندی بەرنامەکە بکەیت جۆری دووەم دێتە بەرهەم کە لەم جۆرەدا بەکارهێنەر توشی سەرسامی دەکات، بۆ نمونە ئەگەر داتایەك یان فایلێك 4 گێگا بێت بەم ڕێگایە بپەستێنرێت قەبارەی بۆ 10 تا 15 میگابایت بچوك دەبێتەوە بێ ئەوەی هیچ لە کوالیتیو تایبەتمەندیەکەی لەدەست بدات، بەڵام کێشەی سەرەکی لەم ڕێگایەدا ئەوەیە کە زۆر بەخاوی کارەکە دەکات کە لەوانەیە بۆ پەستاندنی فایلێکی چوار گێگای 45 خولەکی پێبچێت هاوکات بۆ کردنەوەو دەرهێنانیشی هەر بەهەمان شێوە کاتی زۆری دەوێت.

چۆنێتی گەڕان بەدوای چالاککاری بەرنامەکان لە ئینتەرنێتدا



یەکێك لەو بەرنامانەی کە زۆر بەتوانایە لە بواری گەڕان بە دوای کراك و سریاڵدا بەرنامەی (Crack Downloader) کە بەم دواییە بەرهەم هێنراوەو توانایەکی زۆر باشی هەیە لەم بوارەدا دیارە ئەم بەرنامەیە پۆرتەبڵەو پێویست بە دابەزاندن ناکات ڕاستەوخۆ بە دەبڵ کلیك دەکرێتەوە ، کاتێك بۆیەکەم جار بەرنامەکە بەکار دەهێنیت ئەم ڕوکارەت بۆ دەکرێتەوە دەتوانیت جێگایەك بۆ داونلۆدبوەکان دابنێت کە خۆی بەرنامەکە فۆڵدەرێك دروست دەکات لەو جێگادا بۆ ئەوەی کراکەکانی تێدا بپارێزێت یاخود دەتوانیت لێرەدا بەکلیك کردن لەسەر (OK) لای ببەیت و دواتر بەشێوەیەکی باشتر دەتوانیت ڕیکی بخەیت.




بەرنامەکەمان بۆ دەکرێتەوە بەم جۆرەیە کە ڕونکردنەوەی بەشانەی بەم شێوە باسی دەکەم

لەخاڵی یەکەم : ژمارەی ئەو سایتانە دیاری بکە کە دەتەوێت گەڕانی تێدا ئەنجام بدەیت

لەخاڵی دووەم : ناوی ئەو بەرنامە بنوسە کەدەتەوێت کراك یان سریاڵەکەی بەدەست بهێنیت

لەخاڵی سێیەم : جۆری گەڕانەکە دیاری بکە بەدوای سریاڵدا دەگەڕییت یان سریاڵ


لەخاڵی چوارەم : لە کۆتاییدا کلیك لەسەر (Search) بکەو چاوەڕوانبە ، ئەگەر سەرنج بدەین پاش ئەو کارانەی کە باسمکرد من ئێستا چاوەڕوانم کە گەڕانەکە کۆتایی پێ بێت ، لەم وینەدا پێم باشبوو ڕونکردنەوەی داونلۆدکردنەکەشی باس بکەم



لەو وینەی پێشودا سەرنج بدە کەی کاری گەڕان کۆتایی هات و بۆکسی ئاگادارکردنەوەی پیشان دەدات بەم شێوە سەرنج بدەن لە وینەکە


ئێستا کاتێك بمانەوێت ئەو کراکەی یان ئەو

سریاڵەی بۆمان دۆزراوەتەوە دابگرین بە دوو شێوە ئەو کارە دەکرێت وەك لە وێنەکەدا ئاماژەم پێداوە دەتوانیت هەموو کراکەکان بەیەك جار دابگرین یاخود دەتوانیت یەك یەك بە ئارەزوی خۆمان دەست نیشانی ئەو چوار گۆشە بچوکەی لای کراکەکە بکەین پاشان کلیك لەسەر دوانلۆد بکەین سەرنج بدە .




کاتێك کلیکمان لەسەر داونلۆد کرد دەتوانیت لەم ڕوکارەدا کەبۆمان دەکرێتەوە شوێنێك دیاری بکەین بۆ داونلۆدکردنی پاراستنی

پاشان ئەگەر کارەکانت بە دروستی ئەنجام دابێت بەم جۆرە بۆکسی ئاگادارکردنەوەی سەرکەوتنی کارەکەت پێڕادەگەیەنێت




پاش ئەوەی کلیك لەسەر OK دەکەین بەم جۆرە شوێنی ئەو فایلەی کە خەزنمان کرد دەردەکەوێت وەکاتێك ئێمە کراکەکە دەکەینەوە بەگشتی لەناو ڕار یان زیپدا هەڵگیراوە بەم جۆرە ئەنجامەکەمان دەست دەکەوێت کە بێ هیچ ماندوبونێك کراکی چالاککردنی بەرنامەکەمان دەست دەکەوێت و دەتوانین ڕاستەوخۆ بیکەینەوە یان بیگوازینەوە بۆ هەر شوێنێکی تر کە مەبەستمان بێت سەرنج بدەن




دەتوانیت فۆڵدەری دروستکراوی بەرنامەکە ببینیت کە خۆکارانە دروستی دەکات لەو شوێنەی کە پێشتر دیاریت کردوە بۆ نمونە من دیسکتۆپم دەست نیشان کردبوو بەم شێوە فۆڵدەرەکە لەسەر دیسکتۆپ دەردەکەوێت .



تێبینی: هەندێك جار ئەو کراکەی دەتەوێت داونلۆدی بکەیت لەوانەیە لەسەر سیڤەری سایتەکە سڕابێتەوە بۆیە بەم جۆرە ئاگادارت دەکاتەوە ، گرنگە نیە تۆ دەتوانیت چەند دانەیەك لە یەك کاتتدا داونلۆد بکەیت بۆئەوەی ئەنجامی مەبەست بە دەست بهێنیت .



بەڵام ئەگەر کارەکە سەرکەوتوبێت بەم جۆرە دەبێت



لەناو سیدی گۆڤارەکەدا بەرنامەکە بە دیاری وەربگرە

چۆنێتی دروستکردنی تۆڕێکی وای فای

خزمەتگوزاری وایەرلێس یەکێکە لەو تەکنەلۆژیا نوێیانە کە جیهانی نوێ ی پێوە سەرقاڵە بەجۆرێك کەم ئامێری ئەلیکترۆنی هەیە کە ئەم خزمەتگوزارییەیی بۆ پێشنیاز نەکرابێت ، دیارە ئەم تەکنەلۆژیایە پشتی بە هاردوێری جیاواز دەبەستێت و لە دیسکتۆپدا بەشێوەی کارتی دەرەکی یان شێوەی یو ئێس بی زیاد دەکرێت بەڵام لە لاپتۆپدا ئەم گرفتە چارەسەر کراوەو لە زۆربەی لاپتۆپەکاندا ئەم خزمەتگوزاریە جێگیر کراوە و لە هەر شوێنێکدا کە هێڵی ئینتەرنێتی وای فای لێبێت دەتوانیت پەیوەست ببیت پێیەوەو ئینتەرنێت بەکاربهێنیت ، رێگای پەیوەست بونیش لەم جۆرە بەکارهێنانەدا جیاوازە هەندێکیان خاوەنی سکوێرتی بەهێزن و پێویستە ناوو پاسورد بەکاربهێنین بە پەیوەستببون هەندێکی تریان دەتوانین بێ ئەم هۆکارە پەیوەست ببین ئەمەش لەسەر خواستی ئەو کەسەیە کە هێڵە ئینتەرنیتیەکە بە شێوەی وای فای پەخش دەکات.

لە ئێستاد وەك پێشتر وتم زۆربەی لاپتۆپەکان ئەو توانانەی هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت پەیوەست ببیت بە هێڵێکی وای فایەوە بەڵام هەندێك جار ئێمە لە ماڵەوە یان لە ئۆفیسی کارماندا یان هەرشوێنێکی تردا کاتێك بە هۆی لاپتۆپەکەمانەوە ئینتەرنێتێکی لاین یان برودباند یان بە هێڵێکی مۆدیۆمەوە پەیوەستن وە ئەگەر بمانەوێت بە هۆی مۆبایکلەکەمانەوە یان لاپتۆپێکی ترەوە بمانەوێت پەیوەست ببین بەهەمان هێڵەوە ئەوا کارەکە زەحمەتەو ناتوانین لەسەر هەمان هێڵ کاربکەین.

کاتێك ئەو کۆمپیوتەرەی لەدەستماندایە ویندۆزی سێڤنی لەسەر بێت بەئاسان و بەچەند هەنگاوێکی ئاسان دەتوانیت هێڵێکی وای فای لەم جۆرەی من باسی دەکەم دەتوانین دروست بکەین لە (xp) یشدا بە هەمان شێوە بەڵام بەردەوام ئەم جۆرە پیوەستبونە لەژێر مەترسی تێکچوندایەو هاوکات ناتوانیت بەتەواوی زاڵبیت بەسەر تایبەتمەندیەکانیدا ، بەڵام لێردا باسی بەنامەیەك دەکەم کە کۆمپیوتەرەکەمان دەکاتە مۆدیۆمێکی پەخشی وای فای و دەسەڵاتی تەواوت دەبێت بەسەر لایەنی سکوێرتی و ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەو هێڵە پەخشکراوەدا .

بەرنامەی **(Connectify)** خۆی تایبەت بەو مەبەستە دروستکراوە بەتوانایەکی زۆر بەرز دەتوانیت پەخشێکی وای فای پێدروست بکەیت ، سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین بەرنامەکە فری نیەو بە پارەیە لەگەڵ ئەوەشدا نوسخەی فری هەیەو دەتوانیت بەکاری بهێنیت بەڵام وەك ئەو ڤێرژنەی کە فری نیە توانای نیەو ناتوانیت بەتەواوی سوود لە هەموو تواناکانی وەر بگریت ، بەرنامەکە لەناو فۆدەرەکەیدا پێك دێت لەکراك و سێتەپی بەرنامەکە سەرەتا دەبێت بەرنامەکە سێتەپ بکەین قۆناغەکانی دابەزاندن سادەیەو وەك هەر بەرنامەیەکی ترە لەگەڵ هەنگاوەکانی دابەزاندندا برۆو کارەکەت بە کۆتا بگەیەنە ، بڕوانە وێنەی ژمارە (١)

کاتێك بەرنامەکە دەگاتە کۆتایی ئەگەر هیچ گۆڕانکاریەکت نەکردبێت خۆکارانە دەکەوێتە کار بۆ

ئەوەی بتوانین بەرنامەکە چالاك بکەین بە یەکجاری پێویستە بەرنامەکە دابخەین ولەکاردا نەبێت ، پاش ئەوەی لەکارمان خست ئەو کراکەی لەگەڵ بەرنامەکەدایە دەبێت ڕابکێشرێتە ناو فۆڵدەری سەرەکی بەرنامەکەوە ئەگەر هیچ گۆڕانکاریەکت نەکردبێت لە شوێنی دابەزاندنەکەدا ئەوا بەم جۆرەیە (C:\Program Files\Connectify) بۆیە دەبێت لەو شوێنەدا کراکەکە پەیست بکەیت .سەرنج بدە لەوێنەی ژمارە (٢)



ئێستا بۆکسێك دێتە پێش و پێت ڕادەگەیەنێت کە ئەو فایلەی دەیگوازیتەوە شوێنی فایلێکی تر بەهەمان ناوەوە دەگرێتەوە ئایا ڕازیت تۆش کلیك لەسەر (Yes) بکە




ئێستا بەرنامەکە ئامادەیە بۆ بەکارهێنان سەرەتا کۆمپیوتەرەکەت بە ئینتەرنێتەوە پەیوەست بکەو پاشان لەسەر دیسکتۆپ دەبڵ کلیك لەسەر ئایکۆنی بەرنامەکە بکە کە بەم جۆرەیە ، بڕوانە وێنەی ژمارە (٤)



کاتێك بەرنامەکەت کردەوە دەبینیت هیچ گۆڕانکاریەك لەسەر دیسکتۆپ ڕونادات بەڵام ئەگەر سەرنج لە نزیك کاتژمێری کۆمپیوتەرەکە بدەین دەبینین کە ئایکۆنی بەرنامەکە دروستبوە بۆیە دەبێت کلیکی لەسەر بکەین تا ئامادەکاریەکان بکەین بۆ بەگەڕخستنی . بڕوانە وێنەی ژمارە (٥)



کاتێك کلیکمان لەسەر کرد دەبێت ئەم گۆڕانکاریانە ئەنجام بدەین سەرنج لەوێنەی ژمارە (٦) بدەو ئەم خاڵانە پەیڕەو بکە :



١-لێرەدا ناوێك بۆ ئەو پەخشە دابنێ کە دەتەوێت دروستی بکەیت واتە بەو ناوەوە دەدۆزرێتەوە لە ڕێگای ئەو ئامێرانەی کە دەتەوێت پێوەی پەیوەست ببن .

٢-لێرەدا دەبێت پاسۆردێکی گونجاو هەڵبژێرین باشتر وایە پاسۆردێکی بەهێز بێت ، ڕونکردنەوەیەك (لێرەدا دوو جۆر باسۆرد هەیە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئەو پەخشەی کەدەتەوێت چالاکی بکەی بۆ نمونە من جۆری (web) هەڵبژاردوە کە خۆکارانەیەو پاسۆردێکی (٦) کارەکتەری بۆ دادەنێم

٣-جۆری ئینتەرنێتی پەیوەستکراوە ، گۆڕاوە.


٤-لەم بەشەدا ئەو هاردوێرە هەڵبژێرە کە دەتەوێت وای فایەکەی لەڕێگەوە پەخش بکەیت من لەبەر ئەوەی کۆمپیوتەرەکەم دێڵە جۆری هاردوێری (Wireless) ی جیاوازم هەیە لەوەی تۆ بۆیە بەم جۆرە خۆکارانە چالاك دەبێت ، ئەگەر جۆری کۆمپیوتەرەکەت دیسکتۆپ بێت ئەوا ناوی ئەو (Wireless) یان ئەو (Line) لاینە لێرەدا دەردەکەوێت کە دەتەوێت کارەکەی لەڕێگەوە ئەنجام بدەیت ، زۆر گرنگە ئەو هاردوێرەی کە بۆئەم مەبەستە دروستکراوە دەبێت ناسێنرابێت بە کۆمپیوتەرەکەوە چونکە ئەوە خاڵێکی گرنگەو بێ ناساندن ئەم کارە ناکرێت .

٥-لەم بەشەشدا دەتوانیت جۆری پەخشەکە دیاری بکەین وەك لەخاڵی دووەمدا ئاماژەم پێدا دەبێت هەردوو جۆرە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن و بە پێ ی ویستی خۆت هەڵیدەبژێرین.


وە لەکۆتاییدا کلیك لەسەر (Start Hotspot)

دەکەین و چاوەڕوانی ئەنجامی کارەکە دەکەین .

سەرنج بدە من کارەکەم بەم جۆرە ئەنجام داوە دەبینین بێ کێشە بەرنامەکە کەوتە گەڕ بڕوانە وێنەی ژمارە (٧) ئەوە بەرنامەکە لەکاتی کارکردندایە ئێستا ئامادەیە بۆئەوەی بتوانیت پێشوازی لە ئامێرە دەرەکیەکان بکات کە دەیانەوێت پەیوەست بن بەم هێڵی وای فایەوە .
سەرنج بدە من لە دەمەوێت لە مۆبایلی ئایفۆن و نۆکیاوە پەیوەست ببم



ئەوەش ژمارەی و ناوی ئەو ئامێرانەیە کە ئێستا داخڵ بەم تۆڕە پەخشکراوە بوون دەتوانیت بە ئاسانی بیانبینیت و هەروەها دەسەڵاتی ئەوەشت هەیە کە لە تۆڕەکەدا بیانکەیتە دەرەوە . سەرنج بدە لە وێنەی ژمارە (٩)



جۆرەكانی پەیوەست بوون كامانەن كە تۆڕی ئینتەرنێتی پێدا دەگوازرێتەوە؟ وە توانایان چۆنە؟

نووسینی : هۆشمەند صالح

Dial-Up connections: ئەم جۆرە پەیوەست بوونە كۆنترین جۆری ئینتەرنێتەو پێویست بە بوونی هێڵێكی تەلەفون دەكات كەسی بەكارهێنەری ئەم جۆرە هێڵە لە ڕێگای وایەری تایبەتەوە بە سەرچاوەی پەخشی ئینتەرنێتە بگەیەنرێت ، خێرایی پەیوەست بوون لەم جۆرە هیڵەدا لە **14.4Kbit** دەست پیدەكات و **28.8Kbit** یشی هەیەو دواترین خیرایی لەم جۆرە پەیوەست بونەدا **56Kbit** و لەمە زیاتر توانای نیە .

ISDN كە كورتكراوەی (**Integrated Services Digital Network**) كە بە دووەم جۆر لە بەرهەمی ئینتەرنێتی دادەنرێت ، لەم جۆرە پەیوەست بونەدا بەهەمان شێوەی پێشوو بە هێڵێكی تەلەفون ئەم هێڵە دەگەیەنرێتە كەسی بەكارهێنەر توانایی و خێرایی زیاترە لەوەی پێشوو بێگومان بڕی تێچون بۆ بەكاربردنی ئەم هێڵە زیاترە خێرایی بەتوانای **128Kbit** و **256Kbit**دەگات بەدەستی بەكارهێنەر .

سێیەم جۆر بریتیە لە (**DSL**) لەم جۆرە پەیوەست بوونەدا پێشكەوتنێكی ئێجگار باش بەرچاو دەكەوێت و ئێستاش بۆ تاكەكەسی بەكارهێنەر گرنگی خۆی لەدەست نەداوە ، سەرەتا جۆری (**DSL**) بەرهەم هێنراو دواتریش (**SDSL**) لە ئێستاشدا (**ADSL**) ئەمەش بۆخۆی شۆڕشێكی نوێ بوو لە ئەندازەی پێكەوە گرێداندا بەگشتی خێرایی لەم جۆرە پەیوەست بونانەدا لە یەك مێگاوە دەست پێدەكات و بە چوار مێگا كۆتایی دێت لە ئێستاشدا بەهۆی زیادكردنی هەندێك تایبەتمەندی ناوازەوە خێرایی لەم ڕێگەیەوە بۆ هەشت مێگا بەرز كراوەتەوە و دواهەمین وێزگەی ئەم جۆرە پەیوەست بوونە لەرێگای هێڵی تەلەفۆنەوە بەم خێراییە كۆتایی دێت چیتر بۆ پێكەوە بەستن بەهۆی ئەم هێڵەوە لە ئێستادا داهێنانێكی نوێ لە ئارادا نیە.

دوای ئەوەی بۆ گەیاندنی هێڵی ئینتەرنێت پشت لە هێڵی تەلەفۆن كرا پەنا برایە بەر هێڵی ناوەندی كە لە شێوەدا هەر وەك كارەبای ماڵان وایە بەڵام بە شێوەیەكی زانستیانەو بێ تێكەڵ كردنی ، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی كە هێڵی ئینتەرنێت خاوەنی ئایپی خۆیەتی و هەر كەسێك دێتە ئەم جیانی تۆڕەوە ناسنامەیەكی هەیە كە بە ژمارەیەك پێناسە دەكرێت .

T1 - Tier1 یەكەم بەرهەمی تۆڕەكانە كە بەهۆی ئەم تەكنەلۆژیاوە باسم كرد هاتە كایەوە بەڵام بڕی تێچوون لە جۆرە پەیوەست بونەدا ئێجگار زۆرەو خێرایشی بە پێ ی پێویست نیە ئەمەش لەبەر ئەوەی بە یەكەم بەرهەمی پێكەوە گرێدان دێتە ئەژماركردن و هێڵی تەلەفۆنی تێدا بەكارنەهێنرابوو هەربۆیە دواتر بەچەند قۆناغێك هەر لەسەر بنەمای كاری ئەم تەكنەلۆژیایە باشترین و خێراترین جۆری گەیاندن هاتە كایەوە وەك (**T3-Tier3-Droolingly**) كە خێرایی لەم جۆرەدا دەگاتە (**44Mbit**) لە چركەیەكدا ، وە دواتر چەند جۆرێكی تری ئەم تەكنەلۆژیایە خرایە بەردەست بەكارهێنەرانی وەك (**T2,T4,T5-Tier2,4**) كە لەسەرەتادا لە (**6**مێگابایت) و دواتر بۆ (**274**مێگابایت) و دواتر لەجۆری (**T5**) دا بۆ خێرایی (**400**مێگابایت) لە چركەیەكدا تواناكەی زیادكراوە .

لە ئێستادا هێڵی (فایبەر ئۆپتیك) كێبڵی تیشكی نوێترین تەكنەلۆژیای سەردەمەو بەخێراترین هێڵ دادەنرێت و تەواوی جیهانی نوێ بەم تەكنەلۆژیاوە پەیوەستكراوە ، ئەم جۆرە لە پەیوەست بوون بەجۆرێك خێرایە كە دەگاتە (**1**گێگابایت) لە چركەیەكداو بەهیچ جۆرێك بە بێ وایەر ناگوازرێتەوە واتە تەنها بە هۆی هێڵێكی وایەرەوە دەگات بەدەستی بەكارهێنەران و لە نێوان هەر شار و وڵات و قارەیەكیشدا هەر بەهەمان شێوە بە كێبڵ ئەم هێڵە دەگوازرێتەوە ، پێك هاتەكەی لەشوشەیەو دواهەمین توانای گواستنەوە كەلەڕێگای ئەم هێڵەوە فەراهەم كراوە گەیەنراوەتە چل گێگا ، ئەم هێڵە توانای گواستنەوەی بۆ شوێنە دورەكان هەیەو بەهچ جۆرێك وزەكەی لەكاتی گواستنەوەدا كارنابێت گونجاوە بۆ ئەوەی لە ئەندازەی پێكەوەبەستندا بەكاربهێنرێت ، بەم جۆرە هێڵەدا هێڵی تەلەفۆن و ئینتەرنێت و پەخشی تیڤیەكان بە ئاسانی دەگوازرێتەوە بە كەمترین تێچوون .

نووسینی : هۆشمەندصالح



دینگڵ چییەو چۆن کاردەکات؟ کارەکەی چییە؟

دینگڵ ئامێرێکی شێوە سەتەلایتە لە ڕاستی دا هەنێك دینگڵ هەر بۆ خۆی سەتەلایتە بەڵام بە هۆی گۆڕانکاری لە فرمانی بەرنامەکەیدا بەرنامە ڕێژدەکرێت بە شێوەیەکی وا کە کۆمەڵێك فرمان بەجێ بهێنێت وەهەر بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە، فرمانی دینگڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە کردنەوەی کەناڵە مشەفەرەکانە .

ئێمە هەمومان شارەزایمان لەسەر کۆمەڵە کەناڵەکانی (Orbit Showtime & aljazeera & art) هەیەو دەشزانین ئەم کەناڵانە بەکارت دەکرێنەوە هەر کۆمەڵە کەناڵێکیش نرخی کارتی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ نمونە لە ئێستادا نرخی کارتی الجزیرە ١٠٠ دۆلارەو ئۆربێت شۆتایم ٦٦٦ دۆلارەو ئەی ئار تی ١٦٦ دۆلارە. ئەگەر بتەوێت هەموو ئەو کەناڵانە ببینیت کە لە نیل ساتدا مشەفەرن دەبێت ئەو سێ کارتە بکڕیت کە تەنها بۆ ساڵێك کاردەکات و بەو نرخانەش کەباسم کرد ، بەڵام سەیر لەوەدایە ئێستا بەهۆی ئامێرێکەوە کەناو نراوە دینگڵ نرخەکەشی کە زۆر کەمە دەتوانیت هەموو ئەو کەناڵانە ببینیت بێ کێشەش دەیان کاتەوە ساڵانەش هیچ برە پارەیەکیش نادەیت . بابزانین چۆن ؟

جۆرەکانی دینگڵ زۆرن من ئەم چەند جۆرەم هەڵبژاردوە کە هەمویان لە بازارەکانی کوردستاندا دەست دەکەون (ibox، Microbox،Timer،Y6،Y4،Black Gold) ئەم دینگڵانە هەمویان پێویستیان بە سەحنی تایبەتی خۆیان هەیە واتە تۆ دەبێت جگە لە سەحنەی کە لە جیهازەکەت بەستوە سەحنێکی کە دابنێیت بۆ ئەم دینگڵانە وە پێویست دەکات ڕوبکرێتە (w3&w6) یاخود هەر قەمەرێك کە کەپشتگیری دەکات بەڵام ئەم دوو قەمەرە پشتگیری ١٠٠٪ زۆربەی دینگڵەکانە، بێگومان ڕێژەی کردنەوەی کەناڵەکان لە دینگڵێکەوە بۆ دینگڵێکی تر جیاوازە ئەوەش دەکەوێتە سەرتوانای دینگڵەکە .

دینگڵ پشتگیری دەکرێت لەلایەن چەند هاکەرێکەوە . بۆ زیاتر تێگەشتین لەم باسە ئێستا ئەگەر دینگڵێك بە نمونە وەربگرین . ئەوا بەم جۆرە پیناسەی بۆ دەکەین .

دینگڵ ئامێرێکی سەتەلایتی دیجتاڵی بچوکە لە بنەڕەتدا زۆربەی دینگڵەکان لە چین دروست دەکرێت و بە هۆی ڕێکەوتنی هاکەرەکان و کۆمپانیاکانی بواری بەهەم هێنان لە چین ئەم ئامێرە برەوی پێدراوە وا گونجێنراوە کە وەك دنگڵ کاربکات لە ڕوی سیڤەرەوە کەناڵەکان بێکێشە دەکاتەوە. نرخی دینگڵ لە ٣٥ دۆلارەوە دەست پێدەکات تا ٨٠ دۆلار ، هەردینگڵێك تایبەتمەندکراوە بەچەند جۆریك لە سەتەلایت بۆ نمونە مایکرۆبۆکس لەسەر زۆرێك لە ئامێرکان کاردەکات وەك ستارسات ستارکۆم ستارماکس بەڵام لەسەر نێکست کار ناکات چونکە تایبەتمەندی (توینی) تێدا نیە بەڵام لەوانەیە بتوانرێت ئەم تایبەتمەندیەی بۆ زیاد بکرێت، هەر دینگڵێك تایبەتە بە چەند جۆرێکی سەتەلایت ناکرێت دینگڵێك بۆ هەموو جۆرەکانی سەتەلایت بەکاربهێنرێت بەڵام دەکرێت بۆ چەند جۆرێکی جیاواز بەکاربهێنرێت بەپێی توانای پاڵپشتیکردن ئەم کارە دەکرێت.

کۆمەڵەی کەناڵەکان کامانەن کە دینگڵ دەیانکاتەوەو لە چ قەمەرێکیشدا دەیانکاتەوە ؟

لەڕاستیدا نە کەناڵی ئێجگار زۆر دەکاتەوە وە نە کەمیش بەڵام بەهۆی نوێکردنەوەکانی سۆفت وێریەکەیەوە لە وانەیە ئەم ڕێژەیە کەم و زیاد بکات بەڵام ئەو کۆمەڵانەی کەزۆر ناسراون لای ئێمە بریتین لە کۆمەڵە کەناڵەکانی

ئالێرەدا کاری دینگڵەکە ئەوەیە کۆدی نوێ بنێرێت بۆ ئەوەی کەناڵەکە ڕانەوەستێت لەوانەیە پرسیاربکەیت ئایا چەندی پێدەچێت ؟ لەڕاستیدا ئەوە جۆری دینگڵەکەو سیڤەری پشتگیریەکەی وەڵامان دەداتەوە ئەگەر ئەو سیڤەرەی پشتی پێدەبەستێت بەهێزبێت ئەوا کەمترین برینی دەبێت زۆر بەخێرای کۆدی دوای ئەو دەنێرێت واتە کەمترین کات ڕادەوەستێت وە بە پێچەوانەشەوە ، لەوانەشە ڕێژەی سیگناڵ پەیوەندی هەبێت بەم کارەشەوە واتە تا سیگناڵ بەرزبێت توانای سیڤەرەکەش بە هێز دەبێت ، وەبەپێچەوانەشەوە . من باسی سەحنی تایبەت بە دینگڵەکە دەکەم کە دەبێت ڕێژەی سیگناڵی بەرزبێت .



لێرەدا شتێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە هیچ دنگڵێك گرەنتی نییە تەنانەت لە ماوەی کارکردنیشیدا چەندین جار ڕادەوەستێت بەڵام لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەتەوە سیڤەرەکەی نوێ دەکرێتەوەو پاشان دەکەوێتەوە کارکردن ئەم کارەش لە وانەیە لە مانگێکدا جارێك تا دووجار ڕوبدات . دەبێت ئەوەشمان بیر نەچێت کە دینگڵ دوو جۆرە ئەم جۆرانەی من باسم کردن دینگڵی دەرەکین واتە لەدەرەوەی جیهازەکەن بەڵام هەشمانە لەناو جیهازەکە جێگیرکراوە واتە داخلیە کە ئەمەیان کێشەی کەمترە جۆرەکانیشیان زۆرە بەڵام شێوازی کارکردنی هەر بە هەمان شێوەیە . جگەلەمانەش ڕێگای ترهەیە بۆ کردنەوەی کەناڵەکان ئەویش بە هۆی (Cams & Smartcards) ئەمەش بریتین لە جۆرکانی کارتی سەتەلایت ونوێکردنەوەیان پاش بەسەرچوون بەڵام ئەم کارتانەلە وڵاتی خۆماندا زۆر کەمە .

بەشێك لەو ئامێرانەی کە دینگڵی ناوەکیان هەیە لە ئێستادا بە هۆی هێڵی ئینتەرنێتەوە چالاك دەکرێن و لە ڕوی جۆریشەوە چەند بەرامبەر بە دینگڵی سەتەلایت باشترەو خێرا ترە لە ڕووی کردنەوەی کەناڵەکانەوە بەڵام ئەم کارە بۆ ئەو کەسانەی کە ئینتەرنێتیان نیە نابێت، کارەکە لەم بارەدا پێویست بە دوو سەحن ناکات بەڵکو کاری سەحنی دووەم ئینتەرنێت بەڕێی دەکات و بە هۆی سیڤەری تایبەت و جێگیر لەسەر ئامێرەکە نوێترین کۆدی کردنەوەی کەناڵەکان دەگات پێی، هەندێك جار پاش لەکار کەوتنی سیڤەرە سەرەکیەکە دووبارە دەتوانرێت نوێ بکرێتەوەو چالاکیەکەی بۆ باری یەکەمجار دەگەڕێتەوە .

Jazeera Sport +
(Nilesat&Hotbird& Badr Arabsat)
Art Pehla & Arabesque
(Nilesat & Hotbird)
Orbit Showtime Network
(Nilesat)
Canal+ & CanalSat & Canal Digital
(Hotbird & Astra)
Canal + Maghreb
(Badr Arabsat)
Bis Tv
(Hotbird & Atlantic Bird 5W)
Sky Italia (Hotbird)
AbSat (Hotbird)
Cyfra+ (Hotbird)
Digi Turk
(Turksat 1c & Eutelsat W3)
Nova (Hotbird)
Digital+ (Astra)
TV Vlaandren (Astra)

چەندانی تریش هەندێك لەم کۆمەڵانەی کە دینگڵ دەیکاتەوە هەمیشە لە ژێر مەترسی داخستندایە چونکە لە بنەڕەتدا کارەکە نایاسایە و ڕێپێنەدراوە، بۆیە دەکرێت کەم و زیاد بکرێت لە کاتە جیاوازەکاندا.

هەموو ئامێرێکی دینگڵ چەند پێداویستیەکی لەگەڵدایە بۆیە تۆش دەبێت وەك پێویست بەکاری بهێنیت وەك کۆنترۆڵ وایەری تایبەتی گواستنەوەی وێنە، وە دەبێت سەحنی تایبەت بە خۆی هەبێت جیاواز لەو سەحنەی کە سەتەلایتە بنەڕەتیەکە بەکاری دەهێنێت.

سەبارەت بە بناغەی کارکردنی دینگڵ بەم شێوەیە هەر کۆمەڵە کەناڵێك سیستەمی تشفیری جیاوازە جۆرەکانیش لەمانە بەدەر نین (Irdeto 1/2 اردیتو ، Seca 1/2 سیکا ، Viaccess 1/2 فیاکسس ، Nagra 1/2 نگرافیژن ، Biss بیس ، Crypto-works کریبتوورکس) .

ئەم جۆرانەش هەریەکەیان سیستەمی گۆڕینی کۆدەکان و تەنانەت ژمارەی کۆدەکانیشیان جیاوازە بۆنمونە ئەمە نمونەی کۆدێکە سیستەمی بیس (33 22 22 22 66 11 11 11) وە ئەمەش نمونەی کۆدێکە بە نیضامی اردیتو

(-I 060400 06 4C8539466D6B
4805408449DC778FC603)

سەرنج بدەن جیاوازیەکە زۆرە ئەم کۆدانە ئەگەر بزانرێت ئەوا ڕاستەوخۆ پاش داغڵکرنی بۆ جیهازەکەت کەناڵی مەبەست دەکرێتەوە بەڵام ئەم کۆدانە بەردەوام لە گۆڕاندان ئەمەش مانای وایە لەخولەکێکدا لەوانەیە چەندجارێك کۆدی تایبەت بە سیستەمەکەی بگۆڕێت





فریکوێنسی هەندێك لە کەناڵە کوردییەکان

نایلسات

Kirkuk Badinan
10757 V 27500

Zagros Kurdsat
10795 V 27500

Speda TRT 6
10872 V 27500

Vin TV KNN Gali Kurdistan
Hawler Kurdmax TV AUC
10891 H 27500

Kurd 1 Kanal 4
10930 H 27500

Jamawar
11315 V 27500

MMC Payam Newroz
11353 V 27500

Kurdistan Parliament
11391 V 27500

Kurdistan NRT
11526 H 27500

Arzaq Kurdistan
12034 H 27500

Rabon Sahar 2
12303 H 27500

Korek
12398 V 27500

هۆتبێرد

Zagros
10723 H 29900

Kurdsat Rojhelat TV
10815 H 27500

Kurdistan TV
11137 H 27500

Gali Kurdistan TV
11200 V 27500

ASO Sat
11470 V 27500

Tishk TV
11585 V 27500

Kurd Channel
11642 H 27500

KNN Speda
12380 V 27500

Payam
12380 V 27500





نووسینی : هۆشمەند صالح

پێکەوەبەستنی بێ‌وایەر چییەو چەند جۆرە؟

بەم دواییە یەکێك لە خزمەتگوزاریە هەرە باشەکانی بواری تەکنەلۆژیای پەیوەستبوون کەوتە کارو هەر زۆر بەزوویش بڵاوەی کرد تا کار گەیشتە ئەوەی تەواوی ئەو ئامیرانەی کە پێشتر بە هۆکارەکانی وەك کیبڵ کاریان دەکرد هەموویان ئەو زانستە نوێیان وەك فریاد ڕەسێك تەماشا دەکرد و تەواوی ئامیرەکان ئەم خزمەتگوزاریەی بۆ زیاد کرا لە ئێستادا ئامیریك نیە ئەم جۆرە داهێنانە نوێیەی بۆ پیشنیار نەکرابێت چونکە بڕی تێچون و هاوکات لایەنی جوانی و ئاسانی لە بەدەستکەوتندا بەچەندین جار لە جۆری پەیوەستبونە کلاسیکیەکە گونجاوترە .

بیرۆکەی دروستکردنی وایەرلێس بەستنەوەی ئامێرە جیاوازەکانە بەبێ بەکارهێنانی وایەری پێکەوە بەستن بەڵام لە ڕوبەرێکی دیاریکراودا. تۆڕی ڕادیۆیی یەکەمین تۆڕی بێ تەلە کە بەرهەم هێنرابێت و لە ئێستادا تەواوی تۆڕە وایەرلێسەکان لەسەر ئەم بنەمایە بنیاد دەنرێن بەڵام بە توانای جیاواز یەکەمین تایبەتمەندی کە لە ئامێرە سمارت فۆنەکان و ئامرازەکانی تری کۆمپیوتەردا جێگیرکرا بریتی بوو لە (تیشکی ژێرسور) دواتر بلوتوس لە ئێستاشدا (وای فای) و (وای ماکس) کە نوێترین داهێنانی بەستنەوەی ئامێرەکانەو بە بەراورد بە دوو تەکنەلۆژیاکەی تر زۆر پێشکەوتوو ترە .



یەکەم ڕێگا کە بەکاردەهێنرا بۆ بەرستنەوەی ئامێرە جیاوازەکان ئەوەش ناودەبرێت بە (تیشکی ژێرسور) یان بە ناوی (Infra Red) ئینفرا ڕێت ناسراوە لەم جۆرە پەیوەست بونەدا پشت بەڕەنگی نەبینراو دەبەسرێت کە ٥١٪ تیشکی ڕۆژ لەم جۆرەیە و مرۆڤ ناتوانێت بینینێت ، واتە هیچ شەپۆلێکی ڕادیۆیی تێدا بەکار نەهێنراوە ئەوەش بە هۆی کەم توانایی و نەبوونی تایبەتمەندی زۆرەوە تا ڕادەیەك بەکارهێنەرانی بێزارکردبوو ئەم تەکنەلۆژیایە ئێستا بەڕادەیەك کەم بوەتەوە کە کەمترین کەڵکی لێوەردەگیرێت،بەڵام لە پێکەوە بەستنی تەلەفزیۆن و کۆنترۆڵەکەیدا ئەم تەکنەلۆژیایە ئێستا برەوی پێدراوەو باشترین هۆکارە بۆ دەستگرتن بەسەر چالاکیەکانی تی ڤیدا وە ڕوبەری کاری بۆ نزیکەی (٥٠) مەتر زیادکراوە.



دووەم هۆکار بۆ بەستنەوەی ئامێرەکان بەرهەم هێنانی بلوتوس بوو ئەم داهێنانە لەسەرەتادا پێشوازیەکی ئێجگار گەرمی لێکراو بەتەواوی لەسەر هەموو جۆرەکانی کۆمپیوتەرو هەموو سمارت فۆنەکان و تابلێتەکان جێگیرکرا چونکە بە بەراورد بە پەیوەستبونی جۆری یەکەم زیاتر پێشکەوتوو تربوو ، بەڵام کێشەی گەورە لەم تەکنەلۆژیایەدا لایەنی پاراستن و ماوەی کورت ڕەوی بوو کە وای لەم داهێنراوەش کرد لە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە وردە وردە پاشەکشە بکات لە ئامێرە نوێیەکانیاندا ، بەجۆرێك ئێستا لەزۆربەی لاپتۆپەکان دا ئەم یەکنەلۆژیایەی تێدا جێگیرناکرێت وە بەڵام لە سمارت فۆنەکان و ئامێرەکانی وەك (پرێنتەروسکانەرەو ... هتد) ئەم تەکنەلۆژیایە هێشتا جێگای خۆی گرتووە ، بلوتوس توانای بڵاوبوونەوەی بۆ دوری (١٠) مەتر هەیە ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی چەندین ئامێر لە شوێنی دیاریکراودا پێکەوە ببەستیتەوە.



لە بناغەی کاری ئەم دوو تەکنەلۆژیایەدا دووجیاوازی سەرەکی هەیە کەئەوەش وایلێکردوە بلوتوس پێشەنگ بێت و چیتر بۆ گرێ دانی ئامێرەکان پەنا نەبرێتە بەر تیشکی ژێر سور بەم جۆرە

لە تەکنەلۆژیای تیشکی ژێرسوردا تەنها دوو ئامێر پێکەوە گرێ دەدرێت و ناکرێت لە دوو ئامێر زیاتر لەیەك کاتتدا پێکەوە ببەسرێتەوە واتە (one to one) وە ڕووبەڕوی یەکتربن بەڵام ئەم کارە لە بلوتوسدا پێچەوانەیەو دەتوانرێت لەیەك کاتتدا چەندین ئامێر پێکەوە گرێ بدرێت بەهەموو لایەکیشدا پەخش دەکرێت.

وە لە تەکنەلۆژیای تیشکی ژێرسوردا دەبێت ئەو دوو ئامێرە لەنزیك یەکەوەبن بە هیچ جۆرێك بەربەست نەبێت لە نێوان دوو ئامێرە پێکەوە گرێدراوەکەدا ، بەڵام لە بلوتوسدا ئەگەرچی بەربەستیش هەبێت بەڵام هیچ کێشەیەك بۆ ئەم جۆرە پەیوەست بوونە دروست ناکات.



سێیەم جۆری پەیوەست بوون بریتیە لە (Wi-Fi) وای فای کورتکراوەی (Wireless Fidelity) کە نوێترین هۆکاری پێکەوە گرێدانی ئامێرەکان ئەم تەکنەلۆژیایە ئێستا بەتەواوی جیهانی تۆڕەکانی پێکەوە گرێ داوە چونکە تەیبەتمەندیەکانی بە بەراورد بە دوو هۆکارەکەی تری پێکەوە بەستن ئێجگار زۆرترە ، لە تایبەتمەندیە هەرە نایابەکانی ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە بوونی لایەنی پاراستن و دەستگرتنە بەسەر تەواوی کەلێنی هاتنە ژورەوەی بۆناو جیهانی ئەم تۆڕە لە بنەڕەتدا ئەم لایەنەی زۆر بەهێزەو بەئەستەم دەتوانرێت دیواری بەربەستەکەی تێك بشکێنرێت بەتایبەتی کاتێك بە تایبەتمەندی (WEP) سود لەم تۆڕە وەردەگیرێت و کۆد بۆ پەیوەست بوون بەکاردەهێنرێت ،هاوکات توانای بڵاو بوونەوەی بێ سنورەو لە ئێستادا ئەم تەکنەلۆژیایە لە لاپتۆپەکاندا بۆ دوری (٤٥)مەتر زیادکراوە و ئێجگار خێرایە لەگواستنەوەی داتا بەقەبارەی ٥٤ مێگابایت لە چرکەیەکدا لە نێوان ئامێرە جیاوازەکاندا ، لەم تەکنەلۆژیا نوێیەدا لەسەر بنەمای (خاڵی گەرم) کە بەرامبەر وشەی (Hotspots) ە بناغەیەکی مەزنەو دەکرێت لەڕێگەی یەك تۆڕی پەخش کەرەوەی وەك لاپتۆپێك چەندین ئامێری جیاوازی تر بتوانن بچنە ناو تۆڕەکەوە بەڵام لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا ، ئەمەش بناغەی کاری کۆمپانیاکانە کاتێك بەهۆی سیڤەرێکەوە چەندین کۆمپیوتەر بەماوەی جیاواز پێکەوە گرێ دەدرێت لەلایەن یەك ئەدمینەوە دەسەڵاتەکان دابەش دەکرێت و هەرکۆمپیوتەرێك بەپێ ی ئەوەدەسەڵاتەی پێ ی دراوە دەتوانیت سود لە سیڤەرە سەرەکیەکە وەربگرێت .

پاش ماوەیەك بەسەر تێپەڕبوونی بەرهەمی وای فایدا وای ماکس بەرهەم هێنرا لەڕوی بناغەی کارەوە هەمان شێوەی وای فایە بەڵام توانای زۆر زیاتر و دەتوانرێت بۆ شوێنێکی ماوە درێژ ئەم تۆڕە بوەشێنرێت.

وە بەم داواییانە چەند گرفتێك لەم دوو بەرهەمەشدا پەیدابوون و ئەوگرفتانەش (دروستبونی تەشویش لەسەر تۆڕەکان ،ئاڵوگۆڕی کەش و هەوا ، وزەیەکی زۆری لاپتۆپەکان کاردەکات ، ماوەی وەشاندنەکەی دیاریکراوە تادور تربیت ڕێژەی وەرگرتن لاواز دەبێت ، وە لەلایەن هاکەری زیرەکەوە لەوانەیە ڕوبەڕوی هاککردن ببێتەوە) ئەم گرفتانەش لە تۆڕێکەوە بۆتۆڕێکی تر جیاوازە و لەوانەیە جۆری ئەوهاردوێرەش کە بەکاری دەهێنیت بۆبەخشکردن خۆی بوبێتە هۆی کێشە بۆ تۆڕە دروستکراوەکە.



چۆنێتی بەکارهێنانی بەرنامەی iTools

بەرنامەی (iTools) بەرنامەیەکی بچوکی پۆرتەبڵەو بــە پشــتیوانی (iTunes) کاردەکات ، ئــەم بەرنامەیە بەجۆرێك مامەڵەی ئاسانە ئەوەی جارێك تاقیبکاتەوە لە کەمتریــن کاتتدا پەنا دەباتەوە بەر (iTunes) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆســادەیی لەمامەڵەکردن و هاوکات ئاســان لەبەکارهێنانــدا ، ئێمە دەزانیــن بەرهەمەکانی ئەپڵ لە بواری (ipod , ipad , iphone) بەشێوەیەکی گشتی ئێســتا بەکارهێنەرانێکــی زۆری بەلای خۆیدا ڕاکێشــاوە هــەر ئەمــەش وادەکات زیاتــر بەکارهێنەران پشــت بە ســادەترین و ئاســانترین هۆکار ببەســتن بۆ ئەوەی بەو پەڕی خێراییەوە کارەکانیان لەگەڵ ئەم جۆرە ئامێرانەدا ڕاپەڕێنن. بەرنامــەی (iTools) بەتەنها خۆی کارناکات بەڵکو دەبێت بەرنامەی (iTunes) پێشــتر دابەزاندبێت ئەمەش مەرجــە بۆ بەکارهێنانی ئــەم بەرنامەیە بەڵام لەکاتی کارکردندا لەســەر ئــەم بەرنامەیەدا بە دەگمەن نەبێــت کارت بە (iTunes) نیــە . ڕوکاری بەرنامەکە ســادەیەو دوای ئــەوەی (ipod , ipad , iphone) پەیوەستکرد بەکۆمپیوتەرەکەتەوە بەرنامەی (iTools) بەم جۆرەیە ، ســەرنج بــدە تــەواوی زانیاریەکانی ئەو ئایفۆنەی کە پێوەی پەیوەستکراوە بەم جۆرە دەردەکەوێت ، بڕوانــە وێنەی یەکــەم و لای چەپی بەرنامەکە دەوری کۆنتــرۆڵ پانێــڵ دەبینیت بۆ ئــەم بەرنامەیەو تەواوی فرمانەکانی تێدا کۆکراوەتەوە بەم جۆرە :



Media بۆپیشــاندان بەڕێوەبردنی بابەتەکانی (ماڵتی میدیا) زیادکردن یان سڕینەوەی دەنگ و ڕەنگ لە ئامێرەکەتدا.

Photos وێنەکان و ڤیدیۆیەکانی ناو ئامیرەکەت گۆڕانکاری و زیادکردن و سڕینەوە و پاراستنی لەم بەشەدا بەئاسانی دەکرێت.

iBooks ئەم خزمەتگوزایە ئەگەر چی لە ولاتی خۆماندا کەمترین ســودی لێوەردەگیرێــت بەڵام زۆر بە بایەخە لەڕوی بەکارهێنانەوە ئەوەش بە مەبەســتی سود وەرگرتن لە پەرتوکە ئەلیکترۆنیەکان و خوێندنەوەیان.

Applications ئەم بەشە تایبەتە بە بەرنامە و یارییە ســێتەپکراوەکانی ناو ئامێرکەت کە گرنگترین بەشە لەم بەرنامەدا دواتر ڕونکردنەوەی لەسەر دەدەم.

Desktop ئــەم بەشــە تایبەتــە بــە پیشــاندانی شاشــەی ئایفۆنەکەت بە تایبەتمەندیەکی زۆر باشەوە کە دەتوانیت لەم ڕێگەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کردارەکانی ناو ئایفۆنەکەت بە فۆتۆ یان ڤیدیۆ وینە بگریت. لەدوایدا باسی ئەم بەشەش دەکەم.

Storage ئەم بەشــە تایبەتە بە میمۆری و وەك فلاشــێکی دەرەکی بیرەوەری ئامێرەکەت بەکاربهێنیت بۆ پاراستنی داتاو زانیاریەکان و دەتوانیت بۆ ئەم مەبەستە فۆڵدەری جیاواز جیاواز لەم بەشەدا دروست بکەیت.

FileSystem فایلی سیستەم ئەم بەشە گرنگی خۆی هەیە چونکە دەتوانیت دەستت بگات بە تەواوی فایلەکانی سیســتەمی ئەو ئامێرەی پێوەی پەیوەستکراوە زۆرگرنگە بــۆ ئەو ئامێرانەی جێڵبرێك کراون تابتوانن هۆکارەکانی سیدیا لێرەوە بەتەواوی بەکاربهێنن .

Information ئەم بەشــە تایبەتە بە زانیاریەکانی پەیوەندی و هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندیان پێوەدەکەیت

لەم بەشـــەدا دەتوانیت بەتەواوی دەستی بەسەردا بگریت گۆڕانکاری تێدا بکەیت یان ناوی تر زیاد بکەیت و تەنانەت دەتوانیت وێنەی تایبەت بە هەر ژمارەیەك دابنێیت .

Advanced بەشی کۆتایی کە بەشی (advanced) سێ کرداری گرنگی تێدا ئەنجام دەدرێت یەکەم (Open tunnel SSH) بۆپاراستنی (شاش) کە لەکاتی بەرزونزم کردنەوەی ڤێرژندا سودی لێوەردەگریت. دووەم (Clean up) کە بۆســـڕینەوەی ئەوبەرنامانەی کە دانەبەزێنراون یـــان بێکەڵکـــن واتـــە دەوری پاکەرەوەیـــەك دەبینێـــت . سێیەمیش بۆ ئەوەیە ڕێ لەکردنەوەی (iTunes) بگریت لەکاتی بەکارهێنانی ئەم بەرنامەدا

لە بەشـــی (applications) دا من باسی دوو کردار دەکەم کە زۆربەمان پێویستمانە

یەکەم : سڕینەوەو زیادکردنی بەرنامە بۆ ئایفۆنەکە دیـــارە لە ئایتونســـدا هەندێك جار گرفتمان بۆ دروســـت دەبێـــت هەندێك جاریش کاتێکـــی زۆر دەخایەنێت بەڵام ئەم بەرنامەیە زۆر بەتوانایە لەم بوارەدا زۆر بەئاســـانی دەتوانێـــت کاری ســـێتەپ کـــردن وســـڕینەوەی بەرنامە ئەنجام بدەیـــت ، بۆنمونە ئەگـــەر بتەوێت بەرنامەیەك بســـڕیتەوە ئـــەوا تەنها کلیـــك لەســـەر Uninstall کە ئاماژەم پێداوە لە بەردەم بەرنامەی مەبەســـت و ڕازیبون هەڵبژێرەو بەرنامەکە دەسڕێتەوە ، بەڵام ئەگەر بمانەوێت بەرنامەیەك زیاد بکەین ئەوا بەم جۆرە دەبێت ســـەرەتا کلیك لەسەر (Install) بکەین کە لە تابەکەدا دیارە



پاشـــان لەڕوکارێکدا دەبێـــت بەرنامەکە هەڵبژێرت و پاشـــان (open) دەکەین ئەم بۆکســـەمان پیشان دەدات کە ســـەرقاڵی بەرنامەکـــە ڕادەگەیەنیت بە جێگیرکردنی بەرنامەکە لەســـەر ئامێرەکە سەرنج لەوێنەکە بدە پاش کەمێـــك بەرنامەکە بەســـەرکەوتوانە جێگیـــر دەبێت و دەتوانیت بێ هیچ گرفتێك بەکاری بهێنیت.



دووەم : چۆنیەتـــی (Backup) کردنـــی بەرنامـــەو یاریەکان:


ئەم کردارەش زۆر گرنگە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بەرنامـــەو یاریەکان هەڵبگرن و کاتێکی تر دایبەزێننەوە ،هەروەهـــا ئـــەم کـــردارە گرنگـــی خـــۆی هەیـــە لەوەی بەرنامـــەکان بەنـــاوی خۆیانەوەو بەجیـــاواز ڕیز دەکات بۆمـــان و دەتوانین بـــە cd و dvd یان لە میمۆریەوە بو هەر شـــوێنێك بمانەوێت بیگوازینەوەو هەر کاتێکیش بمانەوێـــت دەتوانیـــن دایبەزێنینـــەوە وەك لەوێنەکـــەدا ئامـــاژەم پێداوە من دەمەوێت تەواوی بەرنامەو یاریەکان باگ ئەپ بکەم بۆیە ئەوچوارگۆشـــانەم دیاریکردوە بەڵام تۆ دەکرێت چەند دانەیەك هەڵبژێریت و پاشـــان کارەکە بکەیت هیچ جیاوازیەکی نیە کلیك لەســـەر(Backup) دەکەم لە تابەکەدا بۆ ئەوەی هەموویانم بۆ بکات



کاتێـــك ئەم ڕوکارەمـــان بۆکرایەوە دەبێت شـــوێنێك دیاری بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەرنامەو یاریەکانی تێدا بپارێزین من فۆڵدەرێکم دروستکردوە لەسەر دیسکتۆپ و دەمەوێت لەو فۆڵدەرەدا بیانپارێزم سەرنج بدە



لەم بۆکســـەدا ئاگادارت دەکاتەوە بۆ بـــەردەوام بوون کلیك لەسەر (Yes) بکە



لێرەدا سەرنج بدە بەرنامەکە دەست دەکات بە باکئەپ کردن چاوەڕوانبە تا تەواو دەبێت

ئەمەش ئەنجامی کارەکەمان لە کۆتاییدا تەواوی بەرنامەو یاریەکانی بۆ پاراستوین بەهەمان ناوی خۆیەوە





لە ناو سیدی گۆڤارەکەدا ئەم بەرنامەیە بە دیاری وەربگرە

نووسینی : هۆشمەند صالح

سیستەمەکانی مۆبایل چین و چۆن کاردەکەن؟



کاتێك مۆبایل بەکاردەهێنیت چەندین ئامرازو بەرنامەو فرمانێکی تێدایە ئەگەر بەکارهێنەرێکی درێژ خایەنی کۆمپیوتەریش بیت هێشتا ئەو کردارانەت لە کۆمپیوتەردا نەبینیوە ، کارەکان لە مۆبایلە سەرەتاییەکاندا سادەو ساکارن بەڵام لە ئێستادا و لە سمارت فۆنەکاندا ئەوەندە پیشکەوتوە دەکەویتە گومانەوە لە فرمانە جۆربەجۆرەکانی هەر وەك کۆمپیوتەرێك دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکەیت لەبەر هەستاری کارەکانی و فراوانی تواناکەی ، لە ئێستادا کۆمەڵێك کۆمپانیای بەناوبانگ پێشەنگی ئەم ڕەوتە دەکەن وەك (سیمبیان و ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس و ویندۆزفۆن و ریم) لێرەدا ڕونکردنەوەی هەر یەکێکیان دەکەین.



سیمبیان یەکێکە لەو سیستەمانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ بەگەڕخستنی مۆبایلە زیرەکەکان لە ئێستا زۆرترین ڕێژەی مۆبایل لە جیهاندا ئەم سیستەمەیان لەسەرە ، زۆرترین بەکارهێنەری ئەم سیستەمە کۆمپانیای نۆکیایەو تەواوی مۆبایلەکانی بەم سیستەمە پرۆگرام ڕێژ دەکات چونکە لەساڵی ٢٠٠٨ دا هەموو پشکەکانی ئەم بەرهەمەی کڕی و دامەزراوەی سیمبیانی ڕاگەیاند . بەشێك لە مۆبایلەکانی سۆنی ئەریکسۆن و سامسۆنگ و .. هتد هەر ئەم سیستەمە بەکار دەهێنن ، ئەم سیستەمە بە زمانی (C++) سی پلەس پلەس داڕێژراوەو بەشێك لە کاری بایثۆن و جاڤاشی تێدایە بەکارهێنانی ئاسانەو ڕێژەیەکی زۆر لە پرۆگرام لەسەر ئەم سیستەمە کاردەکات وەك پاشگرەکانی (sis,sisx,jar) کە بە پێ ی نەوەی دەرچوونی مۆبایلەکە دەگۆڕێت ، لەساڵی ٢٠١٠ دا سەرچاوەی کۆدەکانی ئاشکرا کرد ئەوەش دوای ئەوەی بەکارهێنانی ئەم سیستەمە لەلایەن کۆمپانیاکانی بواری بەرهەم هێنانی سمارت فۆنەوە وردە وردە پشتی تێدەکرا ، ئەم سیستەمە کاردەکات لەسەر پرۆسێسەری (ARM Processo) کە لە ئێستادا ٧٥٪ تەواوی مۆبایلەکانی جیهان ئەم پرۆسێسەرەیان تێدا جێگیر کراوە .



سیستەمی ئەندرۆید کۆمپانیای گۆگڵ پاڵپشت و پشتیوانیەتی لەساڵی ٢٠٠٥ دا ئەم پرۆژەیەی لە بەرهەم هێنەرانی کڕی و پاشان لە ساڵی ٢٠٠٧ وە کەوتە گەشەپێدانی ، ئەم سیستەمە فریەو سەرچاوەکەی ئازادە لە ئێستاشدا بەتەواوی بازاڕی سمارت فۆنەکانی خستوەتە جووڵە بۆ ئەوەی بتوانن ئەم سیستەمە لەسەر بەرهەمەکانیان جێگیر بکەن ، مۆبایلی گالاکسی کە سامسۆنگ بەرهەمی دەهێنێت ئەم سیستەمەی لەسەر جێگیر کراوە خاوەنی جوانیەکی لە ڕادەبەدەرەو توانایەکەی بێ وێنەی هەیە . ئەم سیستەمە بە زمانی

(ســی) دروست کراوه و ئەو بەرنامانە لەسەری کاردەکات کە بەزمانی جافا دادەڕێژرێت لە ئێستادا ٧٠٠٠٠٠ بەرنامە و یاری بۆ ئەم سیستەمە بەرهەم هێنراوە کە گۆگڵ خۆی بازاڕێکــی بۆ داونلۆدکردنی ئەم بەرنامە و یاریانە داناوە لــە ســاڵی ٢٠١٠ دا زۆرترین ڕێژەی ئـــەو مۆبایلانەی ئەم سیســتەمەیان لەسەرە فرۆشراوە ، ئەو کۆمپانیایانەی کە ئێســتا ئەم سیســتەمە بەکەڕ دەخەن لە مۆبایلەکانیاندا بریتین لە (ســۆنی ، سامســۆنگ . ئێڵ جی ، مۆتۆرولا ، توشیبا ، ئەیثەر . دێڵ .... هتد .

سیســتەمی (ئـای ئـۆ ئێــس)




بەرهەمــی کۆمپانیــای ئەپڵــەو لەســاڵی ٢٠٠٧ دا بەرهــەم هێنراوە بــۆ بەکەڕخســتنی ئایفــۆن ، ئەم سیستەمە تەنها لە لایەن کۆمپانیای ئەپڵــەوە بــەکار دەهێنرێــت و بەرهەمەکانــی خۆی پــێ پرۆگرام ڕێــژ دەکات وەك (ئایفــۆن و ئایپــاد و ئایپــۆد) کــە ناودارتریــن ئامێرەکانی ســەردەمن بەزمانی (C, C++, Objective-C)دارێژراوە ، سیســتەمەی (IOS) ئەگەر چی سیســتەمێکی زۆر بەهێــزەو تایبەتمەنــدی ئێجگار بــەرزی تایبــەت بەخــۆی تێدایــە بەڵام ئەم سیســتەمە لەلایەن کۆمپانیای بەرهەم هێنەرەوە لۆك کراوە لەســەر بەرهەمەکانی ، ئەگەر ئێستا ئایفۆن بە نمونە وەربگرین، ئایفۆن دوو جۆر لەم سیســتەمەی لەسەر جێگیر دەکرێت جۆرێکیــان کــە (international) کە لەهــەر وڵاتێك بیت هەر هێڵێکی گەیاندنی تێلە فۆنی هەبێت بێ کێشــە لەگەڵیــدا دەگونجێــت و چــالاك دەبێت ، بــەڵام جۆری دووەمیــان لۆك دەکرێت لەســەر جۆرێك لە هێڵی تایبەت بۆ نمونە ئەو ئایفۆنەی بۆ ئەمریکا بەرهەم دێت لە وڵاتی خۆماندا هیچ ســیمێك تیایدا بەکار ناخرێت ، هەر لەبەر ئەم کارەش بــوە بە نێچیری هاکــەرەکان ڕۆژانە بەدوای هەڵەیەکدا دەگەڕێن لەم سیســتەمە تا ئەو مافەی لەسەر لابەرن ئەو کارەش پێ ی دەوترێت جێڵبرێك واتە لە زیدان ئازادکردن ، دیارە پاش جێڵبرێك کردن ئایفۆن وەك هەر ئینتەرناشــناڵێك لەسەر تەواوی ســیمەکان چالاك دەبێت و لەهەر شــوێنێکداو لەهەر وڵاتێکــدا دەتوانیت ئازادانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت ، ئای ئۆ ئێس بازاڕێکی گەورەی فرۆشــتنی بەرنامەو یاری هەیە کە ئەپڵ دایمەزراندوە تا ئێستا ژمارەیەکی ئێجگار زۆری بەرنامەو یاری تێدایە.



وینــدۆز فــۆن بەرهەمــی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە بۆ سمارت فۆنەکانــی پرۆگرام ڕێژکــردوە بە زمانــی (C++) لەگــەڵ دەرچونی هــەر ویندۆزێکــی مایکرۆســۆفتدا جۆرێــك لــە وینــدۆزی تایبەت بە مۆبایل بەرهەم دەهێنێت لە ساڵی ٢٠٠٩ دا ئەم سیستەمەی ڕاگەیانــد و لەســاڵی ٢٠١٠ دا بەتــەواوی بــڵاو بــووەوە ، پێشــکەوتنی ئەم سیســتەمە لەدەســتی مایکرۆسۆفتدایەو تــا ئێســتا گۆڕانکاریەکی بەرچــاو پاش ئــەوەی بۆیەکەم جار ئاشــکرای کرد لەم سیســتەمەدا ڕوینەداوە چونکە بە چەنــد زمانێك بەرهەم هێنراوە و پــاش دەرچونی چەند ڤێرژنێك لەم سیســتەمە هێشتا هیچ زمانێکی تری بۆ زیاد نەکردوە ، کۆمپانیای مایکرۆسۆفت سەبارەت بە سیستەمە ڕایگەیانــد کە {دووبــارە لێکدانەوەیەکی ورد لەســەر ئەم سیســتەمە دەکەین بەو ئەمێدەی بچێتە کێ برکێوە لەگەڵ سیستەمەکانی تری ئەم بوارە} .



سیســتەمی (ڕیــم) کــە بەسیســتەمی بــلاك بێــری نــاوی دەرکــردوە کۆمپانیــای (Research In Motion Limited) بەرهەمــی هێناوە کــە کۆمپانیایەکــی کەنەدیەو لەبواری گەیاندنــی هەوایدا بەرهەمەکانی خســتوەتە گــەڕ ئــەم کۆمپانیایــە بەرهەمــی بلاك بێــری وەك باشــترین بەرهەمی ناو زەند دەکات و لە ئێســتادا ٩٠ وڵاتی جیهانی پێکەوە بەســتوەتەوە ، ئەم سیستەمەی لەســەر بلاك بێری جێگیرکراوە زیاتــر بۆ دامەزراوە بازرگانیەکان بەســودەو دەتوانرێت بەســەدان کەس لە کۆمپانیایەکی زەبەلاحدا پێکەوە ببەســتێتەوە لە هەر شوێن و جێگایەکدا بن هەربۆیە لەم سەدەیەدا گرنگترین پێداویســتی بازرگانیە ، سیســتەمی ڕیم زیاتر بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیــەکان بەرهەم هێنراوەو هیچ سیســتەمێك وەك سیســتەمی بلاك بێری ئەم تایبەتمەندی پێکەوە گرێدانەی نیە .



سەرەتایەك دەربارەی کۆمپیوتەرو پێکهاتەکانی





جیهانی تەکنەلۆژیا لەگەڵ تەمەنی مرۆڤدا گەشە دەکات بوونی ئامرازو کەرەستە گەلێك کە ئێستا لە بەردەستدان هیچ بوارێکی بۆ خاوکردنەوەی کارەکان نەهێشتوەتەوە ئەوەی لێرەدا گرنگەو شێوازی ڕاپەڕاندنی کارەکانەو بە ئەنجام گەیاندنیەتی بە ماوەیەکی کەم ، کاتێك بۆیەکەم جار دروستکردنی کۆمپیوتەر ڕاگەیەنرا ساڵی (١٩٤٦) بووە لەو کاتەدا گرنگترین پێداویستی سەردەم بووەو لە ئێستاشدا ئەو گرنگی وبایەخەی لە هەموو کایەکانی ژیاندا دەبینین ، بێگومان کاتێك یەکەم جار کۆمپیوتەر دروستکراوە بە قەبارەیەکی ئێجگار زۆر کە دەکاتە نزیکەی سی تەن و لە ڕووبەرێکی نزیکەی یەك کیلۆمەتریدا دامەزرێنراوە کە لە ئێستادا هەموو ئەم پێداویستیانە بچوك کراوەتەوە لە ئامێرێکی دەستی بچوکدا .

کۆمپیوتەر ئامێرێکە کە بەتوانایەکی سەرنج ڕاکێش لە کاتە دووبارە بوەکاندا دەتوانێت چەندین فرمانی ئاراستەبکرێت و ئەویش بە بەخێرایی و بێ گرفت فرمانەکان جێ بەجێ بکات دەشێت تۆ چەندین جار یەك فرمان دووبارەبکەیتەوە بێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی لەسەر دروستبێت . ئەم فرمانانەش کاتێك ئاراستەی دەکەیت وەك شێوەی هێماو نیشانەیەو کۆمپیوتەریش خۆی دەتوانێت ئەو فرمانانە لێك بداتەوەو بەئاسانی دەیگۆڕێت بۆ کاری ویستراو ، بێگومان هۆکاری سەرەکی بۆ لێك دانەوەی ئەم کردارانەش بونی پرۆسێسەرە کەبۆخۆی تەواوی فرمانەکان لێك دەداتەوەو لە هێماو نیشانەوە دەیگۆڕێت بۆ فرمان .

کۆمپیوتەر لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت ئەوەش (مادی) وەك ئامێرەکان واتە هاردو ڕام ... تادوایی ، وە سۆفتوێرە کە ئەم ئامێرانە پێکەوەدەبەستێت و ڕێکیان دەخات دوو جۆرە : ئۆپرێتن سیستەم و پرۆگرامەکان

هاردوێرەکان (ڕەقەکاڵا) :

پێك دێت لە دوو جۆر

١- یەکەی داخڵ کردن کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە زانیاری و فرمان ئاراستەی کۆمپیەتەر بکەیت وەك کیبۆرد ، ماوس ، سکانەر ، مایك ، کامێرا ، دەسکی یاری (جۆیستك) و ......تاد .

٢- یەکەی دەرکردن (پیشاندان و دەنگ دەرو چاپکەر) ...تاد :

ئەمەش لایەنی دووەم پێك دێنێت کە بۆ هۆیەوە دەتوانیت ببینیت یان ببیسیت یان پەڕەو داتا پرێنت بکەیت نمونەی ئەم ئامێرانەش وەك مۆنیتەر ،سپیکەر، ،پرێنتەر.

هەروەها لە نێوان ئەم دوو بەشەش دا هەندێك ئامێر هەیە کەڕاستەوخۆ هەردوو فرمانەکە بەجێ دەهێنێت وەك (شاشەی تەچ) . کەدەتوانیت وەك مۆنیتەرو هەروەها وەك بۆردێك فرمان ئاراستەی کۆمپیوتەرەکەت بکەیت .

هاردوێرەکان کۆمەڵێك ئامێرن کە دروستکراون بۆ بەجێ هێنانی فرمانێکی دیاریکراو بەردەوامیش بەشێوەیەکی خێرا پێش دەکەون لەڕوی کوالیتی و تواناوە . کۆمپیوتەر لەچەند پارچەیەك پێك دێت کە هەر یەکەیان تەواوکەری ئەوی تریانە وە تەواوی ئەم پارچانە لەسەر ڕوتەختێك کۆدەبێتەوە کەپێ ی دەڵێن ڕوتەختی دایك (مەزەبۆرد) لەسەر بۆردی دایك ڕاستەوخۆ پرۆسێسەرو ڕام و ئەوکارت و ئامێرە زیادانە دەبەسرێت کە پێویستن بۆنمونە کارتی شاشە زۆر جار مەزەبۆرد خۆی تایبەتمەندی گرافیك کارتی هەیە بەڵام کارتی شاشەی ناوەکی بەردەوام لاواز ترە لە دەرەکی دیارە مەبەستم لە دیسکتۆپە ، لە لاپتۆپیشدا هەمان

شتەكان دووبارە دەبنەوە بەلاَم بەشێوازێكی بچكوكترو قەبارەیەكی كەمتر داگیر دەكەن لە لاپتۆپدا ناتوانرێت ئامێرە دەرەكیان وەك دیسكتۆپ زیادبكرێت بەڵكو تەواوی ئامێرەكان بە هۆی (USB) زیاد دەكرێن .

ناساندی ئامێرەكان:



مەزەبۆرد: فرمانی بەستنەوەی هەموو ئامێرەكانە پێكەوەو هەوەها شوێنی بەستنی رام و كارتە دەرەكیەكانەو (ROM) Read-only memory یش لەسەر مەزە بۆردە كە فرمانی ئەوەیە تیایدا بایۆس خەزن دەكرێت لۆدی سەرەتاو تێستی ئامێرەكان دەكات و پێكەوە گرێیان دەدات .



پرۆسێسەر : Processor ئەم ئامێرە دەوری عەقڵ دەبینێت لە كۆمپیوتەردا كە هەموو فرمانەكان لە ئامیرە جیاوازەكانەوە وەردەگرێت و لێكیان دەداتەوەو ئاراستەی بەشە جیاوازەكانی دەكات گرنگترین بەشە لە كۆمپیوتەردا كە خێرایی لەم ئامێرەدا زۆرگرنگە بۆ راپەراندی كارەكان رێژەی پێوانە تیایدا بە مێگا هێرتزە.



رام : Random access memory (RAM) ئامێرێكی شێوە شانەییە كە بەشێوەیەكی كاتی داتاو زانیاریەكانی تێدا لۆد دەبێت بە كوژاندنەوەی كۆمپیوتەر خاڵی دەبێتەوە . رێژەی پێونە لەم ئامێرەدا مێگا بایت و گێگایە هەتا زیاتربێت كارەكان خێراتر رادەپەرێنێت .



هارد : Hard شوێنی پاراستنی داتا و زانیاریەكانە بە هەمیشەی كە تیایدا ویندۆزو تەواوی زانیاریەكان هەڵدەگیرێت و كوژاندنەوەی كۆمپیوتەریش هیچ كار لە زانیاریەكانی ناوی ناكات ، رێژەی پێوانە لەم ئامێرەدا مێگاوبایت و گێگا بایت و تێرا بایت و لە ئێستادا چەندین پێوانەی تریش هەن كەبەسەدان جار لە تێرا بایت زیاترە .



گرافیك كارت : Graphics cards كارتی شاشە فرمانی گواستنەوەی وێنەیە بۆ مۆنیتەر بێگومان بە هۆی ئامێری تایبەتەوە لە ئێستا شێوازەكانی كارتی شاشە گۆڕانكاری زۆری بەسەردا هاتووە كاریگەری زۆرگرنگی هەیە لەبەگەڕخستنی بەرنامەی گرافیكی و یارییە كوالیتی بەرزەكاندا ، رێژەی پێوانە لەم ئامێرەدا مێگابایت و گێگابایتە .



مۆنیتەر : واتە شاشەی پێشاندان لە ئێستادا باشترین جۆر (LED) و (LCD) ە تەواوی فرمانی ئاراستەوكراو لەم شاشەوە دەتوانیت ببینیت و دەستی بەسەردا بگریت .

پاوەر سپلای :ئەم ئامێرە بەرپرسیارە لە كارەبای ناو كەیس كە كاری رێكستن وگۆڕینی بۆ (DC) لەم ئامێرەدا ڕوودەدات و هێڵی كارەبایی بۆسەرجەم ئەو پارچانەی پێویستان بەكارەبایە لێ جیادەبێتەوە .

سەرباری ئەم شانەی باسم كرد هەندێك ئامرازی تر لە كۆمپیوتەردا هەن بە تایبەت لە دیسكتۆپدا كە ئەم ئامێرانە پێكەوە دەبەستن وەك وایەری گەیاندن كە ئێستا دوو جۆرە پێشتر تەنها (IDE) هەبوو بەلاَم ئێستا بەشێوەیەكی سەرنج ڕاكێش پێشكەوتنی بەخۆوە بینیوەو وایەری ساتا جێگای گرتووەتەوە كە لە ئێستا زۆرترین جار بەكاردەهێنرێت .






چۆن هاردویری کۆمپیوتەرەکەت دەپارێزیت؟

نووسینی : هۆشمەند صالح

ئێمەی بەکارهێنەری کۆمپیوتەر رۆژانە لە هەر شوێنێکدا بێت کاتێك کارمان بە کۆمپیوتەرەکەمان دەبێت بێ هیچ بیرکردنەوەیەك لەو شوێنە لەڕوی گەرمی و ساردیەوە دایدەگیرسێنین و دەست دەکەین بە بەکارهێنان گەرچی هەندێکمان لەوانەیە ئەو سیفەتەی تێدا بێت کە چۆن بتوانێت پارێزگاری لە هاردویرەکانی بکات و زانیاری دروستی هەبێت لەوبارەوە بەڵام بە گشتی بەکارهێنەری کورد لەم ڕووەوە زانیاریەکی ئەوتۆی لەسەر هاردویرنیەو ناتوانێت ئاگاداربێت لە تایبەتمەندی ئەو هاردویرانەی کە پێك هاتەی کۆمپیوتەرەکەیەتی ، ئەم هۆکارەش زۆرجار کارەساتی بەدوادادێت و دەبێتە هۆی سوتان یان لەکارکەوتنی پارچەیەك لە کۆمپیوتەرەکەیان و لەئایندەدا هەمیشە بە ترسەوە کار بە کۆمپیوتەرەکەیان دەکەن ، ئێمە نازانین کەی هارویری کۆمپیوتەرەکەمان گەرم بووەو کەی لە بارێکی گونجاودایە بەڵام بەگشتی پێمان وایە شوێنی سارد گونجاوە بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ، لەڕاستیدا هەر پارچەیەك لە کۆمپیوتەر لە پلەیەکی دیاریکراودا لەکار دەکەوێت دووبارەش چاك ناکرێتەوەو لەزۆربەی بارەکاندا گرنگترین پارچەکانی وەك پرۆسێسەرو مەزەبۆردو هارد ئەم پێشهاتە چاوەڕوانیانە .

لێرەدا باسی بەرنامەیەکی بچوك دەکەم کە بە یەکجاری لەم کارەساتە دورت دەخاتەوەو دەتوانیت هەمیشە ئاگاداری پلەی گەرمیان بیت،یاخود دەتوانیت خۆکارانە ڕێکی بخەیت و فرمانێکی دیاریکراو وەربگرێت لەکاتی پێویستدا بۆ نمونە ئەگەر پلەی گەرمی لەکارکەوتنی هاردێك (**70**) پلە بێت ئەوا لەڕێگەی ئەم بەرنامەوە دەتوانیت کارێکی وابکەیت کە لە پلەی (**65**) ئاگادارت بکاتەوە لە باری خراپی هاردەکەو یاخود بەیەکجاری کۆمپیوتەرەکەت لەکارکردن ڕابگرێت تا توشی هیچ کارەساتێك نەبێت ئەم بەرنامە زۆرگرنگە بۆ ئەو کەسانەی کە لاپ تۆپ بەکار دەهێنن چونکە زیاتر لاپ تۆپ لەژێر مەترسی سوتاندایە بۆیە بەهۆی ئەم بەرنامەوە دەست دەگیرێت بە سەر خێرایی (فانی) پانکە ساردکەرەوەکانی لاپتۆپەکەداو لەکاتی گەرم بونی هاردویرەکاندا دەورێکی چالاکانە دەبینێت لە ساردکردنەوەیدا .

کاتێك بمانەوێت بەرنامەکە بەکار بهێنین پاش دابەزاندن لەسەر دیسکتۆپ بەم جۆرە دوو فایلی دروستکردوە یەکەمیان ئایکۆنی بەرنامەکەیەو دووەمیان بسڕەوە پێویستمان پێ ی نیە پاشان کردنەوەی بەرنامەکە لە (سێڤن و ڤیستا) دا بەم جۆرە دەبێت کلیکی ڕاست لەسەر شۆرکەتی بەرنامەکە بکەو پاشان(**Run as Administrator**) هەڵبژێرە ڕوکاری بەرنامەکە ئاڵۆزەو چەندین تایبەتمەنی نایابی تێدایە بەڵام لێرەدا باسی گرنگترین تایبەتمەندی ئەم بەرنامە دەکەم و لێرەشەوە دەروازەیەك دەکەمەوە بۆ ئەوەی فێرخواز بتوانێت سود لە تەواوی تایبەتمەندی ئەم بەرنامە نایابە وەربگرێت.



کاتێــك بەرنامەکە دەکەینەوە وەك لــەم ویندا دیارە خۆی هەڵدەســێت بە پشــکنین و ڕێژەی گەرمی ئەو سێ هاردوێرە گرنگەمان بۆ دیاری دەکات لە ڕادەی مەترســی لەکارکەوتنیان ئاگادارمان دەکاتەوە ، لیرەدا مەرج نیە بە هەمیشەی لەم پلەیەدا ئەم هاردوێرانە لەبارێکی ترسناکدا بێت چونکە هــەر کۆمپانیایەك لەگەڵ کۆمپانیایەکی تر جیاوازە لە بەرهەم هێنانی هاردوێرەکانداو پلەی گەرمی لەکارکەوتنی هەر دانەیەکیان جیاوازە

ئەگەر ئێمە لێرەدا بزانین پلەی گەرمی لەکارکەوتنی ئەم هارویێرانە چەندە ئەوا زۆر بەســانایی دەتوانیت ئەو پلەیــە بکەیت بە ئاگادارکردنەوەیەك یاخود فرمانێك بە کۆمپیوتەرەکــەت بکات وە ئەگەر نەشــزانین ئەوا پلەی گەرمی زۆربەی هاردوێــرەکان نزیکن لەیەکەوە دەکرێت بــەم جۆرە ڕێك بخرێت، بۆ ئەوەی کاری بەرنامەکە ڕێك بخەیــن دەبێت ســەرەتا کلیك لەســەر **(Configure)** بکەین تا هەندێك ڕێکخستن بۆ پێشهاتەکان دیاری بکەین


ســەرنج بدە لێــرەدا زۆریــەك لــە تایبەتمەندیەکان دەتوانیت گۆڕانکاریان تێدا بکەیت و وەك پێویست ڕێکیان بخەیت سەرەتا ئەم بەرنامە نزیك کاتژمێری کۆمپیوتەرەکە وەك ژمارەیەکــی پێوانە دەردەکەوێــت دەتوانیت چەندین جار ئــەم بەرنامــە بەکاربهێنیت لەیــەك کاتتدا ئەوەش بەمەبەســتی دیاریکردنــی چەند پلەیــەك و ئاگاداربوون لــە هەریەکەیان من لێرەدا پێم باشــبوو بــەردەوام پلەی گەرمی پرۆسێســەرەکەم پیشــان بدات بۆیە سەرەتا کلیك لەســەر پرۆسێســەرەکەم دەکەم و پاشــان ئەوچوارگۆشە بچوکە دەســت نیشــان دەکــەم ئەم دیاریکردنــە تەنها بۆ

زانینی پلــەی گەرمیەتی ئەگەرنا هیــچ پەیوەندیەکی بە کاری بەرنامەکەوە نیە بەڵام من بۆ نمونە ئێستا دەمەوێت پلەیەکــی گەرمــی دیاریبکەم بۆ ئەوەی هــەر کاتێك ئەو ســێ هاردوێرە گرنگەی کە باســم کرد گەیشتە ئەو پلەیە ئاگادارم بکاتەوە تابتوانم چارەسەری بکەم یاخود لەو پلەیە کە نزیك بێتەوە لە پلەی گەرمی ســوتان کۆمپیوتەرەکەم ڕێســتارت بکات یان بەتەواوی بکوژێتەوە بۆ ئەم مەبەستە ســەرەتا لەو تابــەدا کلیك لەســەر **(Events)** دەکەم کە بەواتایی پێشهاتەکان دێت

لەم ڕوکارەدا وەك دیارە هیچ ڕوداوێك پێشــتر تۆمار نەکردوە بۆیە ڕوکارەکە خاڵیە لە فرمان

لە بەشــی **(if)** کە ئاماژەم پیداوە بەمانای (ئەگەر) دێــت کلیك لەســەر ئــەو چوکلــە بچوکــە دەکەین تا ڕوداوێــك دیــاری بکەین بۆ نمونە من لێــرەدا ڕوداوی گەرم بوونــی هاردەکەم دیاریکردوە ســەرنج لەوێنەکە بدە ، لێرەدا تەواوی هاردوێرە ناســێنراوەکانی تێدایەو دەتوانێت هەمویان ببینیت ، لە بەرانبەر ئەو بەشــەدا کە وەك لەخاڵی دووەمدا ئاماژەم پیداوە کلیك لەســەر ئەو چوکڵەی تریش دەکەیــن چوار فرمانی تێدایە من گەورەترویەکســانە هەڵدەبژێــرم ، وە لــە تەنیشــتیدا بەهەمان شــێوە لەو بۆشاییەدا دەبێت پلەیەکی گەرمی دیاریبکەیــن . بــۆ ئەم مەبەســتە دەبێــت بزانین لەچ پلەیەکی گەرمیدا هارد مەترسی سوتانی هەیە من **(65)** پلــە دیاری دەکەم کە لەم پلەیــەدا هاردەکەمان جێگای مەترســیە وە لەخاڵی چوارەمــدا دەبێت جۆری فرمان دیاریبکەین بۆ نمونە من داوای بۆکسی ئاگادارکردنەوەم

کردوە وە لەخاڵی سێیەمدا دەمەوێت سێ چرکە جارێك ئاگادارم بکاتەوە بۆیە ڕونکردنەوەی ئەو کارانە بەم جۆرەیەو بەم جۆرە فرمانەکەم دیاریکردوە : ئەگەر پلەی گەرمی هاردەکەم گەیشتە (**65**) پلە ئەوا ئاگادارم بکەرەوە هەر سێ چرکە جارێك بە (هاردەکەت لە مەترسیدایە) ئێستا دەبێت کلیك لەسەر (**Add**) بکەم تا فرمانەکە زیاد ببێت وەك لەخاڵی پێنجەمدا ئاماژەم پێداوە



سەرنج بدە بەم جۆرە فرمانەکە زیاد بووە




لێرەدا بەهەمان شێوە فرمانم بۆ بەشەکانی تریش زیاد کردوە بەم جۆرە دەردەکەوێت



ئێستا دێینە سەرباسی فرمانێکی تر ئەوەش هەر تەواوکەری ئەم فرمانەی پێشووەو زۆریش گرنگە بۆ نمونە دیاریم کردوە ئەگەر پلەی گەرمی هاردەکەم بوو بە (**65**) پلە ئەوا ئاگادارم بکەرەوە ئەی ئەگەر هەر زیاتر گەرم بوو چی بکات ئەم بەرنامەیە؟ من لێرەدا فرمانێکی تری بۆ زیاد دەکەم بەوەی ئەگەر پلەی گەرمی هاردەکەم بۆ نمونە ببێت بە (**68**) ئەوا ڕاستەوخۆ کۆمپیوتەرەکەم بکوژێنێتەوە ئەوەش لە پێناو پاراستنی هاردەکەمدایە.

بۆزیادکردنی ئەم فرمانە دەبێت بە هەمان شێوەی پێشوو کارەکان دووبارە بکەمەوە سەرنج لەم وێنە بدە گۆڕانکاری تەنها لە پلەی گەرمیەوە دەست پێدەکات بەم جۆرە



لەخاڵی یەکەمدا پلەی گەرمی (**86**) دیاری دەکەم لە خاڵی دووەمدا (**Execute**) دیاری دەکەم وە لەو بۆشاییەدا دەنوسم (**C:\Windows\System32**) (**shutdown.exe -s -t 00**) بێ هەڵە کردن ئەوە بنوسەرەوە ئەوەش بەمانای فرمانەکە دێت وەك لە خاڵی سێیەمیشدا ئاماژەم پێداوە کلیك لەسەر (**Add**) شیکردنەوەی کارەکە بەم جۆرەیە :

ئەگەر پلەی گەرمی هاردەکەم بوو بە (**68**) پلە ئەوا کۆمپیوتەرەکەم بکوژێنەرەوە

لەناو سیدی گۆڤارەکەدا بەرنامەکە بە دیاری وەربگرە



خوێنەرانی بەڕێز:

ئەم بابەتانەی لەم گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوەوە زادەی فیکری نوسەرن، بۆیە لە هەر کەمو کورتیەك بمان بورن، بێگومان هیچ کارێکیش لەسەرەتادا بێ کەمو کورتی نییە بەڵام دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی زانستی پشتی پێببەسترێت و هیوادارین بە پێشنیازو بۆچوونەکانی ئێوە زیاتر بەرەو پێشی بەرین.

چۆنیەتیی شەحن کردنەوەی پاتری لاپتۆپەکەت و پاراستن و مانەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر

خوینەری ئازیز لە پاش کرینی لاپتۆپێکی نوێ هەوڵ دەدەی بـۆ ماوەیەکـی زۆر بـەکاری بهینیـت و دوربیت لەوەی کە زیانێك بـە لاپتۆپەکەت بگەیەوە پارچەکانی لاپتۆپەکـەت بـە زینـدوی بیهێڵیتەوە بۆیە مـن لێرەدا جەخت دەخەمە سـەر یەکی لە پارچەکانی لاپتۆپەکەت کـە ئەویش پاتریەکەیەتی تاوەکو دوربیت لە گۆڕینی و وە دابەزینی زۆر زووی شـەحنەکە بۆیە خوینەری ئازیز تا دوربی لەو کێشـانەی باسم کرد ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکە :

١. کـە یەکـەم جـار لاپتـۆپ دەکڕیت پێویسـتە بە تەواوی شـەحی بکەیتەوە واتە زیاتر لە ٨ سەعات. پاشان بەکاربهێنرێت.

٢. هـەوڵ بدە کە وایەرلێسـەکەت یان بلوتوسـەکەت بـە کوژاووەی بهێڵیتەوە لە کاتێکـدا کا کارت پێی نییە، چونکـە بـە ڕادەیەکـی زۆر ووزەی پاتـری لاپتۆکەکەت سەرف دەکەن.

٣. کـە کارت بـە لاپتۆپەکـەت نەمـا، کارەباکەشـی بکوژێنـەرەوە، واتە با لەسـەر کارەبـا نەبێت کاتێت کە بەکاری ناهێنیت.

٤. بـۆ درێژکردنـی تەمـەن و هێشـتنەوەی پاتـری لاپتۆپەکەت بە باشی پێویستە هەموو حەفتەیەك جارێك بە تەواوی شەحنی بکەیتەوە و پاشان بهێڵە شەحنی زۆر دابەزێت و دوبارە شەحنی بکەرەوە.

٥. مەهێڵە لە ڕادە بەدەر شەحنی لاپتۆپەکەت دابەزێت واتە لە کاتی کارپێکردنی ئاسـاییت دا بە لە ٢٠٪ کەمتر نەبێت و شەحنی بکەوە.

٦. لاپتۆپەکەت لە شوێنی شێدار و گەرمدا بەکارمەهێنە بە هیچ شێوەیەك.

٧. ئەگـەر کارەبـا کوژایـەوە و لاپتۆپەکەت لەسـەر پاترییەکەی کارپێکرد، هەوڵ بدە کە ڕووناکی شاشەکەت کەم بکەیتەوە و گۆرانی و فایلی دەنگی لێمەدە و هەر لەم کاتانەشـدا ئەو یارییانەشی پێ مەکە کە گرافیکی زۆریان پێویستە .

٨. ئەگـەر بـۆت کـرا هەمـوو مانگ جارێـك پاتری لاپتۆپەکـەت دەربکەیت و شـوێنەکەی پاك بکەیتەوە لە هەر پیسی و تەپوتۆزێك



ڕێبـاز حـسن

نووسینی : هۆشمەند صالح



فێرکاری دروستکردنی ماڵپەڕ بەزمانی ASP.NET

دوای ئەو گۆڕانە خێرایەی کەبەسەر بواری وێب دارشتندا هات بەیەکجاری جیهانی بەرەو لوتکەی داهێنان بردووەوە و لە ئێستادا کاری وێب سایت هەر لەوەدا نەماوەتەوە لەچەند لاپەڕەیەك و وێنەیەك پێك هاتبێت بەڵکو ئێستا وەك پرۆگرامێکی ئۆنلاین مامەڵەی لەگەڵدەکرێت وەك چۆن کار لەگەڵ بەرنامەیەك یان یاریەکی دابەزێنراوی ناو کۆمپیوتەرەکەت دەکەیت ، بێگومان هەر لەسادەییەوە ئەم کارە بە ئێستای نەگەشتووە بەڵکو لە ئێستا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ڕابەرایەتی ئەم شۆڕشە نوێیە دەکات ئەوەش بە دروستکردنی بەهێزترین بەرنامەی بواری پرۆگرامین و دیزاین کە ئەوەش بەرنامەی (Microsoft Visual Studio) .

قسەکردن لەسەر وێب دارشتن بەزمانی (ASP) لەناو کوردا دەتوانم بڵێم هەر نیە زۆر بێئومێدم کاتێك دەبینم تەواوی ماڵپەڕەکوردیەکان بەزمانێکی سادەی (HTML) دروستکراون یاخود پشتیان بە سکریپتە ئامادەکراوەکان بەستوە گەرچی لە ئێستادا ئەوە زۆربڵاوە لەجیهانیشدا، بێ ئاگا لەوەی کە خۆیان دەتوانن سکریپتی تایبەت بۆ خۆیان دروستبکەن و تەواوی نهێنی کارەکەشیان بپارێزن ، بەداخەوە ئەوەی لەناو ئێمەدا زۆر بڵاوە زمانی (HTML) جار جاریش گوێمان لە (PHP) دەبێت یان (JavaScript) ئێمە دەزانین دوا وێزگەی زمانی ماڵپەڕ (PHP) نەبوو وەك پێشتر بانگەشەی بۆ دەکرا هەر زوو دەرکەوت ئەویش ناتوانیت لەگەڵ گۆڕانکاریە نوێیەکاندا بگونجێت هەر لەبەر ئەوەشە ئێستا جیهانی نوی لێ ی هەڵدێت چونکە هەرگیز جێگای متمانە نین ڕۆژێك هەر دەبنە پاروی هاکەرێك جگەلەوەش ئەم جۆرە لە وێب بەس نین چونکە ئەوەی ئێستا جیهان بەرەو ڕوی هەنگاو دەنێت ئەمانە نین بەڵکو ئەم جۆرە لەزمان لە ئێستاو ئایندەدا تەواوی داخوازیەکانی بینەری وێپ پەیچین پڕناکاتەوە .

وەك پیشتر وتم دارشتنی وێب بەزمانی (ASP) تا ئێستا قسەی لەسەر نەکراوە بازاڕی دروستکردنی ماڵپەڕیش بەم زمانە قۆرخ کراوە ، من ناڵیم ئەوانە تاوانبارن نەخێر ئەوان ئەوە کارو مەعیشەتیانە بەڵام نازانم بۆ کەسێك ناتوانێت لانی کەم دەروازەیەك بۆ ئەم جیهانی وێب دیزاینە بکاتەوە بەم زمانە کە ئێستا جیهانی وێب زۆر سەرقاڵە بەم شێوازە لەکارکردنەوە چونکە جێگای متمانەیەو تەواوی لایەنەکانی پاراستنی تێدا پارێزراوە بەمەرجێك ئەگەر پرۆگرامەرێکی بەتوانا ئەو کارەی کردبێت . لێرەدا نامەوێت درێژەی پێبدەم هیوام وایە بتوانم لە زنجیرە وانەیەکی فێرکاری تایبەت بە دیزاین کردنی ماڵپەڕێکی تەواو بەزمانی (ASP) بە پشت بەستن بە (C#) ڕونبکەمەوەو لەکۆتایی دوا وانەدا ببیتە خاوەنی ماڵپەڕێکی تەواو بەم زمانە نوێیە کە ئێستا زمانێکی زۆر سەردەمیانەیە بەڵکو لانی کەم ئەم زنجیرە وانەیە سەرەتایەکی باش بێت بۆ ئەو فێرخوازانەی دەیانەوێت لەم بوارەدا کار بکەن .

بەکورتی دەمەوێت لەم زنجیرە وانە فێرکاریەدا بەزمانێکی بی خەوش و دوور لە ئاڵۆزی لەگەڵ بەرنامەی (Microsoft Visual Studio 2010) دا کۆمەڵێك وانەی فێرکاری باس بکەم دەروازەیەك بکەمەوە بۆ ئەم جیهانە نوێیە ، ئەوەش گرنگە کە بیڵێم لەگەڵ دابەزاندنی ڤێژوەڵدا بەشێك لە بەرنامەی (SQL Server 2008) لەگەڵدایە کە کاری ئێمەی پێ تەواو دەکرێت ، ئێستا ئەوە نوێترین ڤێرژنە و بەرنامەی (Microsoft SQL Server 2008) خۆی سەربەخۆ هەیە کە چەندان کاری گرنگی پێ ئەنجام دەدرێت و خاوەنی توانایەکی لەرادەبەدەرە بەڵام پێویست ناکات ئەم بەرنامەیە بەسەربەخۆ دابەزێنیت ، چونکە ئەو بەشەی تایبەتە بەداتابەیسی ماڵپەڕ لەگەڵ بەرنامەی (Visual Studio) دا دادەبەزێت .

لێرەدا ئامادەکاری دەکەم بۆ دروستکردنی ماڵپەڕێك بە زمانی (C#) هاوکات باسی ئامانجی دروستکردنی ماڵپەڕو دروستکردنی بناغەی ماڵپەڕەکە دەکەین کە زۆرگرنگە هەر وێپ چنێك ئەم باسە بەوردی بخوێنێتەوە .


ماڵپەڕ دروستکردن سەرەتا دەبێت ئامانجێکت هەبێت لە دروستکردنیدا بۆ نمونە ئەگەر من بمەوێت ماڵپەڕێکی هەواڵی دروستبکەم ئەوا لە بنەڕەتدا دەبێت ئەو بناغەیە دابنێم کە ڕوکارێکی هەواڵی و بەشەکانی چۆن دابەش دەبێت ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی کەسی بەکارهێنەری ئینتەرنێت بە ئاسانی دەستی بگات بەنوێترین هەواڵ و هاوکات بەئاسانی ئاگاداری تەواوی بابەتەکانی ئەو ماڵپەڕەبێت ، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك ماڵپەڕێکی هەواڵی دروستبکات ئەوا مەرجە چەند ڕێسایەك پەیڕەوبکات تا ماڵپەڕەکەی ڕوویەکی پرۆفیشناڵی هەبێت و بەکارهێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت ، بەگشتی ماڵپەڕی هەواڵی پێك دێت لە چەند بەشێك کە ناودەبرێت بە (Navigation Bar) هەوەها سلاید شۆیەك کە نوێترین هەواڵ پیشان دەدات وە بەشێکی تایبەت بە ئەرشیفی هەواڵ سەرەڕای بوونی بەشی تایبەت بە زۆرترین جار هەواڵێك بینرابێت و جێگای سەرنج بوبێت وەچەند زیادەیەك وەك توڵێکی هەواڵی هەمیشە جولاو کە تەنها تێکست پیشان دەدات و هاوکات بەشێکی تایبەت بەگەڕان لە ناو ماڵپەڕەکەدا گەلەری و .... هتد .

من لێرەدا بڕیارم داوە ماڵپەڕێکی هەواڵی دروستبکەم بۆیە ئەو بەشانەی کە باسم کرد ئامادەیی دەکەم لەکاتی دیزاین کردندا ڕەچاوی شوێن بۆ هەر بەشێك دەکەم،خاڵێکی تر کە گرنگە لێرەدا بیخەمە ڕوو ئەوەیە ماڵپەڕی هەواڵی لە زۆربەی جارەکاندا لە چەند زمانێك پێك دێت بۆ نمونە (کوردی عەرەبی ئینگلیزی ...هتد) بۆیە لێرەشدا ڕونکردنەوەی چۆنیەتی ئەوکارەش دەکەم

پاش دابەزاندن و چالاککردنی بەرنامەکە کاتێك بۆ یەکەم جار ئەم بەرنامە دەکەینەوە ئەم ڕوکارەمان دێتەپێش کە ناساندنەکەی بەم جۆرەیە،لەخاڵی یەکەمدا داوای پلانی کارت لێدەکات وەك من دیاری بکەو پاشان کلیك لەسەر (start visual studio) بکە




پاش کەمێك ئەم ڕوکارەتان دێتە پێش کە ڕوکاری سەرەکی بەرنامەکەیەو پڕە لە تایبەتمەندی جۆراو جۆر بەڵام لێرەدا باسی چەند لایەنێکی گرنگی دەکەین و کارەکەی خۆمان پێ ڕادەپەڕێنین ، لە خاڵی یەکەمدا ئاماژەم بەبەشێك داوە ئەوە ئێمە کاری لەسەر ناکەین چونکە ئەوە هیچ پەیوەندیەکی بە وێب دارشتنەوە نیە بەڵکو پەیوەندی بە پرۆگرامسازیەوە هەیە، وە لەخاڵی دووەمدا ئەو بەشە تایبەتە بە ئەو پرۆژانەی پێشتر کارت لەسەرکردوە هەمیشە بەرنامەکە بەگەڕ دەخەیت دواهەمین کارەکانی خۆت لێرەدا دەبینیتەوە ، بەڵام وەك دیارە من پێشتر هیچ کارێکم نەکردوە ، وە ئەو دوو چوارگۆشەیە هەر بەو شێوە بمێنێتەوە باشترە ، خاڵی سێیەم تایبەتە بە فێرکاری و چۆنیەتی بەکارهێنانی بەرنامەکە لەو ڕێگەوە بە بوونی هێڵی ئینتەرنێت دەتوانیت چەندین فێرکاری ئەم بەرنامە ببینیت و بیخوێنیتەوە، وە خاڵی چوارەم کە ئاماژەم پێداوە گرنگترین بەشە لەم بەرنامەدا کە پێك هاتەی ماڵپەڕەکەو چەند بەشێکی گرنگی تر لێرەدا نیشان دەدرێت و دەتوانیت کارە بنەڕەتیەکانی ماڵپەڕی تێدا ئەنجام بدەیت






ئێستا بۆ ئەوەی دەست بکەین بە دروستکردنی پرۆژەی وێب سایتێك بەم بەرنامەیە کلیك لەسەر (File > New > Web Site) دەکەم وەك لە وێنەکەدا ئاماژەم پێداوە



خاڵی یەکەم و دووەم و سێیەم جێ بەجێ بکە

دواتر ئەم ڕوکارەت بۆ دەکرێتەوە کە زۆر گرنگە شارەزایی تەواو پەیدا بکەیت لەسەر ئەم ڕوکارە من پێشتر باسی ئەوەم کردوە چ جۆرە سایتێك دروست دەکەم بۆیە لێرەدا تەنها ڕونکردنەوەی خاڵەکان دەکەم ، لە خاڵی یەکەمدا زمانی دارشتنی وێب سایتەکە دیاری دەکەین من لێرەدا (C#) هەڵبژاردوە ، جیاوازی لەنێوان زمانی سی شارب ڤیژوەڵ بەیسکدا ئێجگار کەمە بەڵام زمانی سی شارب ڤۆناغێکی پێشکەوتوو تری بڕیوە ، لە خاڵی سێیەمدا جۆری وێب سایتەکە دیاری دەکەین من یەکەم دانە هەڵدەبژێرم کەلەگەڵ کارەکەمدا گونجاوە ئەگەرنا هەر بەشێك لەوانە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و بە پێ ی بواری خۆی گرنگی ئێجار زۆری هەیە،لەخاڵی سێیەمدا با هەر بەم شێوەبێت بە هیچ جۆرێك مەیگۆڕە،وە لەخاڵی چوارەمدا شوێنێك بۆ پرۆژەکەت دابین بکە خۆی لە دیکۆمێنتدا لەوناو فۆڵدەری بەرنامەکە خۆیدا بۆت دادەنێت کە شوێنێکی گونجاوە بەڵام دەکرێت لێرەدا بیگۆڕیت و هیچ کێشەیەکت بۆ دروست نابێت ، لە کۆتاییدا (OK) بکە

دواتر ئەو کارانەی ئەنجامت دابوو بەم جۆرە دەردەچێت سەرنج بدە لێرەدا بەتەواوی کارەکان ڕونەو لێکدانەوەی ئەو خاڵانە بەم جۆرەیە لەخاڵی یەکەمدا ئاماژەم داوە بەبەشێکی گرنگ کە ئەوەش پیشاندانی پێك هاتەی ماڵپەڕەکە و بەشەکانی تر کە دواتر بەپێ ی پێداویستی باسی دەکەم،خاڵی دووەم بریتیە لە پێك هاتەی ماڵپەڕەکە لەم بەشەدا گرنگترین هۆکارە بۆئەوەی دەست بگریت بەسەر گۆڕانکاریەکانی ماڵپەڕەکەدا ، وەك لە وێنەکەدا دیارە من لاپەڕەی سەرەکی کەبە (Default) ناودەبرێت چالاکم کردوە پاشگری (aspx) بریتیە لە بەرهەمی ئەم بەرنامەیەو دەکرێت بیگۆڕیت بەڵام باشترە هەروابێت،وەلە خاڵی سێیەمدا سێ جۆرە پیشاندان هەیە یەکەم دیزاین وەك لەوێنەکەدا دیارە دووەم سپلیت کە بەمانای جیاکەرەوەدێت واتە لەکاتی چالاك کردنی ئەم بەشەدا سەرچاوەی کۆدەکان و دیزاینەکەشت پیشان دەدات وە بەشی سێیەم بریتیە لە تەنها سەرچاوەکان واتە تەنها کۆدەکان دەبینیت ، ئێستا وەك لەوێنەکەدا دیارە بۆکارئاسانی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ماڵپەڕێکی سادەی خۆکارانە دروستکردوە ئەمەش یاریدەدەرێکی باشە بۆ ئەو کەسانەی سەرەتایانە لەم بوارەدا، بۆ ئەوەی ئەم ماڵپەڕە لە پراوسەردا ببینیت کلیك لەو بەشە بکە کە لە خاڵی سێیەمدا ئاماژەم پێداوە،باشتر وایە پراوسەرەکەت ئینتەرنێت ئیکسپلورەر هەشت بەرەو ژوور بێت





فێرکاری دۆس

بەشی یەکەم

نووسینی : هۆشمەند صالح

دۆس چییە؟

(DOS) کورتکراوەی هەر سێ ووشەی (Operating Disk system) کە بریتیە لەیەکەم سیستەمی کارپێکردن کە لەساڵی ۱۸۹۱ بۆ کۆمپیوتەر دروستکرا .


دۆس بریتیە لە سیستەمێك هەر وەك ویندۆزی ئێستا بەڵام شێوازی مامەڵە کردنی زۆر جیاوازە و کارکردن لە دۆسدا شێوازی خۆی هەیە بۆنمونە لە ویندۆزدا ئێمە پشت بە ڕوکارێکی وێنەیی دەبەستین و بەهۆی ماوسەوە و بەکلیك کردن لەسەر هەر دوگمەیەکی وێنەیی فرمانی مەبەستمان بۆ بەڕێ دەکات بەڵام لەدۆسدا تەنها ڕوکارێکەو لەڕێگەی داخڵ کردنی فرمان (نووسین) لە کیبۆردەوە فرمان ئاراستەی کۆمپیوتەر دەکرێت تا فرمانێکی دیاریکراو بەجێ بهێنێت ماوس لە دۆسدا هیچ فرمانێك بەجێ ناهێنێت . لە ئێستادا ئەم سیستەمی دۆسە بە بەرنامەیەکی بچوکی ویندۆز دادەنرێت بەکلیك کردن لەسەر ئەم بەرنامە بچوکە دەست دەگات بە تەواوی تایبەتمەندیەکانی .

وەك دەزانین ئەگەر پێویست نەبێت ئێمە تایپی فایلەکان دەرناخەین ئەوەش بەمانای ئەوە دێت لە سیستەمە وێنەییەکاندا تایپی فایل بە دەگمەن نەبێت دەرناکەوێت بەڵام لەکاتی کارکردندا لەسەر دۆس پێویستە بۆ کردنەوەی هەر فایلێك پاشگرەکەی پاش نوکتەی ناوەکەی بنوسین ، لەدۆسدا دووجۆر فایل هەیە یەکەمیان بە فایلەکانی (root) بانگدەکرێت کە ناکرێت لە (٨) پیت زیاتربێت وە دووەم جۆر بریتیە لەپاشگرو لەسێ پیت پێك دێت بێگومان دوای نوکتەی کۆتایی هەر ناوێك واتە جیاوازی نێوان ناوەکەو پاشگرەکەی نوکتەیەکە .

چۆنیەتی گەیشتن بەدۆس:

دەتوانین ڕاستەوخۆ لە ڕەن بنوسین (**CMD**) پاشان ئینتەربکەین دۆسمان بۆ دەکرێتەوە

دەتوانین لە بەم شێوەیەش پێ ی بگەین (Command Prompt /Start / All Program / Accessories) پاش ئەوەی کردمانەوە بەم جۆرەیە کە پێك دێت لە ڕوکارێکی ڕەشدا کە لەبەشی سەرەوەیدا ناوی ویندۆزەکە و ڤێرژنەکەی نوسراوە لەگەڵ ناوی بەکارهێنەری کۆمپیوتەرەکە وەك لەم وێنەدا دیارە




بۆ دەرچوون لە دۆس دوو ڕێگا هەیە یەکەم ڕاستەوخۆ لەو شاشە ڕەشەدا بنوسە (Exit) ئینتەر بکە یاخود هەر وەك ڕێگا کلاسیکیەکە تەنها کلیك لەسەر ئەو (☒) بکە دۆس دادەخرێت .

دۆس سیستەمێکی زۆر بەر بڵاوە فێربوون تێگەشتن لێ ی کاتی دەوێت بەڵام لێرەدا من باسی گرنگترین کردارەکانی دۆس دەکەم و هەر بەکارهێنەرێك پێویستە بیانزانێت وە بە هەمیشەیی پێویستی پێیان دەبێت کاتێك لە سیستەمی دۆسدا کاردەکات :

یەکەم : فرمانی (CD)

ئەم فرمانە زۆر گرنگەو بەکاردەهێنرێت بۆ هاتۆچۆکردن لە نێوان شوێنەکاندا ، بۆ نمونە لە پارتێشنی (:C) وە دەتەوێت بچیتە پارتێشنی (:E) یان هەر لەناو یەك پارتێشندا دەتوانیت هاتوچۆ بکەیت لەنێوان فۆڵدەرەکانی دا ، بۆنمونە من دەمەوێت بچمە پارتێشنی (:E) بەم شێوە تەنها دەنووسم (:e) ئینتەردەکەم سەرنج بدە ئێستا ئێمە لە پارتێشنی (e) داین



بۆئەوەی بزانین چۆن دەتوانیین لە نێوان فۆڵدەرەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکەین ئەوا لێرەدا دوو فۆڵدەر لە ناو یەکدا دروست دەکەم وهاتووچۆش دەکەین لە نێوانیاندا بەم جۆرە ، من ئێستا لە پارتێشنی (e) دام بۆیە بۆدروستکردنی فۆڵدەر دەنووسم (md) پاشان یەك بۆشایی و پاشان ناوی فۆڵدەرەکە دواتر ئینتەر بەم جۆرە وەك لەخاڵی یەکەمدا ئاماژەم پێداوە.

ئێستا بۆئەوەی بتوانم بچمە ئەو فۆڵدەرەوە ئەوا دەبێت بنوسم (cd) پاشان یەك بۆشایی و دواتر ناوی ناو فۆڵدەرەکەی پێشوو کە دروستم کرد وەك لەخاڵی دووەمدا ئاماژەم پیداوە .

ئێستا وەك لەخاڵی سێهەمدا دیارە من لەناو ئەو فۆڵدەرەدام کە دروستم کردوە بۆیە دەبێت بۆدروستکردنی فۆڵدەرێکی نوێ لەناو ئەو فۆڵدەرەدا هەمان کاری پێشوو بکەم بۆیە دەنووسم (md) پاشان یەك بۆشایی و دواتر ناوێك کە خۆم مەبەستم بێت پاشان ئینتەر دەکەم .


ئێستا بۆئەوەی بتوانم بچمە ناو ئەو فۆڵدەرەشەوە ئەوا هەمان کاری پێشوو دوبارە دەکەمەوە وەك لەخاڵی چوارەمدا ئاماژەم پێداوە و لەخاڵی پێنجەمدا لەفۆڵدەری مەبەستدام بۆیە لەوێشدا دەتوانم بەئاسانی فایل و فۆڵدەری تر دروستبکەم . سەرنج لەوێنەکە بدە




ئەوکارانەی کە کردمان بەم جۆرەیە لە ڕووبەرە وێنەییەکەدا




ئەگەر من بمەوێت فایلێکی تێکست بکەمەوە یان دروستی بکەم لە دۆسدا ئەوە سەرەتا دەبێت لەو ڕوکارەی دۆسدا بنوسم (Edit) دواتر ڕوی دۆس بەتەواوی وەك ئیدیتەرێکی تێکستی لێ دێت و زۆربەئاسانی دەتوانیت مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت ، سەرنج بدە




کاتێك ئینتەرمانکرد ڕوکاری دۆس دەگۆڕێت وەك لەوێنەکەدا دیارە من چەند نوسینێك لەو بۆشاییەدا دەنوسم و پاشان دەیپارێزم بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا بەم جۆرە کارەکە دەکەم



ئێستا بۆ پاراستنی ئەو نوسینە دەبێت لەتابی فایل بچمە سەر بەشی (Save As) بەم جۆرە




ئێستا ئەم ڕوکارەم بۆدەکریتەوە سەرەتا لەخاڵی یەکەمدا وەك ئاماژەم پێداوە ناوی فایلە تێکستەکە دەنوسم و دواتر لەخاڵی دووەمدا شوێنی پاراستنی دیاری دەکەم دواتر (Ok) دەکەم وەك لەخاڵی سێیەمدا ئاماژەم پێداوە ، بۆدەرچوونیش لەو ڕوکارە هەر لەبەشی فایل (Exit) بکەو دەگەڕێتەوە بۆ ڕوکاری دۆس




دووەم : فرمانی (DIR)

ئەم فرمانە بەکاردەهێنرێت بۆ پیشاندانی ناوەڕۆکی هەر فایل و فۆڵدەرو پارتێشن و درایڤێك زۆر بەوردی هەموو پێکهاتەکانی ئەو بەشە مەبەستەت پیشان دەدات ، ئەگەر من بمەوێت ناوڕۆکی ئەو فایلەم پیشان بدات کە کەمێك پێش ئێستا دروستم کرد ئەوا بەم جۆرە لە دۆس دەنووسم . دەبینین زانیاری لەسەر قەبارەو شوێنی بەتاڵ و ناوی فایلەکەو درایڤەکە بەشێوەیەکی ورد دیاری دەکات سەرنج بدە



سێیەم : فرمانی (CLS)

ئەم فرمانە بەکاردەهێنرێت بۆ پاککردنەوەی ڕوی کاری (DOS) لە کاتێکدا ئەم فرمانە جێ بەجێ دەکەین کە ڕوی دۆس ژمارەیەکی زۆر لە فرمانمان ئاراستە کردبێت و پێویستمان پێ ی نەمابێت ئەوەش بەمەبەستی بەرچاوڕونی بەکارهێنەرە



بۆ ئەو نوسەرە بەڕێزانەی توانای نوسینیان هەیە لە بواری ئایتیدا تکایە ئەم چەند مەرجە لە بەرچاوبگرن لەکاتی ناردنی بابەت بۆمان تابتوانین بڵاوی بکەینەوەو جیگای خۆی بگریت

١- با لە هیچ یانەو ماڵپەڕێکی کوردیدا بڵاو نەکرابێتەوە .

٢- کورت و پوخت بێت و لە دوو لاپەڕە تێپەڕ نەکات .

٣- تێکڕای وشە لە ٨٠٪ بەرەو سەرەوە بێت، وە باشترە کەمترین وێنەی لەگەڵدا بێت.

٤- ڕونکردنەوەی کاری بەرنامە بلاوناکەینەوە بەڵام پیناسەو ڕونکردنەوەی تواناکانی و نهێنیەکانی ئەگەر بەشێوازێکی زانستیانە باسکرابێت بڵاو دەکرێتەوە .

٥- ئەو بابەتانەی چانسی بڵاوکردنەوەیان زیاتر کە نووسەر خۆی بەرهەمی هێنابێت و هیچ سەرچاوەیەکی دەرەکی بەکار نەهێنابێت .

٦- تکایە بە هیچ جۆرێك بابەت بە زنجیرە بڵاو ناکەینەوە مەگەر خۆت زنجیرەیەك فێرکاریت بۆ بەرنامەیەك یان بەرهەمێك ئامادەکردبێت و پاشان هەموویمان بۆ بنێریت ئەوکات دەست دەکەین بە بڵاو کردنەوەی بە زنجیرە .

تکایە بابەتەکانتان بەم ناونیشانانە دەگات بە دەستمان

L4kurd@Live.com
L4kurd@yahoo.com



چۆنیەتی لەکارخستنی تایبەتمەندی
Run as Administrator

ئــەو تایبەتمەندیە نوێیەیە کە لــە ویندۆزی (xp)دا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە ویندۆزی ڤیستاو سیڤندا بە شــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ کەوتەکار ئەم تایبەتمەندیە لــە پێناو پاراســتندا خرایەگەڕو لە کاتــی بەکارهێنانی زۆربەی بەرنامە بنچینەییەکانی ویندۆزدا وەك بۆکسێکی ئاگادارکردنــەوە دێتــە سەرشاشــەو داوای دەســەڵاتی بەڕێوەبەر دەکات بۆ بەگەڕخســتنی ئــەم تایبەتمەندیە ســودێکی ئێجــگار زۆری هەیە بۆ ئــەو کۆمپیوتەرانەی کەچەندکەســێك بەچەند یوزەرێکی جیاواز کاری لەسەر دەکەن ئــەوەش بەمانای پاراســتنی کۆمپیوتەرەکەیە لە مەترســی تێکچــوون و هەروەهــا پاراســتنی نهێنی هەر بەکارهێنەریــك کاتێــك ئاڵوگــۆڕ لە نێــوان یوزەرەکاندا دەکرێت.


ئەگەر چی ئەم هۆکارە باشــترین ئامرازی پاراســتنە بــەڵام کەم تا زۆر بەکارهێنەرانــی بێزارکردوە بۆ نمونە کاتێك بەرنامەیەك بەگەڕ دەخەیت ئەوا داوای دەسەڵاتی بەڕێوەبــەر دەکات یاخــود بەرنامەیــەك دابەزێنیت یان بەرنامەیەك بســڕیتەوە ئەوەش بەمانــای ئەوە دێت کە بەڕێوەبەر تەنها ئەو دەســەڵاتانەی هەیە . لێرەدا باســی ڕێگایەك دەکەم بۆ ئەوەی ئەم تایبەتمەندیە لەکار بخەیت و چیتر داوای ئەو دەســەڵاتە لە هیچ یوزەرێك نەکرێت، بۆ ئەم مەبەســتە سەرەتا کۆنترۆڵ پانێل دەکەینەوە بەم شێوە

Control Panel


پاشــان کلیــك لەســەر (System and Security) وەك ئاماژەم پێداوە



دواتــر لێرەدا کلیك لەســەر (Change User Account Control setting) دەکەین وەك لەوێنەکەدا ئاماژەم پێداوە



ئێســتا ئەوە ئــەو تایبەتمەندیەیە کــە لێرەدا بەگەڕ خــراوە بەهێنانــە خــوارەوەی ئــەو ئامرازە کە دەســت نیشــانم کردوە بــۆ ئەو شــوێنە وەك لەوێنەکەدا دیارەو دواتــر کلیك لەســەر (OK) بە یەکجــاری ڕزگارت دەکات لــەو ئاگادارکردنەوەیە،دواتر دەتوانێت بە ئارەزوی خۆت کارەکە پێچەوانە بکەیتەوە بەهەمان شێوە .



ڕێگایەکی تر بۆئەوەی ئەم تایبەتمەندیە لەکاربخەیت بەم جۆرەیە
run>>Msconfig>>tools
دواتر ئەم ناوە بدۆزەرەوەو کلیکی لەسەر بکە
change UAC Setting
پاشان کلیك لەســەر (Launch) بکە بەهەمان شێوەی وێنەی ســێیەم ئــەو ڕوکارەت بۆ دەکرێتــەوە دەتوانیت گۆڕانکاری مەبەستی تێدا بکەیت.



جۆری ڤایرۆسەکان چین‌و کاریگەریان چییە؟

ڤایرۆس بریتیە لە بەرنامۆچکەیەك بەشـێوەیەکی وا دروست دەکرێت کە بتوانێت خۆی هەڵبواسێت بە بەرنامە ناودارەکان دا ئەوەش بە هۆی ئەوەی توانای ئەوەی هەیە کە گۆڕانکاریەکی سـادە لە فرمانی ئەو بەرنامەدا دەکات و لەگـەڵ پێك هاتەی بەرنامەکەدا خـۆی دەگونجێنێت، فایرۆسـەکان هەندێك جـار بەتەواوی ئـەو بەرنامەیە تێك دەشـکێنن کـە خۆی پێوە هەڵدەواسـێت ئەوەش وا لەبەرنامەی توشبوو دەکات نەتوانێت هیچ یەك لە فرمانە بنەڕەتیەکانی بەجی بهێنێت ، فایرۆسـەکانی کۆمپیوتەر بـەوەدا دەناسـرێنەوە کـە توانـای بڵاوبونەوەیان هەیە ئەوەش بەهۆی گواسـتنەوەی فایلیك لە نێوان ئامێرێکی توشبوو بۆ ئامیرێکی ساغ ، جا ئەو گواستنەوەیە بەهۆی فلاش یان سیدی یان هەر ئامرازێکی گواستنەوەوە بێت .

جۆرەکانی ڤایرۆس چین؟

پۆلێـن کردنـی ڤایـرۆس لەسـەر بنەمای شـێوازی هێرشەکانیان جیا دەکرێنەوە :

جۆری یەکەم (**boot sector virus**) کۆنترین جۆری ڤایرۆسـە کـە بەرهەم هێنـراوە دەبێتە هـۆی تێکدانی سیسـتەمی بەگەڕخەرو بەهەمیشـەیی لە ناو بیرەوەری هاردەکەدا دەمێنێتـەوەو کاتێك کۆمپیوتەر دەکەوێتەکار ئەم جۆرە لە ڤایرۆسـیش لەگەڵیدا چالاك دەبێت دەبێتە هـۆی تێکدانـی دەروازەیـی چوونـە ژورەوەی ویندۆز و بێزارکردنی بەکارهێنەر .

جـۆری دووەم (**file infector virus**) ئـەم جـۆرە لـە ڤایرۆس خـۆی هەڵدەواسـێت بـەو بەرنامانەدا کە دادەبەزێنرێن لە کۆمپیوتەردا و ترسـناکیەکەی لەوەدایە کـە زۆر خیـرا بڵاو دەبێتەوە بە تایبەتـی لەڕێگای ئەو بەرنامانـەی کە فریەو لەڕێگای ئینتەرنێتەوە دادەگیرێن و دادەبەزێنرێت ، لەم ڕێگایەوە بەئاسـانی توشی هەموو بەرنامـە دابەزێنراوەکانـی تـری کۆمپیوتەرەکە دەبێت گۆڕانکاری تەواو ڕودەدات لە فرمانیاندا بەجۆرێك شیاوی بەکارهێنـان نابێت بۆیە بەکارهێنـەر ناچار بەرنامەکە دەسڕێتەوەو دووبارە دایدەبەزێنێتەوە .

جـۆری سـێهەم(**macro viruses**) ئـەم جۆرەیـان فایرۆسـی تایبەتمەندە بـە بەرنامەیەك یـان جۆرێکی دیاریکـراو لـە فایل ، چالاکی ئەم جۆرە ڤایرۆسـە بەوە دەناسـرێتەوە کـە دەبێتـە هـۆی تێکدانـی بەرهەمـی بەرنامەیەك یـان بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ نمونە ئەم

ڤایرۆســە وا دارێــژراوە کار لە فایلەکانــی ئۆفیس بکات یــان بەرهەمی وێرد بکات لەم بارەدا ئەم ڤایرۆســە هیچ کاریگەریەکی لەسەر سیستەمی بەگەڕخەرو بەرنامەکانی تر نیە .



چۆن ڤایرۆس چالاك دەبێت و کاری تێکدەرانە دەکات؟

ڤایــرۆس بەشــێوازێکی نهێنــی دوور لــە بینینــی بەکارهێنەر دەچێتە کۆمپیوتەرو سمارت فۆنەوە هەربۆیە چالاککبونی لەوانەیە کاتێکــی دیاریکراوبێت یان بەهۆی کردارێکــی بەکارهێنەری کۆمپیوتەرەکەوە چالاك ببێت ، ڤایرۆسەکان بەگشتی توانای خۆکۆپیان هەیەو لەماوەیەکی کەمدا چەندین هاوشــێوەی لەبەرخــۆی دەگرێتەوە لەم ماوەیەشــدا بەکارهێنەر بێ ئاگایە لەتوشبوون بەڤایرۆس ئەوەش کارەکە لەسەر بەکارهێنەر قورستر دەکات ئەگەر تێکدانی کۆمپیوتەر یــان بەرنامەکان چەندین جار زیاد دەکات دوای تەواو گەشــەکردنی ، وەك پێشتر باسم کرد ڤایرۆســەکان بــە پێ ی جۆریــان فرمانیــان دیاریکراوە هــەر بۆیــە دوایــی قۆناغــی لەبەرگرتنــەوە بەتەواوی چالاکیەکانی دەســت پێــدەکات ، هەندێك جــار لەدوای گەیشــتن بەژمارەیەکی دیاریکراو لەکۆپــی کراوی خۆی ئینجا ڤایرۆســەکە چالاکیەکانی بەتەواوی ئاشکرا دەبێت لای بەکارهێنــەر لەدوای یەکەم کاری کە ئاشــکرا دەبێت لای بەکارهێنەر ئیتر بەتەواوی ڤایرۆســەکە گەشــتوەتە ژمارەی پێویست بۆ ئەوەی تا ئەوپەڕی توانای بڵاوەبکات فرمانی پێسپێراو بەجێ بگەیەنێت هەندێك جار بەهۆی کاری ڤایرۆســەوە لە ماوەیەکــی پێوانەییدا تەواوی داتاو زانیاریەکانی هارد تێك دەشکێنێت و دەیسرێتەوە ئەوەش ئەگەر ئەوفرمانەی پێسپێرابێت .

مێژوی سەرهەڵدان و پەیدابوونی ڤایرۆس:

میژوی ڤایرۆس دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵانی **1985** بەدواوە لەورۆژەوە بۆیەکەم جار دان بە بونی ڤایرۆس دا نراوە تا ئێستا زیاد لە **60** هەزار ڤایرۆس دروستکراوەو ناسراوەتەوە بەتایبەتی لەساڵانی نەوەدەکاندا بە خراپترین ساڵەکانی دادەنرێت لە ڕوی بەرهەم هێنانی فایلی زیانبەخشــەوە، بــەڵام لەوانەیــە نێو ئەوەندەی ئەو ڕێژەیەش تا ئێســتا دەرك بەکارەکانی نەکرابێت ، ئەوەش ڕاســتیەکی تاڵە کە هیچ کۆمپیوتەرێك نیە پەیوەســت بێت بە ئینتەرنێتەوە کۆمپیوتەرەکەی ڤایرۆســی تێدا نەبێت ، بێگومان هەموو ڤایرۆســێك مەترسیدارەو ئەگەری نانەوەی کێشەی هەیە لە سیستەمدا بەڵام بەهۆی پێش کەوتنی سیستەمەکانەوە کاری هەر ڤایرۆســێك لە سیستەمێك بۆ سیستەمێکی تر جیاوازە ، بۆنمونە ئەو ڤایرۆســەی کەلە ویندۆزی (**XP**) دا سیســتەمی بووتی تێکدەدا لە ســێڤن و ڤێســتادا هیچ کاریگەریەکــی نیە هەر بۆیــە بــەردەوام نوێکردنەوەی سیســتەم و بەکارهێنانــی نوێترینیــان کەمترین گرفتی ڤایرۆست دەبێت .


چەند ڤایرۆسێکی ناودارو زیانەکانیان:

ڤایرۆســی (**melissa virus**) ناوادرتریــن ڤایرۆســی مێژووە کە بۆیەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٩ لە لایەن گەنجێك بەنــاوی (**David L. Smith**) دروســتکراو لەپۆلــی مایکرۆ ڤایرۆســەو ناوی ڤایرۆسەکەش لە بنەڕەتدا ناوی ســەماکارێکی ئەمریکایە،دروستکەری ئەم ڤایرۆسە خۆی هاکەر و پرۆگرامەرە ، کاتێك ئەم ڤایرۆســە بڵاو بووەوە زیانێکی ئیجگار گەورەی مادی داو بەکارهێنەرانی خستە دڵەڕاوکێ وە ئەم ڤایرۆسە لەڕێگای بەرهەمی تێکستەوەو بە تایبەتی بەرهەمەکانی ئۆفیســەوە تەشــەنەی دەکرد، چەند جۆرێکی لەسەر یەکی لەم ڤایرۆسە بەرهەم هێناو ترسناکیەکەشــی لەوەدابوو بەکارهێنەرانی (ئۆتۆلوك) ی دەکردە ئامانج و بێ ئەوەی قوربانیەکە پێ ی بزانێت بە دەیان نامەی لەم ڤایرۆسە لەڕێگای ئیمێڵی قوربانیەکەوە دەنــارد بۆهاوڕێکانــی و ئەوانیش دەبونــە نێچیری ئەم ڤایرۆســە ، لەساڵی **2002** دا دەستگیرا کراو پاش ئەوەی دانی نا بەکردەوەکەیدا بۆ ماوەی **20** مانگ زیندانی کراو بە پێنج هەزار دۆلار غرامەکرا هاوکات لەدوای ئەو سزاوە بۆی نەبوو بێ پرســی دادوەر ئینتەرنێت بەکاربهێنێت .



لەدوای ئەم ڤایرۆسەوە چەندین جۆر ڤایرۆس دروستکران و بەتەواوی ڤایرۆس بوە کێشەی سەرەکی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر وە لەو ڤایرۆسـانەی کە ناوبانگیان پەیداکرد وەك (zip, bubble boy, cih virus, explore love virus) کـە مەترسـیدارترینیان (cih virus) کە دەبـووە هۆی لەناوبردنی تـەواوی داتاکان لە هاردی کۆمپیوتەردا.

چۆن خۆمان بپارێزین لە ڤایرۆس ؟



هیچ کۆمپیوتەرێك نیە بە تەواوی بێ مەترسی بێت تەنانەت ئەگەر بەرزترین ئاستی پارێزگاریشی هەبێت لەبەر ئەوە هەرگیز ناتوانین بڵێین باشـترین هۆکار بۆ پاراسـتن ئەوەیە ، بەڵام چەنـد ڕێگاو هۆکارێك ئەگـەر بگیرێتەبـەر ئەوا لـە 95٪ دەتپارێزێت لە مەترسـی توشـبوون، بۆ نمونـە دابەزاندنی ئەنتی ڤایرۆسێکی چالاککراو نوێکردنەوەی بە هەمیشەیی . پشکنینی هەر فلاش و سیدیەك لە ڕێگای ئەم ئەنتی ڤایرۆسـەوە کاتێك بمانەوێت داتایەکی لێ وەربگرین ، پشـکنینی هـەر هاوپێچێك لە کاتێکـدا لە ڕێگای ئیمێڵـەوە پێمـان دەگات ، دانەبەزاندنی بەرنامە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە بە تایبەتی بەرنامە فریەکان .





ئەنتی ڤایرۆس چۆن پارێزگاری لە کۆمپیوتەر دەکات؟ ئەگەر تۆ بەکارهێنەرێکی ئینتەرنێتی ئەوا تەنها ئەنتی ڤایرۆسـێك بەس نیە بۆ ئـەوەی پارێزگاریت لێ بکات بەڵکـو پێویسـتت بـە (Firewall) زۆر بەتوانا هەیە تـا بتپارێزێت لەهێرشـی هاکـەرەکان و دەبێت ئەنتی ڤایرۆسەکەشـت (AntiVirusSecurity) بێـت ، بەڵام بۆ بەکارهێنەرێکی ئاسـایی دەکرێت تەنها ئەنتی ڤایرۆسـێك دابەزێنێـت و بـەس ، لەبنەڕەتـدا ئەنتی ڤایرۆسەکان خاوەنی داتابەیسێکی بنکە فراوانن و زیاتر لە پەنجا هەزار ڤایرۆس دەناسنەوە و بەردەوامیش بەهۆیی نوێکردنەوەوە ئەم داتابەیسە ڕێژەی ناوی ڤایرۆسەکانی زیاد دەکات چونکە بەردەوام ڤایرۆسی نوێ بەرهەم دێت و ئەو کۆمپانیایانەی کە پاڵپشـتی نوێکردنەوەی ئەنتی ڤایرۆسـەکە دەکەن هەڵدەسـتن بە زیادکردنی توانا بۆ ئەنتی ڤایرۆسـەکە تابتوانێت بەئاسـانی ئەو ڤایرۆسە تازانـەش لەناوبەرێت ، ڕێگای ناسـینەوەی ڤایرۆس لە لایەن ئەنتی ڤایرۆسـەوە ڕێگایەکـی وردو ڕێك و پێکە چونکە هەر بەرنامەیەك شـێوازی دابەزاندنی و کرداری دیاریکـراوە ناکرێت لە کاتی بەکارهێنانی بەرنامەیەکدا هەر لە خۆڕا توانەیەکی ئەفسوناوی بۆزیاد ببێت ئەمەش گرنگترین جیاکەرەوەی ڤایرۆسە لە بەرنامەکان چونکە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا ڤایرۆس لە کاتێکی دیاریکراودا فرمانێـك بەجێ دەهێنێت و دەسـت دەکات بەخۆکۆپی کـردن ئـەوەش گرنگترین جیاکـەرەوەی بەرنامەیە لە ڤایرۆس و هەربۆیە لە ڕێگای ئەنتی ڤایرۆسەکەوە لەکار دەخرێـت و لە چالاکی دەخرێت چونکـە بەرنامەکانی کۆمپیوتـەر نەخۆیـان کۆپی دەکەنەوەو نـە فرمانێکی جیـاواز لـە و فرمانەی کە بـۆی دروسـتکراوە بەجێ دەهێنن.



دیواری ئاگرین چیه؟ بۆچی بەکاردێت؟

بەربەستێکە بەهۆی سۆفتوێرێکەوە دروست دەبێت و فرمانــی پارێزگاری کردنــە وە دیوارێکە لە نێوان چەند ئامێرێکــی جیاوازدا کــە لە تۆڕێکدا پێکەوە پەیوەســت کراین وەك تۆڕی ئینتەرنێت .

مێژووی ســەرهەڵدانی یەکەم جــۆری دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایــی ســاڵانی هەشــتاکان و چونکە بۆیەکــەم جار لە ساڵی 1988 خرایە پرۆژەی کارەوە بریتی بوو لە جۆرێك فلتەرکردن، بەڵام دواترو لە ساڵی 1994 ئەم تەکنەلۆژیایە لەژێر ناوی (FireWall-1) خرایە بەردەست بەکارهێنەران ، دیواری ئاگرین جیاواز لە هەر ســۆفتوێرێك پێویســتە لە هەموو کۆمپیوتەرێکدا هەبێت هەر ئەمەش وایکردوە سیســتەمەکانی مایکرۆســۆفت خــۆی ســاڵانە نوێترین تەکنەلۆژیا لەم بەرهەمە لەگەڵ ویندۆزەکانیدا دادەنێت و لەگەڵ سیستەمدا دادەبەزێت ، دیواری ئاگرین مەرجێکی بنەڕەتیــە کە ببێــت لەهەموو ئــەو کۆمپیوتەرانەدا کە پەیوەستن بە تۆڕێکەوە وەك تۆڕی ئینتەرنێت .

دیواری ئاگرین وەك بەربەستێك وایە لە نێوان ئامێرێك لەگــەڵ تۆڕێك و ئامێرێکی تردا ئەم دیوارە ڕێ دەدات بە تۆ کــە بچیتە تۆڕەکانەوە هاوکات لەم جیهانی تۆڕەشــدا بەهــەزاران ئامێری وەك ئەوەی تــۆی تێدایە ، هەر بۆیە ئەم دیــوارەی کە لەزۆبەی ویندۆزەکاندا هەیە پارێزگاری لــە ئامێــرەکان دەکات کە پەیوەســت بوون بــەم تۆڕەوە ناکرێــت هیچ کەســێك بێ ڕەزامەندی خــۆت بچێتە ناو سیستەمەکەوە ئەمە لە ئاستی کۆمپیوتەری تاکەکەسیدا.

زۆرجــار ئەم کارە بەهــۆی ژمارەی (IP) ناســنامەی کۆمپیوتــەرەوە فلتەر دەکرێت و جگە لەچەند ئاییەکی دیاریکراو هیچ ئامێرێکی تر ناتوانێت بچێتە ئەم تۆڕەوە ئەمــەش ســودی و گرنگــی لــە دەزگاو دامەزراوەکانــدا دەردەکەوێــت لە پێنــاو پاراســتنی تایبەتمەندێتی هەر دامەزراوەیەکــدا کــە پێشــتر بــە هۆی ســۆفتوێرێکەوە کۆمپیوتەرەکان دەناسێنرێن بە تۆڕەکەو ناکرێت جگە لە کۆمپیوتەرە ناسێنراوەکان هیچ کۆمپیوتەرێکی تر بچێتە تۆڕی ناو براوەوە .

دیــواری ئاگرین لەئاســتی ســنوری جوگرافیادا بەم جۆرەیــە لە وڵاتە پێشــکەوتوەکاندا بە هــۆی دەوڵەتەوە کۆمەڵێك یاســایی بۆ دارێــژراوە و تــەواوی ماڵپەڕەکان فلتەردەکرێت و هەندێك جار بەسەدان ماڵپەڕی نایاسایی لــە ڕێگای ئەم دیــوارەوە قەدەغەدەکرێــت و ناکرێن لە وڵاتێکەوە کە فلتەرکرابێت ئەو وێب ســایتانە بکرێتەوە ئەم کارەش بە شــێوەیەکی زانستی و بە پاڵپشتی تەواوی کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاری تۆڕەکان دەکرێت .

دیواری ئاگرین کاری سەرەکی پارێزگاری کردنە لەبەر ئەوەی ئەرکیکی گرنگی لەسەر شانە دەبێت زۆر بە وریایی و بەو پەڕی باشــیەوە ئامادەکاری بۆبکرێت و هەمیشــە نوێ بکرێتەوە ، ئەگەرچی لە ئێســتادا بەســەدان جۆری سۆفت وێر تایبەت بەم بوارە دروستکراون بەڵام هەمیشە ئەو بەرنامەی کەلەگەڵ سیستەمدا دادەبەزێت باشترینەو دەبێت زوو زوو نــوێ بکرێتەوە ، چونکە زۆرجار ئەنتی ڤایرۆس توانای بەرگریکردنی لە پۆرتەکان نیەو ناتوانێت ئــاگاداری هاتنە ژوورەوەی کەســانی بێ مۆڵــەت بێت بۆ ئامێرەکــەت هەروەها (FireWall) هیــچ پەیوەندیەکی بە ئەنتــی ڤایرۆســەوە نیەو خۆی ســەربەخۆ کاردەکات وە لە چالاکی یەکتر کەم ناکەنەوە ، لە ئێستاشــدا بەشــێك لــەو دژە ڤایرۆســانەی بەرهەم دەهێنرێــت خۆیان ئەم تایبەتمەندیەیان هەیــە و بەتەواوی کۆمپیوتەرەکەت لە مەترسی هاککردن دەپارێزن .



یاری


Project IGI 2 Covert Strike

خوێنەرانی بەڕێز یاری (Project IGI 2 Covert Strike.vol1) یارییەکی ئەکشنەو یەکێکە لە یارییە ناودارەکان بەکارهێنەرێکی باشی هەیە لە ئاستی جیهاندا کۆمپانیای بەرهەم هێنەری ئەم یارییە تائێستا دوو ڤێرژنی لێ بەرهەم هێناوە ، کاردەکات لەسەر پلەیستەیشن و کۆمپیوتەر. یاری (Project IGI 2Covert Strike) یارییەکی ستراتیجیەو فیکرەی یارییەکە باسی ئەرکێك دەکات کە بە کەسێك سپێرراوە . لەبەر ئەوەی یارییەکە باس لە عەمەلیەکی نهێنی دەکات بۆیە دەبێت کەسی بەکارهێنەر زۆر وریابێت و دەبێت زۆر بەنهێنی کردارەکە ئەنجام بدات ، ئەوەی لێرەدا گرنگە باسکردنی چۆنیەتی دابەزاندنی یارییەکەیە چونکە هەر یارییەك کۆمەڵێك نهێنی تێدایە بۆ ئەوەی بتوانیت سەرکەوتن بەدەست بهێنیت خۆشتر وایە ئەو نهێنیانە کەسی بەکارهێنەر خۆی بیدۆزێتەوە ،جۆری چەکەکان لەسەرەتادا تەنها سێدانەیەو پاش ئەوە لەڕوبەڕوبونەوەکاندا دەتوانیت زیادی بکەیت ، وە ئەو دوگمانەی لەسەر کیبۆرد زۆرترین جار دەبێت بەکاربهێنرێت دوگمەکانی (D,S,A,W) هەروەها (Insert&Delete) کەئەمانە زۆرگرنگن بۆشێوازی شەڕکردن واتەکردارەکانی هەستانەوەو دانیشتن ماوسیش دەوری ئاراستەکردن و تەقەکردن دەبینێت ، وە لەسەر زۆربەی کۆمپیوتەرەکان کاردەکات پێویستی بە تایبەتمەندی زۆر نیە .


یارییەکە لە فایلێك دا بۆم کردوون بە سێتەپ سەرەتا دەبێ کلیك لەسەر ئەو سێتەپە بکە . بڕوانە وێنەی ژمارە (١)




ئێستا ئەم ڕوکارەت بۆ دەکرێتەوە تۆدەتوانیت شوێنی دابەزاندنەکە بگۆڕیت وەئەگەر نەیگۆڕیت ئاساییە تەنها کلیك لەسەر (Install) بکەو کەمێك چاوەڕوانبە . بڕوانە وێنەی ژمارە (٢)




ئێســتابڕۆ بــۆ پارتێشــنی ((C:/ و بیکــەرەوە وەك دەبینین ئەم فۆڵدەرە دروســت بووە دەبڵ کلیکی لەســەر بکە . بڕوانە وێنەی ژمارە (٣)



ئەم یاریــە کاتێك لە فایلە ســێتەپەکەی یەکەم جار دەرمــان هێنا قەبارەکەی نزیکــەی (180) مێگایە بەڵام لەبەر ئەوەی بە شــێوەیەکی زیرەکانە پەســتێنراوە پاش ئەوەی بەتەواوی ئینســتۆڵ دەکرێــت قەبارەکەی دەبێت بە (1.35 GB) ئێستا پاش ئەوەی فۆڵدەرەکەت کردەوە ئەم ڕوکارەت بۆ دەکرێتەوە تۆش دەبڵ کلیك بکە لەسەر (setup) . بڕوانە وێنەی ژمارە (٤)




پاشان لەڕوکارێکی ڕەشدا چەند زانیاریەکی تێدایە کە واپێویســت دەکات بۆ بەردەوامبون کلیك لەســەر ئینتەر یــان هەر دوگمەیەکــی تربکەین چونکە دەســت داگرتن لەســەر هەر دوگمەیەك لەم قۆناغەدا بەمانای ڕازیبوون دێت ســەرنج بدەن من ئێســتا ئینتەرم کردوە بەم شێوە دەبینین یاریەکە لە قۆناغی ســێتەپبووندایە سەرنج لە وێنەی ژمارە (٥) بدە .




پەلە مەکە تا چەند جارێك ئەو ژمارەیەی بەلاکێشــە شــینەکە ئاماژەم پێداوە دەگات بە١٠٠٪ خێرای دابەزاندن پەیوەســتە بە خێرایی کۆمپیوتەرەکەوە بەڵام بەگشــتی یاریەکــە ئــاگادارت دەکاتــەوە کە دەبێــت (٣٠) خولەك چاوەڕوان بیت .

پاش ئەوەی یاریەکە تەواو ســێتەپ بوو ئێستا هەمان فۆڵدەری بەرنامەکە بکەرەوە دەبینین فۆڵدەرێکی تر زیاد بــوە بــە ناوی (PC) تــۆش بە دەبڵ کلیــك بیکەرەوە . بڕوانە وێنەی ژمارە (٦)



ئێســتا کاتێــك دەیکەینەوە دەبینیــن کۆمەڵێکی زۆر فایل و فۆڵدەری تێدایە تۆ بۆ یاریکردن پێویســتە دەبڵ کلیك لەســەر ئەو ئایکۆنە بکەیت کە ئاماژەم پێداوە یان بە شــێوەی شۆرکات دەتوانیت لەســەر دیسکۆپ پەیستی بکەیتــەوە بۆ ئەوەی بەئاســانی دەســتت پــێ ی بگات . بڕوانە وێنەی ژمارە (٧)





لەناو سیدی گۆڤارەکەدا یارییەکە بە دیاری وەربگرە



Shutdown

ئەگەر باسێکی بازاڕی ڕاگەیاندن بکەین دەکەوینە ناوگێژاوێك لە درۆ و پڕوپاگەندە کە هەندێك جار پێم وایە تاوانێکی گەورەیە کە سینگی پەڕەی سپی بە قەڵەمە ڕەشە ژەهراویەکان پیس کراوە من ناڵێم دەست هەڵگرن چونکە دور نیە ئەوە تاکە شت بێت کەلەدەستی بێت دژ بەم ئەزموونەی ئێستامان پێ ی بکرێت و ڕەنگاو ڕەنگی مێژو ئایندەمان بۆ ڕەش و سپی بگۆڕێت و بەم کارەشی پارەی مۆڵ ژێربەژێر وەربگرێت و دانیشتنی سەرمێزی شەوانی مەستی پێ بڕازێنێتەوە بەڵام دەڵێم ئێوەی خوێنەر بڕیار بدەن و باکەمێك دوربین لەو غەم ساردیە لەتەواوی بوارەکاندا خۆمان بەرینە پێش بەسە چیتر با ئەو کلتورە لە گۆڕبنێین و پێکەوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەنگاو هەڵهێنین لایەنی کەم با بواری ئایتیمان لەشانی بوارەکانی تربێت و چیتر سیاسیە دەرون نەخۆشەکان یاری بەتواناکانمان نەکەن و لەم بوارەدا بەرەو بەتواناکانمان بدەین جیگا دەستی خۆمان بۆ مێژوو دیاریبکەین.

فێرخوازانی بەڕێز لەڕاستیدا دەرکردنی گۆڤارێك کارێکی گرانەو تەنها لە توانای حکومەتدا یان کۆمپانیایەکی تایبەت بەم بوارەوە هەیە جۆرێك لەم کارە بکەن یاخود دەبێت گروپێکی بەهێزو دڵسۆز بن ئەگەرنا هەر زوو ئەم بەرهەمە لەبار دەچێت ، ئێمە لە ئێستادا بانگەشەی دەرکردنی ئەم گۆڤارە دەکەین بەڵام ناتوانین بەڵین بدەین کە بەردەوام بین چونکە کارەکە قورسەو لەخۆبردوی لە ڕادەبەدەری دەوێت ئێمەش ئەمە کاری سەرەکیمان نیە بەڵکو لە دڵسۆزیمان بۆ وڵاتەکەمان ئەم کارەمان هەڵبژاردوە هیواداریشم ئێوە هاوکارمان بن و بەژداربن لەم پرۆژەدا، گۆڤاری فێرکاری کوردی گۆڤارێکی فریەو بێ بەرامبەر لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڵاو دەکرێتەوە بیرۆکەی گۆڤارەکە لەدوای ڕاوەستانی گۆڤاری کورد کۆمپیوتەرەوە سەرچاوەی گرتەوە کە خۆم یەکێك بووم لەو کەسانەی کە پاڵپشت و نووسەری بووم بۆیە ساڵێکی تەواوە کار بۆ ئەم پرۆژەیە دەکەم و لە ئێستادا بە هاوکاری هاوڕێ ی ئازیزم کاك قەیدار بەم قۆناغە گەیشتین ، پاش ئەوەی ماڵپەڕی سەرچاوەی فێرکاری کوردیمان کردەوە بیرمان لەوە کردەوە کە شتێکی نمونەیی بهێنینە ئاراوە کە جێگای خۆی بگرێت و بتوانین کەلێنێکی پێ پڕ بکەینەوە وە جیاواز بیت لە هەر ماڵپەڕو یانەیەك هەر بۆیە بڕیارماندا بە دەرکردنی گۆڤارێکی ئەلیکترۆنی وەرزی تایبەت بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان و بابەتەکانیشی جیاوازبێت لە بابەتەکانی ماڵپەڕەکە وە بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە وەك دەبینن کارەکەمان گەیاندە ئەم قۆناغەو ئێستا ژمارە یەکیمان بڵاوکردوەتەوەو ئامادەکاری تەواویشمان بۆ ژمارەی داهاتوو کردوە.

ئەوەندەی من ئاگاداربم گۆڤاری فێرکاری تایبەت بە ئایتی لە ئێستادا بوونی نەماوە لە بازاڕەکانی کوردستاندا بەداخەوە ئەوانەی ساڵانێك بوو لەم بوارەدا پێشەنگ بوون ئێستا ناسنامەیان ونە هەرلێرەشەوە دەمەوێت دەستخۆشی لە لەهەر بەڕێزێك بکەم کە ڕۆژگارێك لەم بوارەدا کاری کردوە ، ئەگەر چی بەدەیان دامەزراوەی ئایتی هەیە بەڵام زۆر سەرسامم کە بەهۆی کەم توانایی و بێ ئەزمونیان ناتوانن تەنانەت ماڵپەڕەکانیشیان نوێ بکەنەوە .

ئەم پرۆژەیە ئێمە وەك گەنج دروستمان کردوە ئێوەش وەك فێرخواز وەك نوسەر دەبێت پاڵپشت بن و دڵنیابن دورین لە دەستی حیزب و لایەنێکی دیایکراو و سەربەخۆین هیچ کەسیك مافی ئەوەی نیە خۆی بەخاوەنی بزانێت و هی هەمووانە ئەمڕۆ من لێرەوە ژمارە یەکی بڵاو دەکەمەوە سبەینێ تۆ دەبێت ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگریت ، ئێمە شانازی دەکەین بەوەی دەتوانین بنوسن لەم بوارەدا تەمەناش دەکەم ئەم گۆڤارە قوتابخانەیەك بێت بۆ ئەو بەرێزەکانەی کە لەم بوارەدا دەیانەوێت بنوسن بەڵام ترسیان لە پێنوس هەیە.

بابەتەکان لەم گۆڤارەدا بە زمانێکی سادە نوسراوەو دورە لە ئاڵۆزی هاوکات بۆ هەر سێ جۆر لە بەکارهێنەران گونجاوە واتە ئاستی سەرەتایی و ناوەندی و پێشکەوتوو نەهاتوین جۆرێکی تایبەت لە خوێنەر بکەین بە ئامانج بەڵام هەوڵمان داوە بابەتەکان فرەیی بن وزۆربەی لایەنەکانی ئایتی بگرێتەوە ، لەم گۆڤارەدا زیاتر پشتمان بە ڕونکردنەوەی ئەو بەرنامانە بەستوە کە لەسەر سیستەمەکانی مایکرۆسۆفت کاردەکەن چونکە ئێمە دەزانین ئەمە بڵاوترینە لە وڵاتی خۆماندا هیواخوازم لە ئایندەدا بتوانین هەر سیستەمێك بۆخۆی بە جیاواز گۆڤاری فێرکاری لەسەر بڵاو بکەینەوەو ڕونکردنەوەی پێویستی لەسەر بکەین .

وە بۆ بەرچاو ڕونی ئێوەی بەڕێز لە ژمارەی ئایندوە بە یەکجاری فێرکاری بەرنامەکان ڕادەگرین و چیتر بابەتی کورت لەسەر بەرنامەکان بڵاوناکەینەوە بەڵکو تەنها پیناسەیەك بۆ هەر بەرنامەیەك یاخود ناساندنی هەر ڤێژنێك و پیشاندانی لایەنە شاراوەکانی دەکەن بە ئامانج ، چونکە بەڕاستی ناکرێت لە چەند پەڕەیەکدا تەواوی لایەنەکانی بەرنامەیەك باس بکەین ، وەلەبەر ئەوەی سەرلەفێرخواز نەشێوێت ئێمە هەوڵ دەدەین هەر بەرنامەیەك بۆخۆی بەسەربەخۆ لە پەرتوکێکدا باس بکەین و چیتر پەنا نابەینە بەر دوو پەڕە بۆ ڕونکردنەوەی کاری بەرنامەیەك ئەمەش هەنگاو نانە بەرەو زیاتر زانستی بوونی گۆڤارەکەمان دەست ڕاهێنانی فێرخوازە بو نوسینی درێژ لە بواری ئایتیدا هاوکارمان بن نیشانەی ڕۆشنبیری ئێوەیەو بەردەوامی ئێمەیە پێکەوە دەتوانین مێژوو بنوسینەوە بۆیە تکامان وایە لەم بەرپرسیارێتیە خۆتان بەدوور نەگرن.

The Source of Kurdish Tutorial
An independent IT specialized Magazine
No: 1 - 2013 Winter
4kurd